کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦




## ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



## حەقدەستەکان هەرساڵ زیاد دەکەن، بەڵام ژیان بەردەوام دژوارتر و سفرەکان بچووکتر دەبنەوە!

ل ٢



## دیپلۆماسیی مانەوە، کۆماری ئیسلامی و وەهمی مانۆڕدان لە نێوان زلهێزەکاندا

ل ٣



## لە یادی بۆمبارانی شیمیایی مەقەڕەکانی ناوەندیی کۆمەڵە دا لە لایەن ڕژیمی عیراقەوە

ل ٤

ساڵیادی داگیرکردنی بەرلین، یادێک لە قوربانیانی شەڕی دژی فاشیزم و وانەیەک بۆ ئەمڕۆ ل ٤
قەیرانی ئاو لە ئێرانی دوای شەڕ ل ٥
تاوانکاریی ڕژێم و ئیرادەی جەماوەر ل ٥
نان گران بوو، سفرەکان خاڵیتر لە هەمیشە ل ٦
بارودۆخی سیاسیی ئێستا و ئەرکەکانی ئێمە ل ٧
سێدارە چەکێکی ژەنگاوی و کوردستان سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان - ن: ئازاد ل ٨
"با گوڵە بێتەوە لە کانی" ن: سەلام قادری ل ١٥

## سەروتار

# مەترسیی دەستپێکردنەوەی شەڕ و سێبەری وێرانکاری بەسەر ژیانی

بنبەستی دانوستانەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بە نێوەندگیریی پاکستان، جارێکی دیکە مەترسیی گەڕانەوەی شەڕی کردووەتە یەکێک لە جیدیترین نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و ناوچەکە. ئەو ڕاپۆرتانەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە، لەوانەش ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی «نیویۆرک تایمز» لە زاری چەند بەرپرسێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، باس لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی پێکدادانەکان دەکەن. هاوکات بەرپرسانی ئیسرائیلیش ڕایانگەیاندووە کە خۆیان بۆ خولێکی نوێی شەڕ ئامادە دەکەن. ئەم هۆشدارییانە ناتوانرێت تەنها وەک هەڕەشەی پڕوپاگەندەیی یان بەشێک لە شەڕی دەروونی سەیر بکرێن. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە هەمیشە کاتێک دیپلۆماسی دەگاتە بنبەست و ئەکتەرە سەرەکییەکان دەگەڕێنەوە سەر زمانی هەڕەشە، مەترسیی شەڕ زیاتر دەبێت.

ئەوەی ئەمجارە دۆخەکە مەترسیدارتر دەکات، تەنها ئەگەری هێرشی سەربازی نییە، بەڵکوو جۆری ئەو هێرشەیە کە باسی لێوە دەکرێت. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییەی ئامادەکاریی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەگەری هێرشەکان، باس لە «بۆردومانی چڕی ژێرخانەکان» دەکەن. ژێرخان واتە کارەبا، ئاو، پاڵاوگە، پەیوەندییەکان، پرد، ڕێگاوبان، نەخۆشخانە، تۆڕی گواستنەوە، کۆگاکانی سووتەمەنی و ناوەندەکانی پەیوەندی. بە زمانێکی سادەتر، ژێرخان واتە ئەو بنەمایانەی کە ژیانی ڕۆژانەی نەوەد ملیۆن مرۆڤیان لەسەر بنیادنراوە. کەواتە ئەگەر شەڕێکی لەو شێوەیە دەست پێبکات، ژیانی ئاسایی خەڵکی ئێران ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی لێکەوتەکانیەوە.

یەکەمین و دەستبەجێترین لێکەوتەی هێرشکردنە سەر ژێرخانەکانی ئێران، بەریتی دەبێت لە داڕمان یان تێکچوونی ئێجگار زۆری تۆڕی کارەبا. ئێران ساڵانێکە بەدەست کەمیی کارەبا، کۆنبوونی تۆڕ و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا، کەمبوونەوەی وەبەرهێنان و بڕانی بەردەوامی کارەباوە دەناڵێنێت. لە زۆرێک لە شارەکان، بڕانی کارەبا بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بووەتە بابەتێکی ئاسایی. بەم حاڵەوە، ئەگەر وێستگەکان، پۆستەکانی کارەبا و هێڵەکانی گواستنەوەش بکرێنە ئامانج، بە مانای ڕاستەقینەی وشە کارەسات ڕوو دەدات. ئامێرەکانی شۆردنی گورچیلە (دیالیز) لەکار دەکەون، ژوورەکانی نەشتەرگەری ڕادەوەستن، سیستەمەکانی گەیاندنی ئۆکسیژن تێکدەچن و ئەو ساردکەرەوانەی کە دەرمانی زۆر سەرەکی و پێویستی وەک ئەنسۆلین و واکسینیان تێدا ڕادەگیرێت، بە تەواوی لەکار دەکەون.

ئەزموونی عێراق لە ساڵی ١٩٩١، یوگۆسلاوی لە ١٩٩٩ و لوبنان لە ٢٠٠٦ نیشانی داوە کە هێرشکردنە سەر تۆڕی کارەبا، هێرشە بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی. لە ئاوا دۆخێکدا، گیانلەدەستدانی ناڕاستەوخۆ، زۆرجار لە قوربانیانی ڕاستەوخۆی بۆردومانەکان زیاتر دەبێت. منداڵێک کە بەهۆی نەبوونی کارەباوە لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات، نەخۆشێک کە دەرمانەکەی خراپ دەبێت و بەتەمەنێک کە لە سەرما یان گەرمادا بێ ئیمکانیات دەمێنێتەوە، هەموویان لە زومرەی قوربانیانی شەڕن، تەنانەت ئەگەر ناویشیان هەرگیز لە ئامارە فەرمییەکانی کوژراواندا نەنوسرێت.

قەیرانی ئاویش دەستبەجێ بەدوای قەیرانی کارەبادا دێت. ئێران وڵاتێکی نیمچە وشکە و لە زۆر ناوچەدا، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بەستراوەتەوە بە دامەزراوەکانی پۆمپاژکردن، پاڵاوگەکانی ئاو، بەنداوەکان و تۆڕەکانی گواستنەوە، ئەو دامەزراوانەی کە خۆیان پێویستیان بە کارەبایە. لەکارکەوتنی ئەم تۆڕانە واتە کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان، تێکچوونی تەندروستی گشتی و زیادبوونی گوشار لەسەر سیستمی دەرمانی. لە شارە گەورەکان، بڕانی درێژخایەنی ئاو دەکرێت کارەساتێکی مرۆیی لێ بکەوێتەوە.

ئەم قەیرانە لە دۆخێکدا ڕوو دەدات کە سزا و گەمارۆ درێژخایەنەکان، پێشتر کۆگاکانی دەرمان، پێداویستییە پزیشکییەکان و توانای بونیادنانەوەی ئێرانیان لاواز کردووە. زۆرێک لە نەخۆشخانەکان بەدەست کەمیی دەرمان، ئامێری کۆن و پرتووکاو، کۆچی کادیرانی پزیشکی و کەمیی بودجەوە دەناڵێنن. شەڕ، سیستمێکی ئاوا نەک هەر دەخاتە ژێر گوشارەوە، بەڵکوو دەیباتە لێواری داڕمان.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦

## درێژەی سەروتار

هێرشکردنە سەر پاڵاوگەکان و ژێرخانە نەوتییەکانیش دەرهاوێشتەی زۆر بەربڵاوتری لە مەیدانی نیزامیی دەبێت. ئابووریی ئێران، سەرەڕای هەموو بانگەشەکان دەربارەی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت، هێشتاش بەستراوەتەوە بە داهاتەکانی نەوت و وزەوە. ئەگەر پاڵاوگەکان، ترمیناڵەکانی هەناردەکردن، هێڵەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی یان دامەزراوەکانی گاز بکرێنە ئامانج، داهاتی حکومەت کە پێشتریش سنووردار و دارماو بوو، دەکرێت بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکات یان لە هەندێک بەشدا بەتەواوی ڕابوەستێت. ئەنجامەکەشی بریتی دەبێت لە کەمبوونەوەی توانای هاوردەکردنی کاڵا سەرەکییەکان، کەمیی سووتەمەنی، تێکچوونی سیستەمی هاتوچۆ، بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و پەرەسەندنی هەرچی زیاتری هەڵاوسان. لە وڵاتێکدا کە خەڵکەکەی هەر ئەمڕۆش بەدەست نرخی سەرسوڕهێنەری نان، گۆشت، مریشک، هێلکە، بەرهەمە شیرەمەنییەکان و دەرمانەوە دەناڵێنن، شەڕ دەکرێت ژیانی ملیۆنان کەس لەگەڵ برسییەتی لەڕادەبەدەر و دۆخی بێدەسەڵاتی بەرەوڕوو دەکاتەوە.

ڕەهەندە ناوچەییەکانی شەڕەکەش جێگەی نیگەرانین. لەو ڕاپۆرتانەی کە دەربارەی شەڕی ٤٠ ڕۆژە بڵاوکراونەتەوە، باس لە بەشداریکردن یان هاوکاریی عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات لە بۆردومانکردنی پێگەکانی کۆماری ئیسلامیدا کراوە. ئەگەر لە خولی نوێی ململانێکاندا، کۆماری ئیسلامی موشەک ئاراستەی ئەم وڵاتانە بکات، ئەوانیش وەک چۆن هۆشدارییان داوە، پێدەچێت پەرچەکرداریان هەبێت. لە دۆخێکی ئاوادا، شەڕ دەکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل تێپەڕێت و ببێت بە شەڕێکی بەربڵاوی ناوچەیی.

نموونە مێژووییەکان لەم بوارەدا زۆرن: عێراق دوای شەڕی ٢٠٠٣، سەرەڕای ئامادەیی بەربڵاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خەرجکردنی ملیاران دۆلار، زیاتر لە دوو دەیە لەژێر باری بونیادنانەوەی ژێرخانە سەرەتاییەکانی خۆیدا مایەوە و هێشتاش ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە بەخۆیەوە دەبینێت. لیبی لە دوای ٢٠١١ەوە هێشتاش گیرۆدەی ناسەقامگیری، دارمانی دامەزراوەکان و ململانێی هێزە چەکدارەکانە. ئەزموونی ئەم وڵاتانە نیشانی دەدات کە وێرانکردنی ژێرخانەکان لە چەند هەفتەیەکدا دەکرێت، بەڵام بونیادنانەوەیان زۆرجار نەوەیەکی تەواوی دەوێت. بە دڵنیاییەوە ئێران لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە ئابوورییەکی سزادراو، پێکهاتەیەکی سیاسی داخراو، گەندەڵی بەربڵاو و کەلێنە قووڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ناتوانێت دوای شەڕێکی وێرانکەر بە خێرایی پشتی لەژێر داروپەردودا، ڕاست بکاتەوە. زیانی خەڵک لە هەردوو سەرەوەیە، هەم ڕژێم هێشتا لەسەر کارە و هەم ژیانی خەڵکیش فەوتاوە.

لە بەرامبەر کارەساتێکی ئاوادا، بێدەنگی و تەماشاکردن مەترسیدارە. بزووتنەوەی ئاشتی نێودەوڵەتی دەبێت چالاکانە گشار بخاتە سەر لایەنەکان بۆ ئەوەی دەست لە سیاستە زیادەڕۆییەکان، هەڕەشەی سەربازی و داواکارییە بێ سنوورەکان هەڵگرن و ڕێگەچارەی دیپلۆماسی بە جیدی وەربگرن. ڕێگریکردن لە شەڕ بە واتای بەرگریکردن لە کۆماری ئیسلامی نییە، هەروەک چۆن خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیش نابێت ببێت بە پشتگیریکردن لە بۆردومانکردنی ئێران. دەکرێت و دەبێت هاوکات لەدژی سەرکوتکاری، سەرکێشی و سیاستە وێرانکەرەکانی حکومەتی ئێران بوەستینەوە و لە هەمان کاتدا، دژی شەڕیش ڕابوەستین. قوربانیی هەردوولا، خەڵکی ئێرانن.

خەڵکی ئێرانیش نابێت تەماشاکەری ڕوودانی کارەساتێک بن کە ئەمجارە ڕاستەوخۆ بنەمای ژیانی ئەوان دەکاتە ئامانج. شەڕێک کە ژێرخانەکان وێران بکات، تەنها حکومەت لاواز ناکات، بەڵکوو کۆمەڵگە بریندار، هەژار، نەخۆش و بێ داهاتوو دەکات. نەخۆشخانەیەکی کە بۆردومان دەکرێت یان بێ کارەبا دەبێت، موڵکی حکومەت نییە، موڵکی خەڵکە. تۆڕێکی ئاو کاتێک لەکار دەکەوێت، ئاوی ماڵانی خەڵک دەبڕێت. پاڵاوگەیەکی کە دەسوتێت، گرانی و بێکاری و کەمیی پێداویستییەکان بەسەر ژیانی خەڵکدا دەسەپێنێت.

ڕێگەچارە، بریتییە لە گەڕانەوەی دەستبەجێ بۆ دیپلۆماسی، ڕاگرتنی هەڕەشە سەربازییەکان، واژۆکردنی ڕێککەوتنێک بۆ ڕێگریکردن لە شەڕ و گوشاری ڕێکخراوی ڕای گشتیی لەدژی هەموو ئەو لایەنانەی کە وڵات بەرەو لێواری هەڵدێر دەبەن. خەڵکی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستیان بە ئاشتی، ئازادی، بونیادنانەوە و ژیان هەیە، نەک بە شەڕێکی نوێی کە داروپەردووەکەی بەر لە هەموو کەس بەسەر جەماوەری خەڵکدا دەڕوخێت.

********

# ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران




بەمجۆرە بە ئاگاداریتان دەگەیەنین کە پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕۆژی شەممە ١٢ی گوڵانی ١٤٠٥، بەرامبەر لەگەڵ ٢ی ئایاری ٢٠٢٦، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها ژمارەیەک لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزب کە وەک چاودێر بانگهێشت کرابوون، بەڕێوەچوو.
پلینۆم بە سروودی ئەنتەرناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی پێکرد.
دەستووری کاری پلینۆم بریتی بوو لە:
١. ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتیی کۆمیتەی ئیجرایی حیزب بە پلینۆم.
٢. تاوتوێکردنی چەند بڕیار و پەسەندکراوی ناوخۆیی حیزب.
٣. دابەشکردنی کار و ئەرکەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب.
ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ئیجرایی، دوای لەبەرچاوگرتن و گونجاندنی تێبینییەکانی هاوڕێیانی بەشداربووی پلینۆم، وەک بەڵگەنامەیەکی حیزبی کە بنەمای کار و ئەرکەکانمان دەبێت تا پلینۆمی داهاتوو، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا. ئەم ڕاپۆرتە دواتر لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو دەکرێتەوە.
پلینۆم لە دوایین بەشی کارەکانیدا، هاوڕێیان: سەروە ناسری، ئیبراهیم عەلیزادە، فەرشید غەفارنژاد، فەرەیدوون نازری و ئەسعەد ڕۆستەمی، وەک کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەستنیشان کرد.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٢ی گوڵانی ١٤٠٥**

**٢ی ئایاری ٢٠٢٦**

********

# حەقدەستەکان هەرساڵ زیاد دەکەن، بەڵام ژیان بەردەوام دژوارتر و سفرەکان بچووکتر دەبنەوە!



دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٥، جارێکی دیکە پرسی بژێویی کرێکارانی کردەوە بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران. شۆڕای باڵای کار لە ڕۆژانی کۆتایی ڕەشەمەی ١٤٠٤دا، لانیکەمی حەقدەستی بە ١٦ ملیۆن و ٦٢٥ هەزار تمەن ڕاگەیاند، ژمارەیەکی کە لەسەر کاغەز و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، نزیکەی لەسەدا ٦٠ زیادی کردووە. بەڵام واقیعی ژیانی کرێکاران نیشانی دەدات کە ئەم زیادکردنە، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاوسان و گرانییەکی بەردەوام و هەوسارپچڕاو، نەک هەر نەبووەتە هۆی باشتربوونی ئاستی ژیانیان، بەڵکوو تەنانەت بەراورد بە ساڵێک لەمەوبەر، دابەزینیشی بەخۆیەوە بینیوە.
کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە نابێ حەقدەستی کرێکار تەنیا بە ژمارەی ڕیاڵ هەڵبسەنگێندرێت، بەڵکوو دەبێ بزانرێت ئەم حەقدەستە چەندە کاڵا و خزمەتگوزاریی ڕاستەقینەی پێ دابین دەکرێت. لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٣٩٠ نزیکەی ٣٣٠ هەزار تمەن بوو و ئێستا گەیشتووەتە زیاتر لە ١٦ ملیۆن تمەن، بەڵام لە هەمان ماوەدا، نرخی نیشتەجێبوون، خۆراک، دەرمان، گواستنەوە، پەروەردە و وزە چەندین هێندە زیادیکردووە و بەهای دراوی نیشتمانی هەرەسی هێناوە. خەمڵاندنەکان نیشانی دەدەن کە بەهای لانیکەمی حەقدەست بە دۆلار لە نزیکەی ٣٠٠ دۆلار لە ساڵی ١٣٩٠دا، بۆ نزیکەی ١٠٥ دۆلار لە ساڵی ١٤٠٥ دابەزیوە، واتە لە ماوەی ١٥ ساڵدا زیاتر لە ٦٥ لەسەد کەمبۆتەوە. مانای ئەم هەرەس هێنانە ئەوەیە کە کرێکاری ئێرانی ئەمڕۆ، سەرەڕای وەرگرتنی حەقدەستێکی دەیان هێندە زیاتر لە ڕابردووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەژارتر بووە.
هەڵاوسان، گرنگترین هۆکاری توانەوەی حەقدەستەکانە. بەپێی داتا بەردەستەکان، پێوەرەکانی نرخی بەکاربەر لە خاکەلێوەی ١٤٠٥دا بەراورد بە هەمان کات لە ساڵی ڕابردوودا ٧٣.٥ لەسەد زیادی کردووە و هەڵاوسانی دوازدە مانگەش گەیشتووەتە ٥٣.٧ لەسەد. واتە بنەماڵەن بۆ کڕینی هەمان سەبەتەی کاڵای ساڵی ڕابردوو، دەبێ پتر لە ٧٣ لەسەد هەزینەی زیاتر بدەن. لەم نێوەندەدا، گوشاری سەرەکی کەوتووەتە سەر کاڵا پێویستەکان، نان و دانەوێڵە زیاتر لە ١٠٦ لەسەد گران بوون و ڕۆن و چەورییەکان نزیکەی ١٠٠ لەسەد نرخەکەیان بەرزبووەتەوە. لە ڕەشەمەی ١٤٠٤یشدا، هەڵاوسانی خۆراک و خواردنەوەکان گەیشتبووە زیاتر لە ١١٣ لەسەد، نان و دانەوێڵە ١٤٠ لەسەد و ڕۆن و چەورییەکان ٢١٩ لەسەد. مانای ئەم ژمارانە بریتییە لە لاچوونی قۆناغ بە قۆناغی جۆرەکانی خۆراک لەسەر سفرەی خەڵک.
ئەم گوشارە بۆ دەهەک واتە (چینە) نزمەکانی کۆمەڵگا گەلێک قورسترە. ڕاپۆرتەکان نیشانی دەدەن کە هەڵاوسانی ساڵانە بۆ دەهەکی دووەم ٥٨.٢ لەسەد و بۆ دەهەکی دەیەم ٥٢ لەسەد تۆمار کراوە. بۆ دەوڵەمەندەکان، هەڵاوسان ڕەنگە بە مانای کەمبوونەوەی بەشێک لە پاشەکەوت یان گۆڕینی جۆری بەکارهێنان بێت، بەڵام بۆ کرێکاران بە مانای لابردنی ژەمە خۆراک، دواکەوتنی کرێی خانوو، بێتوانایی لە کڕینی دەرمان و شەرمەزارییە لەبەردەم ماڵ و منداڵەکانیان.
شەڕیش ئەم دۆخەی خراپتر کردووە. وێرانکاریی ڕاستەقینەی شەڕ نەک هەر بەسەر بیناکاندا، بەڵکوو بەسەر سفرە خاڵییەکان، حەقدەستە بێبەهاکان، خانوە بەکرێگیراوەکان و جەستە ماندووەکانی کرێکاراندا هاتووە. قەیرانی دراو، سستبوونی بەرهەمهێنان و ناسەقامگیریی ئابووری، هەموویان بوونەتە هۆی ئەوەی نرخەکان بە خێراییەکی هەرچی زیاتر بەرز ببنەوە.

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦


ڕۆژنامەی «دنیای ئیقتیساد» سێ سیناریۆی بۆ هەڵاوسان خستووەتەڕوو: لە گەشبینانەترین حاڵەتدا و ئەگەر ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا بکرێت، هەڵاوسان ٤٩ لەسەد دەبێت، لە دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی»دا، هەڵاوسان دەگاتە ٦٧ لەسەد و لە ئەگەری بەردەوامیی شەڕیشدا، وڵات لەگەڵ هەڵاوسانی کەم وێنەی ١٢٣ لەسەدی بەرەوڕوو دەبێتەوە. تەنانەت گەشبینانەترین سیناریۆش بۆ کرێکاران، بە مانای بەردەوامیی گوشاری سەختی بژێوییە.

بەرزبوونەوەی نرخی دراویش ئاگری هەڵاوسانی خۆشتر کردووە. کاتێک دۆلار لە سنووری ١٨٠ هەزار تمەن تێپەڕ دەبێت و لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ١٦ هەزار تمەن بەرز دەبێتەوە، کاریگەرییەکەی دەستبەجێ لە نرخی خۆراک، دەرمان، پۆشاک، کرێی گواستنەوە، کرێی خانوو و خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت. لەم ڕەوتەدا، کرێکار بەردەوام دوا دەکەوێت، چونکە حەقدەستەکان ساڵێ جارێک، ئەویش بە دواکەوتنەوە و زۆر کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینەی هەڵاوسان زیاد دەکرێت، بەڵام نرخەکان بەردەوام و تەنانەت بە ڕۆژ و سەعات ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. هەر بۆیە تەنانەت زیادکردنی ٦٠ لەسەدیی حەقدەستیش ناتوانێت توانای کڕینی لەدەستچوو، بگەڕێنێتەوە.

بەڵام کێشەکە تەنیا گرانی نییە، بەڵکوو بێپەنایی خەڵکە لە بەرانبەر گرانیدا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان سەرکوت دەکرێن، کرێکاران بە پرشوبڵاوی دەمێننەوە و دەنگێکی ڕێکخراویان نییە. سەرمایەداران و ناوەندەکانی دەسەڵات ئامرازەکانی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەردەستدایە، بەڵام کرێکار بەبێ ڕێکخراو، بە تەنیا و بێ دیفاع لە بەرانبەر قەیراندا وەستاوە.

هەر بۆیە، یەکەم هەنگاو بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دۆخە، بریتییە لە هاتنە خۆدەربازکردن لەم پرشوبڵاوییە. کرێکاران لە ناوەندەکانی کار، گەڕەکەکان، کارگەکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان و ناوەندە خزمەتگوزارییەکاندا دەتوانن ئەڵقەی پەیوەندی و هاوپشتی دروست بکەن. ئەم ئەڵقانە، تەنانەت ئەگەر بچووکیش بن، دەبنە بناغەی ڕێکخراوگەلێکی گەورەتر و کاریگەرتر.

داواکارییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی وەک زیادکردنی حەقدەستی گونجاو لەگەڵ هەڵاوسانی ڕاستەقینە، پێدانی حەقدەست لە کاتی خۆیدا، بیمەی تەواو، قەدەغەکردنی دەرکردنی سەرەڕۆیانە لە کار، پشتگیری لە بێکاران، دابینکردنی کاڵا بنەڕەتییەکان، خوێندن و چارەسەری بێبەرانبەر، کۆتاییهێنان بە سنووردارکردنی ئینتەرنێت، مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی نارەزایەتی دەربڕینیش، دەبێ ڕوون و سەرتاسەری بن. ئەم داواکارییانە دەتوانن کرێکارانی فەرمی و نافەرمی، ژنان و پیاوان، کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، موعەلیمان، پەرستاران، خانەنشینان، شۆفێران و کرێکارانی پڕۆژەکان پێکەوە گرێ بدەن.

لە کۆتاییدا، بەبێ کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان، زیادکردنی ساڵانەی حەقدەست، بێسوود دەبێت. حەقدەستەکان هەموو ساڵێک زیاد دەکرێن، بەڵام ژیان بەردەوام دژوارتر و سفرەکان بچووکتر دەبنەوە. سەرچاوەی قەیرانی بژێویی، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دابەشکردنی دەسەڵات و سامان، ئەو شوێنەی کە سەرچاوەکانی کۆمەڵگە لەپێناو شەڕ، سەرکوت، گەندەڵی و بەرژەوەندیی گرووپە تایبەتەکاندا خەرج دەکرێت، نەک لەپێناو خۆشگوزەرانی، دەوا و دەرمان، پەروەردە و ئاسایشی خەڵکدا. ڕێگەی ڕزگاربوون، چاوەڕوانی و بێدەنگیی نییە. وەڵامی ڕاستەقینە لە یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ، خستنەڕووی داواکارییە سەرتاسەرییەکان و خەباتی بەکۆمەڵدایە لەپێناو ژیانێکی شایستەدا. کرێکاران ئەگەر بە پرشوبڵاوی بمێننەوە، دەبنە قوربانیانی بێدەنگی قەیران، بەڵام ئەگەر یەکگرتوو و ڕێکخراو بن، دەتوانن ببنە هێزێک بۆ گۆڕانکاری.

********

# دیپلۆماسیی مانەوە، کۆماری ئیسلامی و وەهمی مانۆڕدان لە نێوان زلهێزەکاندا



لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، یەکێک لە ڕەوایەتە باوەکان سەبارەت بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوە بووە کە ئەم ڕێژیمە توانیویەتی بە لێهاتووییەوە سوود لە درز و ناکۆکیی نێوان زلهێزەکان وەربگرێت و خۆی لەناو فەزای ڕکابەریی ئەمریکا، ڕووسیا، چین و ئورووپادا ڕابگرێت. بەپێی ئەم ڕەوایەتە، کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە سیاسەتی «نە ڕۆژهەڵاتی، نە ڕۆژئاوایی» لە لایەک و کەڵک وەرگرتن لە دژوازییە جیهانییەکان لە لایەکی دیکەوە، توانیویەتی فشارە نێودەوڵەتییەکان کۆنترۆڵ و مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. بەڵام ئەم وێنەیە، پتر لەوەی کە ڕاستی بێت، جۆرێکە لە ئەفسانەیەکی سیاسی. تێڕوانینێکی وردتر دەری دەخات کە فەزای مانۆڕی کۆماری ئیسلامی زۆر سنووردارترە لەوەی کە لایەنگران و پڕوپاگەندە فەرمییەکانی ڕێژیم نیشانی دەدەن. مانەوەی ئەم حکوومەتە نەک لە توانای دیپلۆماسیی ئەو، بەڵکوو دەبێ لە دوو هۆکاری ناوخۆییدا بەفی بکرێت، واتە لە دەزگای سەرکوت و نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕێکخراو.

تیۆریی «کەڵکوەرگرتن لە دژوازییە ئیمپریالیستییەکان» کە کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاری هێناوە، لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کاتێک زلهێزەکان ڕکابەریی یەکتر دەکەن، حکوومەتێکی وەک ڕێژیمی ئێران دەتوانێت بە لێنزیکبوونەوە لە یەکێکیان، فشاری ئەوی دیکەیان پووچەڵ بکاتەوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە بەرامبەر فشاری ئەمریکادا لە چین و ڕووسیا نزیک بێتەوە، لە بەرامبەر گۆشەگیریی ڕۆژئاواییدا سوود لە درزەکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا وەربگرێت و لە ناوچەکەشدا کەڵک لە دژایەتییەکانی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان، ئیسرائیل و دەسەڵاتە جیهانییەکان وەربگرێت. بەڵام لە کرداردا، هەر کام لەم دەسەڵاتانە ئەولەویەتگەلێکیان هەیە کە ئێران تێیاندا خاوەن پێگەیەکی لاوەکییە.

چین نموونەیەکی ڕوونی ئەم ڕاستییەیە. ئەم وڵاتە گەورەترین هاوبەشی ئابووریی ئێران و یەکێک بووە لە گرینگترین کڕیارانی نەوتەکەی. کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ چین وەک پشتیوانێکی ستراتیژی لە بەرامبەر ئەمریکادا بە ڕای گشتی نیشان بدات. گرێبەستی ٢٥ ساڵەی ئێران و چینیش لە پڕوپاگەندە فەرمییەکاندا وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی لەقەڵەم درا. بەڵام ئەزموونەکان دەریانخست کە ئەم گرێبەستە زیاتر لەوەی کە گۆڕانکاریی دروست بکات، لایەنێکی ڕەمزی و پڕوپاگەندەیی هەیە. چین ئامادە نییە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی فیدای ئێران بکات. پەیوەندییە بازرگانییە گەورەکان لەگەڵ ئەمریکا، پێویستی بە سەقامگیری بازاڕی جیهانی، دۆسیەی هەستیاری تایوان و پەیوەندییە بەربڵاوەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو، بەتایبەت عەرەبستانی سعوودی، بۆ پکین گرینگیەکی زۆر زیاتریان هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

ئەم ڕاستییە لە سەردانی ئەم دواییەی دۆناڵد ترامپ بۆ چین و وتووێژەکانی لەگەڵ شی جین پینگ جارێکی دیکە خۆی نیشانداوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، یەکێک لە تەوەرەکانی ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوولا، بریتی بووە لە زەرووڕەتی کراوەمانەوەی گەرووی هورمز و ڕێگریکردن لە کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕێڕەوە ئاوییە گرینگە لەلایەن ئێرانەوە. هەر ئەم خاڵە نیشانی دەدات کە تەنانەت لە لوتکەی ڕکابەریی واشنگتۆن و پکیندا، دوو زلهێزەکە دەتوانن لەسەر بابەتێکی وەک لەغاوکردنی ئێران و پاراستنی ڕەوتی ئازادی وزە، بگەنە لێکتێگەیشتن. بۆ چین، ئەمنییەتی تێپەڕبوونی نەوت لە کەنداوی فارس بەهۆی پشتبەستنی قووڵی ئابووریی چین بە وزەی ناوچەکە، بەتایبەت نەوتی وڵاتە عەرەبییەکان، پرسێکی سەرەکی و جیدییە. کەواتە کۆماری ئیسلامی ناتوانێت وەک بە دڵنیاییەوە پشت بە کەلێنی نێوان ئەمریکا و چین ببەستێت. چین لەوانەیە ئێران وەک کارتێکی فشار بەکار بهێنێت، بەڵام هەرگیز ئامادە نییە بە خاتری ئێران بکەوێتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا، عەرەبستانی سعوودی یان بازاڕە جیهانییەکان.

ڕووسیاش بارودۆخێکی هاوشێوەی هەیە. کۆماری ئیسلامی هەندێک جار پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا وەک هاوپەیمانییەکی ستراتیژی دەناسێنێت، بەڵام ڕووسیا زیاتر وەک ئامرازێکی تاکتیکی سەیری ئێران دەکات نەک هاوپەیمانێکی بەردەوام. ڕووسیا لە چەندین دۆسیەی جیاوازدا، لەوانە لە سووریاوە تا پرسی وزە و لە پەیوەندییە سەربازییەکانەوە تا دانوستانە نێودەوڵەتییەکان، کارتی ئێرانی بەکار هێناوە، بەڵام هەر کاتێک بەرژەوەندییە باڵاکانی ڕووسیا بخوازێت، کۆماری ئیسلامی بە خێرایی دەخرێتە پەراوێزەوە. بۆ ڕووسیا، پەیوەندی لەگەڵ ئێران ئامرازێکە بۆ گوشار خستنە سەر ڕۆژئاوا، بەڕێوەبردنی قەیرانە ناوچەییەکان و بەدەستهێنانی ئیمتیاز لە دانوستانە گرنگەکاندا. ئەگەر بێتوو ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاسۆیەکی جیددی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئورووپا یان ئەمریکا بەڕوویدا بکرێتەوە، پێگەی ئێران لە هاوکێشەکانی ڕووسیادا دەکرێ بە خێرایی دابەزێت. مێژووی پەیوەندییەکانی دوو وڵاتیش پڕە لەو نموونانەی کە نیشانی دەدەن ڕووسیا هەرگیز خۆی پابەند نەکردووە بە بەرگریی ستراتیژی لە کۆماری ئیسلامی.

ئورووپاش بەپێچەوانەی چاوەڕوانییە بەردەوامەکانی تاران، هیچ کات نەیتوانیوە یان نەیویستووە لە بەرامبەر ئەمریکادا بە قازانجی ئێران بوەستێتەوە. دوای کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام، کۆماری ئیسلامی پێی وابوو ئورووپا دەتوانێت ڕێگەیەک بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکان بدۆزێتەوە. بەڵام ئورووپا لە کۆتاییدا لە چوارچێوەی بازارەکانی ڕۆژئاوا، سیستەمی دارایی جیهانی و پەیوەندییەکی بەرفراوان لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبیدا کار دەکات. کۆمپانیا زەبەلاحە ئەورووپاییەکان ئامادە نین لەپێناو بازاڕی سنووردار و پڕ مەترسیی ئێراندا، دەستڕاگەیشتنی خۆیان بە سیستەمی دارایی ئەمریکا بخەنە مەترسییەوە. دانوستانە ئەتۆمییەکانیش چەندین جار نیشانیان دا کە ئورووپا لە ساتەوەختە یەکلاکەرەوەکاندا، نەک لە بەرامبەر ئەمریکا، بەڵکوو لە تەنیشت ئەوەدا دەوەستێت.

لە هەمان کاتدا، ڕکابەریی ئەمریکا و چین لە کەنداوی فارسیش نەک وەک دەرفەتێک بۆ تاران، بەڵکوو کۆمەڵێک ئاستەنگ و سنووردارکردنی نوێی بۆ دروستکردووە. ئەمریکا هەوڵ دەدات وڵاتانی عەرەبی کەنداو زیاتر لە پێشوو لەناو بازنەی ئەمنی و سەربازیی خۆیدا بهێڵێتەوە. چینیش وەک گەورەترین کڕیاری نەوتی هەر ئەم وڵاتانە، لە هەوڵی فراوانکردنی هەژموونی ئابووریی خۆیدایە لە ناوچەکەدا. دەرەنجامی ئەم دۆخە ئەوەیە کە کەنداوی فارس بووەتە مەیدانی ڕکابەریی ڕاستەوخۆی واشنگتۆن و پکین، بەڵام ئێران لەم مەیدانەدا ئەکتەری سەرەکی نییە. کۆماری ئیسلامی وای دەزانی دەتوانێت سوود لە کەلێنی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە وەربگرێت، لە کاتێکدا بە کردەوە دەبینێت کە هەردوو دەسەڵاتەکە، هەر کامەیان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، خوازیاری سنووردارکردنی ڕەفتارە پڕ مەترسییەکانی ڕێژیمی ئێرانن، بەتایبەت هەر ڕەفتارێکی کە ئەمنییەتی وزە، گەرووی هورمز یان سەقامگیریی بازاڕی جیهانی بخاتە مەترسییەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی نەک دیپلۆماسیی ئەکتەرێکی زیرەک و بەهێز، بەڵکوو دیپلۆماسیی حکوومەتێکی گەمارۆدراوە. کۆماری ئیسلامی زیاتر لەوەی کە بتوانێت خاوەنی دەسپێشخەری و داهێنانێکی ستراتیژیی بێت، پشت بە تاکتیکەکانی کات کوشتن دەبەستێت، لەوانە درێژکردنەوەی دانوستانەکان، بەکارهێنانی قەیرانە ناوچەییەکان بەمەبەستی وەرگرتنی ئیمتیاز، هەڕەشەی زیادکردنی پیتاندنی یۆرانیۆم، نزیکبوونەوەی کاتیی لە ڕووسیا یان چین، و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەلێن و ناکۆکی لە نێوان وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا. ئەم تاکتیکانە هەندێک جار کاتیان بۆ کڕیوە، بەڵام نەیانتوانیوە قەیرانە بنەڕەتییەکانی ڕێژیم چارەسەر بکەن. کۆماری ئیسلامی نە توانیویەتی گەمارۆکان بە شێوەیەکی بەردەوام لابات، نە وەبەرهێنانی دەرەکی ڕابکێشێت، نە پێگەی ناوچەیی خۆی جێگیر بکات و نە مەشروعییەتی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت.

هەربۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی توانیویەتی ٤٧ ساڵ درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات، هۆکارە سەرەکییەکەی دەبێ لە ناوخۆدا بۆی بگەڕێین. هۆکاری یەکەم، دەزگای سەرکوتە. ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە، بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی وڵاتی بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی وەک سپای پاسداران، بەسیج، وەزارەتی ئیتلاعات، هێزە ئینتیزامییەکان و تۆڕە هاوتەریبە ئەمنی و دادوەرییەکان خەرج کرد. ئەم دەزگایە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا گەلێک جار نیشانی داوە کە لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەیدا لە هیچ شێوازێکی توندوتیژی دەست ناپەرێزێت، لە کۆمەڵکوژیی ٦٧ەوە بگرە تا سەرکوتی بزووتنەوەی سەوز، لە خەزەڵوەری ٩٨ەوە تا ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و لە سەرکوتە بەربڵاوەکانی ئەم دواییانەوە تا کۆمەڵکوژییەکانی مانگی بەفرانبار. ئەم سەرکوتە ڕێکخراوە، گرینگترین ئامراز و کۆڵەکەی مانەوەی ئەم دەسەڵاتە بووە.

لە سایەی هەر ئەم پێکهاتە ئەمنییەدا، کۆماری ئیسلامی توانی ژێرخانە سەربازی و ناوچەییەکانی خۆیشی پەرەپێبدات. بودجە شاراوەکان، سەرچاوە گشتییەکان، داهاتە نەوتییەکان و گوشار خستنەسەر بژێوی خەڵکی، لەپێناو بەهێزکردنی توانای مووشەکی، تۆڕە بەکرێگیراوەکان و پڕۆژە سەربازییەکاندا خەرج کرد. نیشاندانی هێز لە شەڕە ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژە ناوچەییەکاندا، بەرهەمی ئەم چەند دەیەی دابینکردنی ئەو هەزینانە بوو لە گیرفانی خەڵک. بەڵام ئەم توانا سەربازییە نە خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک بەدیاری هێنا، نە ئاسایشی بەردەوام و نە نانێکی خستە سەر و سفرە و خوانی خەڵک. بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگای هەژارتر، ئابوورییەکەی لاوازتر و وڵاتەکەی گۆشەگیرتر کرد.

هۆکاری دووەم، نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕێکخراوە. کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک حیزبە سەربەخۆکان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان، دامەزراوە مەدەنییەکان، میدیا ئازادەکان و سەرکردە سیاسییە نەیارەکانی سەرکوت کردووە. لەسێدارەدان، زیندان، دوورخستنەوە، سڕینەوە، هەڕەشە و قەدەغەکردنی چالاکیی سیاسی، فەزایەکی دروست کردووە کە تێیدا کۆمەڵگا نارازییە، بەڵام هیچ بژاردەیەکی سیاسیی بەهێز و گشتگیری نییە بۆ جێگرەوە و ئاڵترناتیڤی ڕێژیم. ئەم بۆشاییە سیاسییە، خۆی لەخۆیدا بووەتە یەکێک لە ئامرازەکانی مانەوەی حکوومەت. ڕێژیم بە لەناوبردنی ئەڵتەرناتیڤەکان، هەوڵ دەدات خۆی وەک تاقە بژاردەی هەبوو نیشان بدات و کۆمەڵگا لە نێوان «تەحەمول کردنی دۆخی هەبوو» و «ترس لە ئاژاوە و پشێوی»دا گرفتار بکات.

********

# لە یادی بۆمبارانی شیمیایی مەقەڕەکانی ناوەندیی کۆمەڵە دا لە لایەن ڕژیمی عیراقەوە




ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی گوڵانی ١٣٦٧ی هەتاوی،لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا فڕۆکە شەڕکەرەکانی حکوومەتی جنایەتکاری عێراق، جارێکی تر هێرشیان کردە سەر مەقەڕ و بارەگاکانی ناوەندیی کۆمەڵە و دایانە بەر بۆمبارانی شیمیایی. لەو کارەساتە دڵتەزێنەدا ٢٣ کەس لە باشترین ئەندامان و کادرەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گیانیان بەخت کرد و ١٥٠ هاوڕێ و هاوسەنگەری تریشمان بریندار و مەسمووم بوون کە بە هاوکاریی کەم وینەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لە مەرگ ڕزگاریان بوو.
ئەم خۆشەویستانە پۆلێك لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کوردستان و ئێران و سیمای ناسراو و ئازیزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بوون کە لە دژی نیزامی زاڵمانە و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، لە دژی شەڕ و کوشتار و بێ مافی ئینسان ڕاپەڕیبوون و گیانیان لە پێناوی ئامانجی بەرزیان دا بەخت کرد. ئازیزانێك کە ئەستێرەی گەش و چرای ڕووناك کەرەوەی ڕێگای خەبات بەرەوسەرکەوتنمان و یادیان قەت لە بیر ناچێ.
لە کاتێك دا کە هێشتا ٢ مانگ بە سەر کارەساتی دڵتەزێنی گوردانی شوان دا تێنەپەڕی بوو، لە کاتێکدا کە هێشتا برینی قورسی بۆمبارانی شیمیایی ڕژیمی بەعس بۆسەر ناوچەی شارەزوور کە تێیدا ٦٨ پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ و فیداکاری کۆمەڵە وێڕای هەزاران ئینسانی بێ دیفاعی شاری هەڵەبجە و ناوچەکە گیانیان بەخت کرد ژانی نەشکابوو و سارێژ نەببوو، کە مەقەڕی ناوەندیی کۆمەڵە و ئۆرگانەکانی دەوروبەری، ئەمجار لە دۆڵی بۆتێ لە ٢٠ کیلومیتری شاری ڕانیەی کوردستانی عیراق کەوتنەبەر پەلاماری بۆمبی شیمیایی ڕژیمی دژە ئینسانی بەعسی عێراق. هەڵبەت پێشتر چەند جاری دیکە مەقەڕەکانی ناوەندیی کۆمەڵە لە مالومە لە دۆڵی جافایەتی کەوتبوونە بەر هێرشی هەوایی و توپخانەی ئەرتەشی عێراق. لە ئاکامی ئەم هیرشانەشدا چەندین هاوڕێی ترمان گیانیان بەخت کردبوو.
هۆکاری ئەم دوژمنکارییەی کە گەیشت بە ئاستێك دەوڵەتی عێراق چەکی کیمیایی لە دژی کۆمەڵە بە کار بێنیت چی بوو؟ ئەرتەشی عێراق بەو هیرش و پەلاماردانە یەك لە دوای یەکانەی، بەشوێن چ مەبەستێکەوە بوو؟ ئەو ڕژێمە وای دەزانی کە بەو گوشارانەی دەتوانێ کۆمەڵە بە چۆك دابێنێ و دەستی پێ لە هاوکاری کردنی خەباتی عادڵانەی خەڵکی کوردستانی عێراق هەڵبگرێ. کۆمەڵە خۆی بە پشتیوان و دڵسۆزی ئەو خەباتە ڕەوایە دەزانی. کەم نەبوون ئەو تێکۆشەرانەی کوردستانی عێراق کە لە ژێر ئاڵای سووری کۆمەڵەدا خەباتی ئەنترناسیۆنالیستی خۆیان درێژە پێدەدا، کە لەناو ئەو٢٣هاوڕێ گیانبەخت کردووانەشماندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوە بۆ ڕژێمی بەعس تەحەمول نەدەکرا، بۆیە لە هیچ جەنایەتێك دەستی نەدەپاراست. ڕژیمی عیراق بۆ ئەوەی پردی پەیوەندی نێوان هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق برووخێنێ، بەردەوام هەوڵی دەدا کۆمەڵە ناچار بکات مەقەڕەکانی خۆی لە شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراقەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەرتەشی عێراق. بەڵام کۆمەڵە وەکوو هەڵوێستێکی سیاسی بەرانبەر بەو هەوڵانەی دەوڵەتی عێراق بەردەوام خۆڕاگری دەکرد و نەیدەویست تا کاتێك کە شوێنێکی ئازاد لە کوردستانی عێراقدا مابێت مەقەڕەکانی ناوەندی و هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی بەعسدا بن. بوونی مەقەڕەکانی کۆمەڵە لەو ناوچە ئازادانەدا بەکردەوە ئێمەی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق و ئەو هێزانەی کە بە دژی ڕژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئەم وڵاتە دا، لە شەڕ دا بوون هاوچارەنووس کردبوو. هەر لەبەر ئەوە بوو کاتێك کارەساتی بۆتێ ڕوویدا خەڵکی شاری ڕانیە و ئەو ناوچەیە هەر کە ئاگاداری هێرشی بەعس بۆ سەر مەقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە بوون، سەرەڕای ترس و خۆفێك کە ڕژیمی عێراق نابوویەوە، بە هەموو هێز و توانا و ئیمکاناتیانەوە بە هانای کۆمەڵەوە هاتن. شانۆیەکی شکۆداریان لە دڵسۆزی و هاوپشتی خۆیان بۆ کۆمەڵە نیشان دا و سەلماندیان کە کۆمەڵە لە خۆیان بە جیا نازانن. لە هەمان کاتدا زۆرێك لە پزیشك و دەرمانخانەکانی شاری سلێمانیش سەرەڕای ئاگادار کردنەوەیان لە لایەن دەوڵەتی بەعسەوە کە یارمەتی بریندارەکانی بۆردمانە شیمیاییەکان نەدەن، بەڵام ئەو دووکتور و بیمارستانانە بە نهێنی کەوتنە خۆ بۆ دابین کردنی کەل و پەلی پێویست بۆ دەرمانکردنی برینداره‌کانمان. هاوپشتی پڕاوپڕی خەڵکی کوردستانی عێراق و خەڵکی ئەم ناوچەیە بە تایبەت، لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم ڕۆژە دا بیرەوەرییەکە، کە هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. هەموو ساڵێکیش لە مراسیمی یادکرنەوەی هاوڕێیانی گیانبەختکردوومان ئەو هاوپشتی و بە دەنگەوە هاتنانە بیر دێنینەوە و باسیان دەکەین و دەیگەێنینە نەوەکانی دوای خۆمان.
هاوڕێیانی گیانبەختکردووی بۆمبارانی شیمیایی ڕۆژی ٢٥ی گوڵان لە دۆڵی بوتێ بریتی بوون لە:

اسماعیل مصطفی زاده
احمد محمدی
بایزید بیاض
پرویز تاجوانچی
حسین سیگاری
سعید محمدی
جلال پنجوینی
فرشته رضائی
عبدالله هوشیاریان
علی حسن محمدی
فرنگیس شاهوئی
کریم جنتی
کریم عبدالله پور
مریم مجنون( سعادت)
کمال رضانژاد
کیومرث مهاجر( جبار )
منوچهر محمودیان ( مرتضی )
محمدرسولی خوش صفت
محمدعمرعلی
ناصح مردوخ
نادرقاضی زاده ( آزاد)
وفا توتونچی
حامد مدرسی

لە ٣٩مین ساڵیادی گیانبەختکردنی ئەو ئازیزانەدا جارێکی دیکە هەزاران درود و سڵاو لە شۆڕشگێڕییان لە گیانبازییان لە فیداکاری و لەخۆبردوویيان. سڵاو لە بنەماڵە خۆڕاگر و سەربەرزەکانیان. ئەمڕۆ کڵگۆی ئەم پۆلە لە ژنان و پیاوانی ماندوویی نەناس و خەباتکاری کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شوێنێکە بۆ نوێ کردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئامانجی بەرز و ئینسانیی ئەو ئازیزانە. بەدرێژەدان بە ڕێگای ئەم هاوڕێیانە و وفادار مانەوە بە ئامانجەکانیان لەڕیزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەدا، یادی ئەم هاوڕێ شۆڕشگێڕ و پێشڕەوانە زیندوو ڕادەگرین.
یادیان بەرز و بەڕێزە و ئاڵاکەیان شەکاوەیە و ڕێگاکەیان پڕ ڕێبوارە.


********

# ساڵیادی داگیرکردنی بەرلین، یادێک لە قوربانیانی شەڕی دژی فاشیزم و وانەیەک بۆ ئەمڕۆ

نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژەکانی هەشتەم و نۆیەمی ئایاری وەک «کاتی یادکردنەوە و ئاشتیی بۆ قوربانیانی شەڕی دووەمی جیهانی» ناودێر کردووە، شەڕێکی کە تێیدا دەیان ملیۆن مرۆڤ گیانیان لەدەستدا، شارەکان بەتەواوی وێران کران و شارستانیەتی مرۆیی نزیک بووەوە لە لێواری لەناوچوون. یادی قوربانیانی ئەم شەڕە، لە هەمان کاتدا هۆشدارییەکە سەبارەت بەو پێکهاتانەی کە هێشتاش شەڕ، وێرانکاری و مەرگ بەرهەم دەهێننەوە.
شەڕی دووەمی جیهانی، تەنها ئەنجامی چاوچنۆکیی چەند سیاسەتمەدارێکی سەر شێت یان هەڵەی دیپلۆماسی نەبوو. ئەو شەڕە، بەرهەمی قەیرانی قووڵی سەرمایەداریی جیهانی، ململانێی هێزە ئیمپریالیستییەکان، میلیتاریزم، فاشیزم و هەوڵدان بۆ دابەشکردنەوەی جیهان بوو. ملیۆنان مرۆڤ بوونە قوربانی تاوەکو بلۆکە نوێیەکانی دەسەڵات، بازاڕەکان، سەرچاوەکان و ناوچەکانی ژێر نفوزی خۆیان جێگیر بکەن. فاشیزم، هەر بەو ڕادەیەی کە ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی و پاوانخوازی بوو، ئامرازێکی بێبەزەییانەی بەرگریکردن لە لۆژیکی سەرمایە و ئیمپراتۆریەتیش بوو. شەڕ، دیاردەیەکە کە سەرچاوەکەی پێکهاتەی ئابووری و سیاسیی جیهانییە. تا ئەو کاتەی، قازانج لە ژیانی مرۆڤ ئەولەوییەتی زیاترە، پیشەسازییەکانی چەک سوودمەندی شەڕ بن و زلهێزەکان جیهان وەک گۆڕەپانی ململانێی سەربازی و دابەشکاری نفوز و هەمەنە ببینن، شەڕیش بە شێوازی جیاواز بەرهەم دەهێنرێتەوە.
ئەمڕۆ، هەشتا و یەک ساڵ دوای کۆتاییهاتنی ئەو کارەساتە، جیهان هێشتا لە شەڕ و نەهامەتییەکانی شەڕ ڕزگاری نەبووە. لە ئۆکرانیاوە بگرە تا کەرتی غەززە، لە سوودانەوە تا ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووبارە شاهیدی هەمان نموونەین: خەڵکی ئاسایی دەبنە قوربانیی ململانێ ژیۆپۆلیتیکییەکان، ئابووریی سەربازی و لۆژیکی دەسەڵات. سنوورەکان، سەرچاوەکانی وزە، بازاڕی چەک و نفوزی ناوچەیی، هێشتا ئەولەوییەتیان لە گیانی مرۆڤەکان زیاترە. لە شەڕەکانی ئێستاشدا، هاوشێوەی شەڕی دووەمی جیهانی، ئەوە چین و توێژە هەژار و چەوساوەکانن کە گەورەترین باج دەدەن، واتە ئەو کرێکارانەی کە کار و ماڵیان لەدەست دەدەن، ئەو ژنانەی کە باری گرانی هەژاریی، ئاوارەیی و هەڵوەشانەوەی شیرازەی بنەماڵەکانیان لەسەر شانیان قورسایی دەکات، ئەو منداڵانەی کە داهاتوویان لەژێر داروپەردووی شەڕدا بەخاک دەسپێردرێ و ملیۆنان مرۆڤی کە ناچارن بۆ هەمیشە بە کۆچبەری، بێماڵوحاڵی و نەبوونی ئەمنییەتدا ژیان بەسەر بەرن.
لەمڕووەوە، یادی قوربانیانی شەڕی دووەمی جیهانی پێش هەر شتێک ڕاگەیاندنی پابەندییەکی ئەخلاقی و سیاسییە بەرامبەر بەو مرۆڤانەی کە ئەمڕۆ لەژیاندان. پابەندبوون بە خەبات لەدژی شەڕخوازی، دژایەتیکردنی فاشیزم، ڕەگەزپەرستی و نیزامیگەری، بەرگریکردن لە مافی ژیان، شوێنی نیشتەجێبوون، کار و ئاسایش و هەوڵدان بۆ جیهانێکی کە تێیدا مرۆڤ و پێداویستییەکانی، ئەولەوییەتیان پێش لە قازانج و دەسەڵات بێت.
ئەگەر یادی ملیۆنان قوربانیی شەڕی دووەمی جیهانی بەرز ڕادەگرین، ناتوانین لە ئاست قوربانیانی شەڕەکانی ئەمڕۆدا بێدەنگ بین. یادەوەریی مێژوویی ئەو کاتە مانای هەیە کە لە تەنیشت ڕەنج و ئازارەکانی مرۆڤی هاوچەرخدا بوەستێت. لەمڕووەوە، ساڵیادی شکستی فاشیزم دەبێت نەک تەنها وەبیرهێنەرەوەی ڕابردوو، بەڵکوو ئاوێنەیەک بێت بۆ ئەمڕۆ. یادێکی کە لە ئێمە دەخوازێت کە لە بەرامبەر فاشیزمە نوێیەکان، ڕەگەزپەرستییە تازەکان و ئاساییکردنەوەی شەڕدا، بوەستینەوە. تەنها لەم حاڵەتەدایە کە خوێنی ملیۆنان قوربانیی ستالینگراد، ئاوشویتس و بەرلین و نۆرماندی دەبێتە یادەوەرییەکی زیندوو، یادەوەرییەکی کە ئێمە بەرەو جیهانێکی دادپەروەرانەتر، ئاشتیانەتر و مرۆییتر ڕێنمایی دەکات.
داگیرکردنی بەرلین نەک هەر شکستی سەربازیی ڕایشی سێیەم، بەڵکوو ڕزگارکردنی ئورووپا بوو: سپای سوور بەشێکی بەرفراوان لە ئوورووپای ڕۆژهەڵاتی لە ژێر چنگی نازییەکان دەرهێنا. تەنها بۆ داگیرکردنی دوایین سەنگەرەکانی فاشیزم لە دەروازەکانی بەرلیندا، زیاتر لە ٨٠ هەزار قوربانی دا. ئەم ژمارەیە دەبێت بەو ٢٠ ملیۆن قوربانییەش زیاد بکرێت کە لە ماوەی ٦ ساڵ شەڕدا، سپای سوور لە ستالینگرادەوە تا بەرلین تەحەمولی کرد. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمڕۆ زۆرێک لە دەوڵەتە ئوروپاییەکان ڕۆڵی سپای سوور بە «داگیرکاری» ناودەبەن و مۆنۆمێنتەکانی یادی سەربازانی سۆڤیەت تێکدەدەن، وەک ئەوەی دەتوانرێت مێژوو بە بەیاننامەگەلێکی سیاسی سەرلەنوێ بنووسرێتەوە. بەڵام واقیعییەت سادەیە، بەبێ سپای سوور، ئورووپا نەک «دیموکراسی»، بەڵکوو قارەیەکی سووتاو دەبوو لەژێر پۆستاڵی فاشیزمدا.
ئەگەر یادی ملیۆنان قوربانیی شەڕی دووەمی جیهانی بەرز ڕادەگرین، دەبێت دەنگی قوربانیانی شەڕەکانی ئەمڕۆش بین، چونکە یادەوەریی مێژوویی ئەو کاتە مانای هەیە کە لە تەنیشت ڕەنج و ئازارەکانی مرۆڤی هاوچەرخدا بوەستێت. یادەوەرییەکی کە تەنها لە مۆزەخانەکان و ڕێورەسمە فەرمییەکاندا بەند بکرێت، زوو یان درەنگ دەبێتە ئامرازی هەمان ئەو دەسەڵاتانەی کە شەڕ دەخوڵقێنن.
یادکردنەوەی قوربانیانی شەڕی دووەمی جیهانی دەبێت هاوکات ببێتە وەبیرهێنانەوەی قوربانیانی ئەمڕۆش، ئەو قوربانیانەی کە هێشتا لەژێر سێبەری شەڕ، گەمارۆ، هەژاری و ئاوارەییدا دەژین و خوازیاری جیهانێکی دادپەروەرانەترن. ساڵیادی داگیرکردنی بەرلین، وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییەیە کە فاشیزم بە فیداکاریی نەوەیەک تێکشکا کە ملیۆنان کەسیان هەرگیز نەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە دڵنیابینەوە لەوەی ئەم فیداکارییە، لە کرداری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەماندا زیندوو بمێنێتەوە.

********

## قەیرانی ئاو لە ئێرانی دوای شەڕ




سەرەڕای بارانبارینێکی تاڕادەیەک باش لە مانگەکانی ڕابردوودا لە هەندێک ناوچەی ئێران، قەیرانی ئاو نەک هەر کەمی نەکردووە، بەڵکوو لە سەروبەندی هاویندا سەرلەنوێ بووەتە یەکێک لە جددیترین هەڕەشە ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و بژێوییەکانی وڵات. پرۆژەکانی وەک شیرینکردنی ئاوی دەریا و گواستنەوەی ئاو لە کەنداوی فارسەوە بۆ ناوچە ناوەندییەکان، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕەوە ڕاوەستاون، ژێرخانە بەردەستەکانیش بەهۆی کۆنبوون، خراپ بەڕێوەبردن و زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ، زیاتر لە جاران پەکیان کەوتووە. لە بارودۆخێکدا کە هێشتا کاری نۆژەنکردنەوە و بونیادنانەوەی وێرانکارییەکان دەستی پێنەکردووە و ئاسۆی ئاشتییەکی بەردەوامیش ڕوون نییە، هەموو نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران لە هاوینی ئەمساڵدا، چ لە ڕووی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و چ ئاوی کشتوکاڵ و پیشەسازی، لەگەڵ قەیرانێکی سەختدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لێدوانەکانی ئەم دواییەی «عیسا بوزورگزادە» سەبارەت بەوەی کە نزیکەی ٣٥ ملیۆن کەس لە ئێران لەگەڵ کێشەی کەمئاوی بەرەوروون، دانپێدانانێکی فەرمییە بەوەی کە وڵات چووەتە قۆناغێکی مەترسیدار لە گرژیی و بەریەککەوتنی لەمێژینەی ئاو. کاتێک نزیکەی نیوەی دانیشتووانی وڵات تووشی کەمئاوی دەبن، ئیتر ناتوانرێت بابەتەکە تەنها لە مەسەلەی «دەستپێوەگرتنی تاکەکەسی» یان «کەمیی باراندا» کورت بکرێتەوە. ئەم قەیرانە، بەرهەمی چەندین دەیە خراپ بەڕێوەبردن، سیاسەتداڕشتنی وێرانکەر، بەکارهێنانی زیاتر لە پێویستی سەرچاوە سروشتییەکان و بێبایەخیی تەواوە بە پێویستییە زانستی و ژینگەییەکان. لە دەیەکانی ڕابردوودا، سەرچاوە ئاوە ژێرزەوییەکانی ئێران زۆر خێراتر لە توانای بونیادنانەوەی سروشتییان بەتاڵ کراونەتەوە. هەڵکەندنی بێسەروبەری بیرەکان، پەرەپێدانی کشتوکاڵی پڕمەسرەف و کەم دەوام، دروستکردنی بەنداوی زۆر و وێرانکەر، جێگیرکردنی ئەو پیشەسازیانەی کە پێویستییان بە ئاوی زۆر هەیە لە ناوچە وشکەکان و لەناوچوونی گۆلاو و ڕووبارەکان، هاوسەنگیی سروشتیی زۆرێک لە ناوچەکانی وڵاتی تێکداوە. ئەمڕۆ ئەنجامی ئەم ڕەوتە دەتوانرێت لە ڕۆچوونی زەوی، وشکبوونی ڕووبارەکان، کەمبوونەوەی بەرچاوی بەرهەمی کشتوکاڵی، لەناوچوونی گوندەکان و کۆچی زۆرەملێ لە ناوچە کەمئاوەکاندا ببینرێت.

لەلایەکی دیکەوە، دابەشبوونی بارانبارین لە ئاستی وڵاتدا بەتەواوی ناهاوسەنگە. تەنانەت لە ساڵێکدا کە هەندێک پارێزگا بارانبارینی باشتریان هەبووە، ناوچە پڕحەشیمەتەکان و پیشەسازییەکانی وەک تاران، ئیسفەهان، یەزد، قوم و پارێزگای مەرکەزی، هێشتا لەگەڵ کەمئاوییەکی جددی ڕووبەڕوون. ئەم بابەتە لەو ڕووەوە مەترسیدارترە کە بەشێکی سەرەکیی دانیشتووان، چالاکییە ئابوورییەکان و ناوەندە پیشەسازییەکانی وڵات لەم ناوچانە هەڵەوتوون. کەواتە قەیرانی ئاو لە ئێران، بە واتای پەککەوتنی دەمارە سەرەکییەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێرانیشە.

جگە لە کەمئاوی، دەبێت سەرنج بخرێتە سەر کێشەیەکی دیکەی کە کەمتر دەبینرێت بەڵام زۆر مەترسیدارترە، ئەویش «ئاوی ناتەندروستە». لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی ئێران، ئاوە بەردەستەکەش تەندروست و شیاوی خواردنەوە نییە. ڕژانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ماددە مەترسیدارەکانی ئاوەڕۆی ماڵان، پیشەسازی و نەخۆشخانەکان بۆ ناو ئاوە سەرەکییەکان و سەرچاوە ژێرزەوییەکان، کوالێتی ئاوی بەتەواوی دابەزاندووە. گۆڕانی ڕەنگ، تام و بۆنی ئاو لە زۆر ناوچەدا، نیشانەیەکی ڕوونی ئەم پیسبوونە بەرفراوانەیە. «سفیدرۆد» لەلایەن هەندێک سەرچاوەوە بە پیسبووترین ڕووباری ئێران دادەنرێت و لە مانگەکانی ڕابردووشدا پیسبوونی ڕووباری «ئەرەس» بە ماددە کیمیاییەکان و تەنانەت نیگەرانییەکان سەبارەت پیسبوونی ڕادیۆئەکتیڤ، سەرنجی ڕای گشتییان ڕاکێشاوە. ئەمانە هۆشدارییەکی جددین: قەیرانی ئاو لە ئێران بە واتای هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر تەندروستیی ملیۆنان کەسیش.

لەم نێوەندەدا، ڕۆڵی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە قووڵکردنەوەی کارەساتەکەدا حاشاهەڵنەگرە. دەسەڵات لەجیاتی وەبەرهێنان لە ژێرخانە مۆدێرنەکانی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە، پاڵاوگە و ڕیسایکڵکردنی ئاوەڕۆ، نوێکردنەوەی تۆڕە کۆن و پرتووکاوەکان و چاککردنی شێوازی بەکارهێنان و کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی وڵاتی لەپێناو سەرکوتی ناوخۆیی، دەستێوەردانی ناوچەیی، نیزامیگەری و گەندەڵیی ڕێکخراو خەرج کردووە. سیستمێکی کە بە خوڕافات، دژایەتی لەگەڵ زانست و بایەخ نەدان بە پسپۆڕی بەڕێوە دەچێت، سروشتییە کە ناتوانێت کێشەیەکی ئاڵۆزی وەک ئاو بە شێوەیەکی زانستی، بەردەوام و دادپەروەرانە چارەسەر بکات. شەڕیش ئەم قەیرانەی ئاڵۆزتر کردووە. ڕاوەستانی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو و شیرینکردن، زیانگەیشتن بە ژێرخانەکان، پەککەوتنی زنجیرەی دابینکردنی کەرەستەکان و دواکەوتنی هەر جۆرە وەبەرهێنانێکی نوێ، بارودۆخەکەی خراپتر کردووە. لە کاتێکدا وڵات پێشتریش لەگەڵ قەیرانی درێژخایەنی ئاودا بەرەوڕوو بوو، لێکەوتەکانی شەڕ بە کردەوە ئیمکانی لانیکەمی بەڕێوەبردنی بارودۆخەکەشی دژوارتر کردووە. لە ئاوا بارودۆخێکدا، هاوینی داهاتوو دەکرێت ببێتە وەرزی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان، بڕانی بەرفراوانی ئاو، گرژییە ناوخۆییەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی گشتی.


هەروەک لە ساڵانی ڕابردوودا گەلێک جار بینیومانە، یەکەم قوربانییەکانی قەیرانی ئاو، دەوڵەمەندەکان و خاوەن ڕانتەکان نین، بەڵکوو کرێکاران، جووتیاران، گوندنشینان، پەراوێزنشینان و دانیشتووانی ناوچە بێبەشەکانن. ئەوان توانای کڕینی ئاو، کۆچکردن، هەڵکەندنی بیری تایبەت یان کڕینی کەرەستەی پاڵاوتنیان نییە. وشکبوونی زەوییە کشتوکاڵییەکان، کەمیی بەرهەم، بێکاری، هەژاری و ناچاربوون بە جێهێشتنی شوێنی ژیان، زیاتر لە هەمووان بەرۆکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییانە دەگرێت. بەم واتایە، قەیرانی ئاو لە ئێران، بە ڕوونی قەیرانێکی چینایەتیشە.

هاوکات، ئەم قەیرانە بووەتە بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیش. لە ساڵانی ڕابردوودا، لە پارێزگا جیاجیاکاندا لەسەر مەسەلەی گواستنەوەی ئاو، بێئاوی، پیسبوونی ئاو و وشکبوونی ڕووبارەکان گەلێک جار ناڕەزایەتی دروست بووە. کاتێک خەڵک دەبینن ئاویان نییە، یان ئاویان هەیە بەڵام ناتەندروستە، و لە هەمان کاتدا حکوومەت بودجە زەبەلاحەکان لەپێناو بەرنامە سەربازی و ئەمنییەکانیدا خەرج دەکات، سروشتییە کە ڕق و تووڕەیی کۆمەڵایەتی کەڵەکە بێت. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرە گەندەڵەکانی، ناتوانن بە تاوانبارکردنی خەڵک یان گەڕاندنەوەی هەموو شتێک بۆ «دوژمنی دەرەکی»، خۆیان لە بڵێسەکانی ئەم ناڕەزایەتییە دەرباز بکەن.

چارەسەری قەیرانی ئاو ڕوونە، بەڵام بە مانەوە و بەردەوامیی ئەم دەسەڵاتە بەدەست نایەت: ڕاگرتنی دەرهێنانی زیاتر لە پێویست لە سەرچاوە ژێرزەوییەکان، چاککردنی شێوازی کشتوکاڵی پڕمەسرەف، شەفافیەتی تەواو لە پرۆژەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاو، ژیاندنەوەی گۆلاو و ڕووبارەکان، وەبەرهێنانی پێویست لە بەشی پاڵاوتن و ڕیسایکڵکردنی ئاوەڕۆ، نوێکردنەوەی تۆڕە کۆن و پرتووکاوەکانی ئاو و بەشداریی ڕاستەقینەی پسپۆڕانی سەربەخۆ لە بڕیاردان، لە زومرەی ئەم چارەسەرانەن. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە پێویستی بە حوکمڕانییەکی بەرپرس، زانستی، شەفاف و وەڵامدەرەوە هەیە، شتێکی کە کۆماری ئیسلامی ڕێک خاڵی پێچەوانەیەتی. لە ڕاستیدا کێشەکە لەسەر کەمیی ئاو نییە، بەڵکوو لەسەر حکومەتێکە کە ژیانی خەڵک و سروشتی بەرەو لێواری داڕمان بردووە.

********

## تاوانکاریی ڕژێم و ئیرادەی جەماوەر



### وتەیەک بەبۆنەی ساڵیادی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێکانی

نۆزدەی گوڵانی ١٣٨٩، ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا و ٢٣ی گوڵان ڕۆژێکی زیندووە لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستاندا. لە ڕۆژی ١٩ی گوڵاندا، ڕژێمی ئیسلامی پێنج تێکۆشەری سیاسیی کە تا دوایین ساتەکانی ژیانیان لە سەنگەری خۆڕاگریدا ڕاوەستابوون، لە سێدارە دا. فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان، پێنج ناوی کە بە خوێنی خۆیان لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان نەخشاند و لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵاندا خەڵکی کوردستان ئیرادەی ملیۆنی خۆیان لە ناڕەزایەتی دژ بەو جینایەتە نیشان دا.

لەسێدارەدانی ئەم پێنج لاوە لە کاتێکدا بوو کە شەپۆلێکی ناڕەزایەتی لە ئاستی ئێران و جیهاندا لەدژی دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو کەسانە بەڕێ کەوتبوو. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ملیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لە گۆشە و کەناری جیهان، دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرز کردبووەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هیچ گرنگییەکی بەو ناڕەزایەتییانە نەدا و حوکمەکانی لە بەرەبەیانێکی بێدەنگدا جێبەجێ کرد.

ڕژێم، ئەم لەسێدارەدانەی نەک تەنیا وەک تۆڵەسەندنەوە لە پێنج تێکۆشەری سیاسی، بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە دڵی خەڵکی کوردستاندا داڕشتبوو. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وایان دەزانی کە بە لەسێدارەدانی ئەم لاوانە، سێبەرێکی ترس و تۆقاندن بەسەر کوردستاندا دەکێشن و خەڵک چاوترسێن و بێدەنگ دەکەن. بەڵام هەر لەو ساتەی کە هەواڵی لەسێدارەدانیان بڵاو بووەوە، ڕژێم هەستی بە نەفرەت و تووڕەیی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵک کرد و لە ئەگەری پەرچەکردار و کاردانەوەی ئەوان ئێجگار ترسابوو. نیشانەی وەم ترسە لەوەدا بوو کە تەرمی گیانبەختکردووانی هەرگیز ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکردەوە، چونکە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن دەبووە دەرفەتێک بۆ کۆبوونەوە و ناڕەزایەتی. بەڵام ئەم لێکدانەوە ساویلکانەی بەرپرسانی ڕژێم دروست دەرنەچوو. خەڵکی کوردستان نەک تەنیا چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو ئاگری ڕق و تووڕەییان هەرچی زیاتر بڵێسەی سەند.

چوار ڕۆژ دوای لەسێدارەدانەکان، کۆمەڵە بۆ ڕۆژی ٢٣ی گوڵان بانگەوازی مانگرتنی گشتی دەرکرد. ئەم بانگەوازە لەگەڵ پشتیوانی و هاوکاریی حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پێشوازییەکی بەربڵاوی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە سەرتاسەری ئێران بەرەوڕوو بووەوە. ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا، یەکێک لە شکۆدارترین دیمەنەکانی هاوپشتی سیاسی بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا.

لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩دا، کوردستان یەکپارچە لە جووڵە وەستا. کرێکارانی کارگەکان و ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنان مانیان گرت. کاسبکاران دوکانەکانیان داخست و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە مانەوە.

کارمەندانی دامودەزگا حکوومی و تایبەتەکان لە چوون بۆ سەر کار خۆیان پاراست. خوێندکاران و قوتابیان، موعەلیمان و مامۆستایانی زانکۆ، پۆلەکانی خوێندنیان پەکخست. لە بچووکترین دوکانی سەر کۆڵانەکانەوە بگرە تا گەورەترین ناوەندە کارگێڕییەکان، هەموویان لەم نارەزایەتییەدا بببوونە یەکدەنگ.

ئەم مانگرتنە سیاسییە گشتییە هەموو هاوکێشەکانی ڕژێمی تێکدا. ئەوەی بڕیار بوو پەیامی ترس بێت، بوو بە گڕکانی تووڕەیی خەڵک. ئەم بزاڤە لێبڕاوانە و بەوەخت بەربڵاوە، بە ڕوونی نیشانی دا کە ڕژێم لە هەڵسەنگاندنی کاردانەوە و پەرچەکرداری خەڵکدا تووشی چ هەڵەیەکی گەورە بووە.

ئەوەی مانگرتنی ٢٣ی گوڵانی کردە ڕووداوێکی مێژوویی و لەبیرنەکراو، تەنیا ڕەهەندە بەربڵاوەکەی نەبوو، بەڵکوو ناوەڕۆکە سیاسییە قووڵەکەی بوو. ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە مانگرتنی سیاسیی گشتی شێوازێکە لە نارەزایەتی کە تێیدا دروشم و سیاسەتەکان لە ڕێگەی کارێکی گشتگیر و جەماوەرییەوە دەبنە هێزێکی ماددی. مانگرتن ڕژێم بەرەو شەڕێکی پڕ تێچوو و هیلاککەر پەلکێش دەکات، توانای سەرکوتکردنی پەکدەخات و زەمینە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو خۆش دەکات. خەڵکی کوردستان بە بەکارهێنانی ئەم تاکتیکە، دەرفەتی هەرچەشنە جموجۆڵێکیان لە هێزە سەرکوتگەرەکان سەندەوە و ڕێگەی پووچەڵکردنەوەی ئامێری سەرکوتیان بە هەموو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران نیشان دا.

مانگرتنی ٢٣ی گوڵان لە بۆشاییدا پێکنەهات. خەڵکی کوردستان لە درێژەی دەیان ساڵی ڕابردوودا چەندین جار توانا و هێزی یەکگرتووی خۆیان لە بەرامبەر ڕژێمدا نیشان داوە، لە دەنگی لێبڕاوانەی بۆ «نا» بە ڕیفراندۆمی پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨دا، تا کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان لە هەمان ساڵدا، تا مانگرتنی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٦١، شازدەی گەلاوێژی ١٣٨٤ دوای گیانبەختکردنی شوانە سەید قادری لە مەهاباد و مانگرتنە یەک لە دوای یەکەکان لە کاتی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» و مانگرتنی بەربڵاو و کەم وێنەی ١٨ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو کە ملیۆنان کەس تێیدا بەشدار بوون. ئەم مێژووە دەوڵەمەندە نیشانی دەدات کە خۆڕاگریی لە کوردستان نەک ڕووداوێکی بەڕێکەوت، بەڵکوو ڕیشەی قووڵی لە ناخی کۆمەڵگەدا هەیە.

ئەم مانگرتنانە هەروەها سەلماندیان کە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پشت سنوورەکان بە مانای کۆتایی هاتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نییە. بەپێچەوانەوە، ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای ئەم هەموو گوشارانە، لە قووڵایی کۆمەڵگەدا هەرچی زیاتر ڕەگاژۆی کردووە. کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی سیاسیی و خاوەن توانا و پۆتانسێلێکی بەرزە بۆ حیزبایەتی و کاری ڕێکخستن، کە خەڵکەکەی سەرەڕای هەژاری و دەستکورتی، ئامادەن بە سەربەزییەوە لەپێناو سەرکەوتندا لە ژیان و ماڵی خۆیان مایە دابنێن.

شازدە ساڵ بەسەر ئەو بەیانییە تاڵەدا تێدەپەڕێت. فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان ڕۆیشتن، بەڵام ئەوەی لە دوای خۆیان جێیان هێشت تەنیا یادەوەرییەکی خەمناک نییە. بەڵکوو ئەوان بە خۆڕاگرییان تا دوایین چرکە و خەڵکی کوردستان بە وەڵامی توندی ٢٣ی گوڵان، وانەیەکی گەورەیان فێر کردین، ئەویش ئەوەیە کە هیچ سێدارەیەک ناتوانێت ئیرادەی جەماوەرێکی یەکگرتوو لاواز بکات و هیچ سەرکوتێک توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هاوپشتی و یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی نییە.

********

# نان گران بوو، سفرەکان خاڵیتر لە هەمیشە

جەنگی ٤٠ ڕۆژە کۆتایی هاتووە، بەڵام سێبەرەکەی هێشتا بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێرانەوە قورسایی دەکات. ئەگەر لە ڕۆژانی شەڕدا، نیگەرانی سەرەکی بریتی بوو لە تەناهی و مانەوە، لە هەفتە و مانگەکانی دوای ئەوەدا، کێشەی سەرەکی بۆ ملیۆنان بنەماڵە بووەتە بژێوی ژیان. گرانی بێداد دەکات و سفرەی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بچووکتر دەبێتەوە. لەم نێوەندەدا، نان، ئەم سەرەتاییترین و بنەڕەتیترین کاڵای خۆراکییە، بووەتە هێمایەکی ڕوونی قەیرانی بژێوی لە ئێرانی دوای شەڕ. نان لە کولتووری ئێرانییدا تەنیا ماددەیەکی خۆراکی نییە، بەڵکوو نان واتە لانیکەمی ئیمکانی ژیان. کاتێک دەوترێت کەسێک «نانهێنەری» بنەماڵەیە، واتە باری بژێوی ماڵەکەی لەسەر شانە. بەم هۆیەوە، گرانبوونی نان تەنیا زیادبوونی نرخی کاڵایەک نییە، نیشانەیەکە لەوەی کە فشاری ئابووری گەیشتووەتە قووڵترین لایەنەکانی ژیانی خەڵک.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە هەفتەکانی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە، نرخی هەندێک لە جۆرەکانی نان لە تاران تا ٥٢ لەسەد زیادی کردووە. نانی سەنگەک لە هەندێک ناوچە گەیشتووەتە نزیکەی ٩ هەزار تمەن، بەربەری بە لە سنووری ٦٥٠٠ تمەندایە و تەنانەت نانی لەواش کە هەمیشە هەرزانترین بژاردە بوو بۆ بنەماڵە کەمدرامەتەکان، لە ٢ هەزار تمەن نزیک بووەتەوە. لەو نانەواخانانەی کە ئاردی ئازاد بەکاردەهێنن، نرخەکان هەندێک جار چەند هێندەی نرخە فەرمییەکانن. ئەم ژمارانە ڕەنگە لە ڕواڵەتدا بچووک بن، بەڵام بۆ بنەماڵەیەکی کە ڕۆژانە چەند نانێک بەکاردەهێنێت و داهاتێکی جێگیری هەیە، ئەم زیادبوونە بە واتای سڕینەوەی بەشێکی تری سفرەکەیەتی.

کێشەکە تەنیا نان نییە. دوای شەڕ ماست، کەرە، پەنیر، ڕۆن، هێلکە، برنج، دانەوێڵەکان، سەوزەوات، گۆشت و مریشک لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ لەسەد بە بەراورد بە پێش شەڕ گرانتر بوون. گۆشتی سوور بە نرخێکی لە نێوان یەک ملیۆن و نیو بۆ دووبارە ملیۆن و دووسەد هەزار تمەن بۆ هەر کیلۆیەک، بە کردەوە لە سەبەتەی کڕینی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە سڕدراوەتەوە. شیرەمەنی، میوە و تەنانەت هەندێک دانەوێڵەش چیتر بۆ زۆرێک لە بنەماڵەکان کاڵایەکی ئاسایی و ڕۆژانە نین. بەم شێوەیە، کاتێک نانیش گران دەبێت، ئیتر تەنیا یەک جۆر خۆراک گران نەبووە، بەڵکوو دوایین پەناگەی سفرەی هەژاران لە لێواری دارماندایە.

فشاری گرانی ئەو کاتە باشتر شیاوی تێگەیشتنە کە بەراورد بکرێت بە ئاستی مووچەکان. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران و فەرمانبەران لە ساڵی ١٤٠٥ نزیکەی ١٦ ملیۆن تمەن دیاریکراوە و تەنانەت کرێکارە خاوەن ئەزموونەکانیش لە باشترین حاڵەتدا نزیکەی ٢٢ ملیۆن تمەن وەردەگرن. ئەمە لە کاتێکدایە کە کرێی خانوو، دەرمان، گواستنەوە، پەروەردە و پۆشاکیش هاوکات زیادیان کردووە. لە ئاوا بارودۆخێکدا، داهاتی مووچەخۆران نەک تەنیا وەڵامدەرەوەی تێچووەکانی ژیان نییە، بەڵکوو بە کردەوە هیچ بوارێک بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژێوی خۆراک ناهێڵێتەوە. بەشێکی زۆری خەڵک چیتر توانای دابینکردنی سێ ژەمە خۆراکی تەواویان لە ڕۆژێکدا نییە و زۆرێک لە بنەماڵەکان ناچار بوون گۆشت، شیرەمەنی و میوە لە بەرنامەی خۆراکییان لابدەن.

بانکی ناوەندیش لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە هەڵاوسانی خاڵبەخاڵی کاڵاکان لە مانگی خاکەلێوەدا، بەبێ ئەژمارکردنی خزمەتگوزارییەکان، گەیشتووەتە ٩٥.٧ لەسەد. ئەم ژمارەیە بە ڕوونی دەریدەخات کە فشاری سەرەکی قەیرانەکە کەوتووەتە سەر کاڵا سەرەکییەکانی ڕۆژانە، واتە ڕێک ئەو شتانەی کە خەڵک بۆ مانەوە پێویستیان پێیەتی. لابردنی «دراوی تەرجیحی» لە بەفرانباری ١٤٠٤دا، لەگەڵ شوێنەوارەکانی شەڕ و هەڵاوسانی جیهانی، ئەم پرۆسەیەی توندتر کردووە و ئەنجامەکەشی بریتی بووە بەرزبوونەوەی ئێجگار زۆری نرخی پێداویستییە بنەڕەتییەکان.

بەڵام بۆچی نان تا ئەم ئاستە گران بووە؟ وەڵامەکەی دەبێت هەم لە سیاسەتە ئابوورییە گەورەکاندا و هەم لە دۆخی بەرهەمهێناندا بۆی بگەڕێین. یەکێتییەکانی نانەوایان لە زووەوە هۆشداری دەدەن کە تێچووی بەرهەمهێنانی نان بە شێوەیەکی بێ وێنە بەرز بووەتەوە: هەوێن، ڕۆن، کونجی، حەقدەستی کرێکار، کرێی دوکان، کارەبا و گاز، هەموویان گرانتر بوون. لە پەنای ئەمانەشدا، دواکەوتنی پێدانی یارانەی ئارد، دیاریکردنی بەش و کەمیی ئارد، و هەروەها کۆنبوونی کەرەستەکانی نانەواخانەکان، فشارەکەی چەند هێندە کردووە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، دیاریکردنی نرخی دەستووری و فەرمی چیتر ناتوانێت ڕاستییەکان بشارێتەوە. نانەوا یان دەبێت نرخ بەرز بکاتەوە، یان لە کوالێتییەکەی کەم بکاتەوە، یان کاتژمێرەکانی کارکردن کەم بکاتەوە، یان لە کۆتاییدا دایبخات.

هەر ئێستاش ڕاپۆرتە مەیدانییەکان لە شارە جیاوازەکانەوە دەریدەخەن کە سەرەی نان وەرگرتن دوور و درێژتر بووە، هەندێک نانەواخانە کاتی کارکردنیان کەم کردووەتەوە و لە ناوچە دەوڵەمەندنشینەکان، نان ئاشکرا بە نرخی ئازاد دەفرۆشرێت. لە لایەکی ترەوە، ناهاوئاهەنگی بەرپرسانی حکوومی سەرلێشێواوییەکەی زیاتر کردووە. لە کاتێکدا هەندێک نانەواخانە نرخە نوێیەکانیان جێبەجێ کردووە، هەندێک لە بەرپرسانی پارێزگاکان هێشتا باس لەوە دەکەن کە هیچ «زیادبوونێکی فەرمی» لە ئارادا نییە. ئەم دژوازییە، هەم نانەوا و هەم بەکاربەریشی تووشی دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی کردووە.

ئەوەی قەیرانی نان مەترسیدارتر دەکات، بریتییە لە کاریگەرییە یەک لەدوای یەکەکانی. نان تەنیا کاڵایەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئارد، گواستنەوە، پیشەسازیی خۆراک و تەنانەت نرخی بەرهەمەکانی تریشەوە هەیە. زیادبوونی تێچووی نان بەزۆری دەبێتە سەرەتایەک بۆ گرانتر بوونی ماکارۆنی، شیرینی، خواردنە سادەکان و پێداویستییە پەیوەندیدارەکانی تر. بە واتایەکی تر، کاتێک نان گران دەبێت، تەنیا نرخی کاڵایەک بەرز نابێتەوە؛ بەڵکوو تەواوی زنجیرەی بژێوی هەژاران دەکەوێتە ژێر فشاری هەرچی زیاترەوە.

واقعییەت ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئابووری بنەماڵە ئێرانییەکان گەیشتووەتە ئاستێک کە زۆر کەس بە «خاڵی بێ گەڕانەوە» ناوی دەبەن. کێشەکە چیتر تەنیا هەڵاوسان نییە، بەڵکوو دارمانی بەرەبەرەی هێزی کڕین و لەدەستدانی لانیکەمەکانی ژیانە. لە وەها بارودۆخێکدا، گرانبوونی نان مانایەکی ڕوونی هەیە: سفرەی خاڵیتر، بەدخۆراکی زیاتر، دڵەڕاوکێی بەردەوام و کۆمەڵگەیەکی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر دەبێت. ئەمڕۆ نان، وەک سادەترین و بنەڕەتیترین کاڵای خۆراکی، ئاوێنەی باڵانوێنی ئابووری ئێرانی پاش شەڕە، واتە ئابوورییەک کە تێیدا کاڵا هەیە، بەڵام توانای کڕین نییە، نانەواخانە کراوەن، بەڵام سفرەکان لە هەمیشە خاڵیترن.

********



# بارودۆخی سیاسیی ئێستا و ئەرکەکانی ئێمە

## ڕاپۆرتی سیاسیی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بارودۆخی ئێستای جیهان

بێگومان قسە و باسکردن لە سەر بارودۆخی سیاسیی جیهان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە، لە توانای ئەم ڕاپۆرتەدا نییە، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە زۆر بە کورتی تیشکی خستووەتە سەر هەندێک لایەنی بارودۆخی جیهان بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکانی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەژێر ڕۆشنایی ئەواندا ڕوونتر دەبنەوە.

جیهان لە ساڵی ٢٠٢٦دا بە بادۆخێکدا تێپەڕ دەبێت کە دەکرێ وەک قۆناغی کەڵەکەبوونی هاوکاتی قەیرانە پێکهاتەییەکانی سەرمایەداریی جیهانی ناوزەد بکرێت. پێوەرە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەر کامەیان بە تەنیا و زیاتر لەوەش لە پەیوەند لەگەڵ یەکتردا، دەلالەت لە قووڵبوونەوەی ئەو دژوازیانە دەکەن کە چیتر ناتوانرێت تەنیا لە «خراپیی بەڕێوەبردن»، «لادانە کاتییەکان» یان «قەیرانە کاتی و کورتماوەکان»دا کورت ناکرێتەوە. قەبارەی قەرزی جیهانی کە گەیشتووەتە نزیکەی ٢٥٠ تریلیۆن دۆلار، ئەوە تەنیا ژمارەیەکی ئابووری نییە؛ ئەم ژمارەیە بەیانگەری کەلێنێکی قووڵە لە نێوان بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و ئەو میکانیزمە داراییانەی کە بەسەر جیهاندا زاڵن. لەم نەزمەدا، سەرچاوەکان نەک لەسەر بنەمای پێویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤەکان، بەڵکوو لەسەر بنەمای لۆژیکی کەڵەکەبوونی سەرمایە، زامنکردنی قازانج و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی ئابووری، دابەش دەکرێن.

دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم لۆژیکە بریتییە لە: پەرەسەندنی نایەکسانی، قووڵبوونەوەی نائەمنی کۆمەڵایەتی، کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی قەیرانەکان. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئاستی جیهاندا وەک قەیران ئەزموون دەکرێت، لە ڕاستیدا نەک تێکچوونی ڕەواڵی کارکردنی سیستمەکە، بەڵکوو شێوازی ئاسایی کارکردنیەتی. سەرمایەداریی هاوچەرخ بۆ مانەوەی خۆی، زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە قەیران هەیە: قەیران وەک ئامرازێک بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە، وێرانکردن، گواستنەوەی سەرمایە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات.

ئەم سیستمە لە ئاستی جیهانیدا لە چوارچێوەی نەزمێکی ڕکابەری و فرەجەمسەریدا ڕێکخراوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتا ناوەندی سەرەکیی دەسەڵاتی دارایی، سەربازی و تەکنەلۆژیای جیهانە. چین وەک گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و یەکێک لە جەمسەرە سەرەکییەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە، پێگەیەکی یەکلاکەرەوەی لە ئابووریی جیهانیدا بەدەست هێناوە. ڕووسیاش بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی سەربازی و سەرچاوەکانی وزە، پێگەی خۆی لەم ڕکابەرییەدا جێگیر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دژایەتیی نێوان ئەم دەسەڵاتانە نابێت وەک بەرهەڵستیی نێوان سیستمە جیاوازەکان لێک بدرێتەوە. ئەوەی لەگەڵی بەرەوروویین، بریتییە لە ڕکابەریی ناوخۆیی لۆژیکێکی جیهانیی یەکگرتوو: لۆژیکی کەڵەکەبوونی سەرمایە، پەرەپێدانی پانتاییەکانی هەژموون، کۆنترۆڵکردنی بازارەکان، ڕێڕەوەکانی وزە و زنجیرەکانی دابینکردن.

لە ئاوا بوارێکدا، شەڕەکان و قەیرانە ناوچەییەکان ڕووداوێکی نائاسایی نین، بەڵکوو بەشێکن لە سازوکاری ڕێکخستنی ئەم ڕکابەرییە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە گرنگترین مەیدانەکانی ئەم ململانێیە؛ شوێنێکی کە شەڕ، گەمارۆ، وێرانکاری و ئاوەدانکردنەوە، هاوکات بوونەتە ئامرازی سیاسی و ئابووری. گەشەی پیشەسازییە سەربازییەکان، گواستنەوەی سەرچاوە گشتییەکان بۆ بودجە جەنگییەکان و بەکارهێنانی وێرانکاری وەک زەمینەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی بازاڕەکان، ئەوە نیشان دەدەن کە ئەمڕۆ «نیزامیگەری» یا میلیتاریزە، بەشێکی دانەبڕاوە لە ئابووریی سیاسیی سەرمایەداریی جیهانی. تێچووە سەربازییەکانی جیهان کە گەیشتووەتە نزیکەی ٢.٤ تریلیۆن دۆلار لە ساڵێکدا، لە پاڵ پەرەسەندنی هەژاری، قەیرانی قەرز و کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ماهییەتی ئەم نەزمە بە ڕوونی ئاشکرا دەکات. لەو نێوەندەدا، ئێران پێگەیەکی پەراوێزیی، بەڵام ستراتیژیی لەم نەخشەسازییە جیهانییەدا هەیە. پێگەی ژیۆپۆلیتیک، سەرچاوەکانی وزە و ڕۆڵی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا، ئەم وڵاتەی کردووەتە یەکێک لە گرێکوێرەکانی ڕکابەریی نێوان دەسەڵاتە جیهانی و ناوچەییەکان. هەر بۆیە، شەڕی ٢٠٢٦ دژی ئێران ناتوانرێت تەنیا وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیی سنووردار سەیر بکرێت. ئەم شەڕە لەسەر بەستێنی ڕکابەریی هەرچی زیاتری زلهێزەکان شکڵی گرتووە و ئاسەوارەکانی ڕاستەوخۆ قورسایی دەخەنە سەر پێکهاتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران.

هاوکات، گۆڕانی بازاڕی کاری جیهانیش یەکێکە لە گرنگترین دیاردەکانی ئەم قۆناغەی سەرمایەداری. هەلی کاری جێگیر بووەتە کارێکی دەگمەن و ناسەقامگیری بووەتە یاسا. نزیکەی ٦٠٪ی هێزی کاری جیهان، واتە نزیکەی ٢ ملیارد مرۆڤ، ئەمڕۆ بە شێوەی کاتیی، نافەرمی و بێ گرێبەستی کار، خەریکی کارکردنن. لە ئێران و ناوچەکەشدا هەر ئەم ڕەوتە بە گرێبەستە کورتخایەنەکان، پەیمانکارییە چەندین لایەنەکان، کاری نافەرمی و پەرەسەندنی کرێکاری کۆچبەر، بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەم دۆخە بێسەروبەرییەکی کاتیی نییە، بەڵکوو شێوازێکی نوێی ڕێکخستنی کارە لە سەرمایەداریی هاوچەرخدا، شێوازێک کە تێیدا مەترسی، نائەمنی و تێچووی قەیران لەسەر شانی سەرمایەوە بۆ سەر شانی کار دەگوازرێتەوە.

بەڵام قەرزی جیهانی، نایەکسانی، ناسەقامگیریی پیشەیی، شەڕ، گەمارۆ و ڕکابەریی ژیۆپۆلیتیک، پێکهاتەگەلێکی لێکدابڕاو نین، بەڵکوو دەربڕینی جیاوازی لۆژیکێکی یەکگرتوون: لۆژیکی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە لە قۆناغێکدا کە پۆتانسێلە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی لەگەڵ سنوورداروون و بەربەستی جیددی ڕووبەڕوو بوونەتەوە. وەک چۆن لە نەریتی ڕەخنەی مارکسیستی و لە بەرهەمە تیۆرییە هاوچەرخەکانی وەک «مێزارۆش»دا جەختی لەسەر کراوەتەوە، سەرمایەداری نەک کۆمەڵە سیاستێکی شیاوی ریفۆرم، بەڵکوو تێکرایەکی مێژووییە کە خاوەنی لۆژیکێکی ناوخۆیی و قەیرانخوڵقێنە.

لە ئاوا جیهانێکدا، ئەرکی مێژوویی چینی کرێکار و هێزە کۆمەڵایەتییە نارازییەکان ئەوەیە کە شێوازە پرشوبڵاوەکانی خۆڕاگریی بۆ ئاستی ڕێکخستنێکی بەردەوام، ئاگایانە و سەرتاسەری بەرز بکەنەوە. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە چەوسانەوە، نائەمنی و شەڕ دەتوانن ببنە وشیارییەکی بەکۆمەڵ و هێزێکی مادی بۆ گۆڕانکاریی پێکهاتەیی. ئەم دەرفەتە گەرەنتی نەکراوە، بەڵام ڕاستییە؛ هەر ئەم ڕاستییەیە کە خاڵی دەستپێکی هەر سیاسەتێکی ڕزگاریبەخشە لە جیهانی ئەمڕۆ و لە ئێرانیشدا.

بارودۆخی سیاسیی ئێران

پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بە نیاز نییە بە شێوەیەکی گشتگیر شرۆڤە و لێکۆڵینەوە بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێران بکات، بەڵکوو ئامانج لێی خستنەڕووی بنەمایەکی شیکاریی پێویستە لەسەر بارودۆخی دیاریکراوی ئێستا، بەمەبەستی گرتنەبەری تاکتیک و سیاسەتگەلێکی دیاریکراو. بڵاوکراوە و ئۆرگانە تەبلیغییەکانی حیزب بەردەوام لە هەوڵدان تا ئەو جێگایەی دەکرێت هیچ بۆشاییەک لەم بوارانەدا نەهێڵنەوە.

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لەم ماوەی دواییدا ٤٠ ڕۆژی خایاند و هێشتا نەبووەتە هۆی ئاگربەستێکی سەقامگیر، ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو لە ئاستی جیهانیدا. لێکەوتەکانی ئەم شەڕە کاریگەرییان کردە سەر ئابووری و سیاسەت لەسەرانسەری جیهان. بەهۆی گرنگیی ئەم بابەتەوە، ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەم پرسە تەرخان کراوە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئێمە لەو بارەیەوە دیاری دەکات، بەدوای ئەوەشدا ئەرکە لەپێشینەکانی ئێمە لە ژێر تیشکی ئەو بارودۆخەی کە ئەم شەڕە خوڵقاندوویەتی، دەستنیشان دەکرێن.

بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە شەڕی ئێران و ئیسرائیل، نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٤٠٤ دەرچووە، کە تا ئێستاش بنەمایەکە بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکانی ئێمە بەرامبەر بە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. گرنگیی ئەو بەیاننامەیە لەوەدا بوو کە هەر لە سەرەتاوە ماهیەتی شەڕەکە، پێگەی هەرکام لەلایەنەکانی ئەو شەڕە، ڕۆڵی هێزە جیهانییەکان و ئەرکی سەربەخۆی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ و کرێکاریی بە ڕوونی ئاشکرا کرد. ئەمڕۆ لە بارودۆخێکدا کە دوای ٤٠ ڕۆژ لە خولی نوێی شەڕەکە ئاگربەستێکی لەرزۆک هاتووەتە ئاراوە و چارەنووسی بەردەوامیی دانوستانەکان ڕوون نییە، پێویستە هەمان چوارچێوەی شیکاری پەرە پێ بدەین و بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە نوێیەکان، ئەرکە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی خۆمان ڕوونتر و وردتر دابڕێژینەوە.

### ١. ماهیەتی ئەم شەڕەکە

ئەم شەڕە لە هەردوولاوە کۆنەپەرستانەیە. لە لایەکەوە، کۆماری ئیسلامی ڕژێمێکی کۆنەپەرست، دژەژن، دژەکرێکار، سەرکوتگەر و دوژمنی ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵکە، ئەم ڕژێمە لەپێناو مانەوەی ئەم دەسەڵاتەدا شەڕ دەکات. لە لایەکی دیکەوە، ئیسرائیل ڕژێمێکی جینایەتکار و داگیرکەرە کە سیاسەتی کۆمەڵکوژی دژی خەڵکی فەلەستین بەڕێوە دەبات و هەوڵ دەدات هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە قازانجی خۆی بگۆڕێت. دەوڵەتی ئەمریکاش بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆماری ئیسلامی و گۆڕینی لە ڕژێمێکی دژبەرەوە بۆ هاوکارێکی ئاسایی و بەم مانایە دابینکردنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکە و پاشەکشەپێکردنی نفوزی هێزە ڕکابەرەکان، شەڕ دەکات. لەمڕووەوە، هێزێکی شۆڕشگێڕ و بەرپرسیار، نە بۆ ساتێک واز لە ستراتیژیی خەباتگێڕانەی خۆی دژبە کۆماری ئیسلامی دەهێنێت بەو بیانووەی کە ئێران کەوتووەتە بەر هێرشی دەرەکی و نە دەکەوێتە داوی هیوا هەڵچنین لەسەر ئیسرائیل و ئەمریکا وەک هێزی «ڕزگارکەر». ئەم ئاراستەیە جەوهەری سیاسەتی سەربەخۆی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی ئێمە بووە کە دەبێت هەروا بەردەوام بێت.

### ٢. ئامانجەکانی ئەم شەڕە

**«ئەلف»-** کۆماری ئیسلامی ئێران: مانەوە و ڕێگری لە هەرەسپێهێنان یان گۆڕینی ڕژێم، پاراستنی پرۆگرامی ئەتۆمی (وەک ئامرازێکی فشار)، پاراستنی توانای مووشەکی (وەک ئامرازی بەرگری)، بەردەوامیی نفوز لە وڵاتانی ناوچەکە (بۆ بەکارهێنانی هێزی ناڕاستەوخۆ) و جێگیرکردنی پێگەی خۆی وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**«ب»-** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: دەستەمۆکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی، ڕێگری لە بوونی ئێران بە هێزێکی سەرکێش و هەوسارپچڕاو و ناچارکردنی بە قبوڵکردنی یاساکانی سیستەمی ناوچەیی دڵخوازی ئەمریکا بەبێ ئەوەی بیهەوێت ڕژێم بگۆڕێت. هەروەها دڵنیابوون لە ئاسایشی ئیسرائیل وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی، سنووردارکردنی مەودای نێوان ئێران و هێزەکانی وەک چین و ڕووسیا، و کۆنترۆڵکردنی هێنان و بردنی وزە (نەوت و گاز).

**«ج»-** ئیسرائیل: ئامانجەکانی ئیسرائیل زیاتر ئەمنی و بێ ئەوپەڕن: ڕووخاندن یان هەرەسپێهێنانی کۆماری ئیسلامی وەک ئامانجێکی سەرەکی، ڕێگری لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بە هەر شێوەیەک بێت، لاوازکردنی هێزی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی و لێدان لە تۆڕی هێزە پرۆکسییەکانی.

بەڵام بنبەستی دانوستانەکانی ئێستا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆماری ئیسلامی ئامادە نییە دەستبەرداری ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی خۆی بێت، چونکە ئەوە بە مانای لەدەستدانی مانەوەی خۆی دەبینێت. ئیسرائیل ئەم ئامرازانە بە هەڕەشەیەکی قبوڵنەکراو دەزانێت. ئەمریکاش لە نێوان ئەم دووانەدا، لە هەوڵی ئاراستەی قەیرانەکەدایە بەبێ ئەوەی بچێتە ناو شەڕێکی نەخوازراوی هەمەلایەنە و پڕ تێچوو. لە ئاکامدا، نە شەڕ توانیویەتی ئەم دژوازییە چارەسەر بکات و نە دیپلۆماسی، و ئێستا ململانێ لە ئاستە جیاوازەکاندا بەردەوامە.

### ٣. دوو هەڵوێستی جیاواز

بەرامبەر بەو ڕووداوانەی بوونە هۆی کوشتاری مانگی بەفرانبار و گیانلەدەستدانی هەزاران کەس و هەروەها بەرامبەر بە شەڕی ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، دوو ڕوانگەی جیاواز لە نێوان لایەنە جیاجیاکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا دروست بوو:

ڕەوتێک (چ لە بەرەی ڕاستی سەڵتەنەتخواز و چ لە ناو بەشێک لە هێزە چەپەکان): بە پشتبەستن بە هەژانی سیاسی و هەڵسەنگاندنی بەپەلە، بەوپەڕی بێباکییەوە خەڵکیان بانگهێشتی سەر شەقامەکان دەکرد یان شەڕی دەرەکییان وەک «هەلێکی زێڕین» بۆ ڕووخانی ڕژێم دەبینی. ئەم ڕوانگەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگیی هێز، ئامادەیی ڕێکخراوەیی، ڕێبەریی و تێچووی مرۆیی، بە کردەوە جەماوەری بێ دیفاع لەبەردەم ئامێری سەرکوت یان وێرانکارییەکانی شەڕدا بە تەنیا جێدەهێشت.

لە بەرامبەردا ڕەوتێکی تر: هۆشداریی دەدا کە بانگەوازی هاتنە سەر شەقام بەبێ ڕێکخستن، ڕێبەریی و بەرنامەیەکی ڕوون، لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی دەستی لەسەر پەلەپیتکەیە، دەکرێت کارەساتی لێبکەوێتەوە. ئەم ڕەوتە جەختی لەسەر شێوازە کاریگەرتر و کەمتێچووەکانی خەبات، لەوانە مانگرتنی گشتی، ڕێکخراوی گەڕەک و ناوەندەکانی کار دەکردەوە. سەبارەت بە شەڕیش، بڕوای وابوو کە هێرشی دەرەکی نەک نابێتە هۆی ئازادی، بەڵکوو دەکرێت کۆمەڵگە لە خەباتی سەربەخۆ لەدژی ڕژێم پاشەکشە پێ بکات و فەزای ئەمنییەتی توندتر بکات و تەنانەت یارمەتی مانەوەی حکومەت بدات.

ئەزموونی کردەیی دەریخست کە سیاسەتی یەکەم سەرکێشانە و نابەرپرسانە بوو. بەڵام سیاسەتی دووەم واقیعبینانەتر و بەرپرسانەتر بوو. پاشەکشەی هەنگاو بە هەنگاوی لایەنگرانی هەڵوێستی یەکەم، بەبێ دانپێدانانی ڕاشکاو بە هەڵەکانیاندا، ناتوانێت لە چاوی کۆمەڵگەی وشیار بشاردرێتەوە.

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦

### ٤. ئاسۆی چاوەڕوانکراو لە کورت ماوەدا

بە ئەگەرێکی زۆر، دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکا ئەگەر تەنانەت نەشگاتە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی و بەردەوام، لانیکەم دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی ئاگربەست و دروستبوونی قۆناغی «نە شەڕ، نە ئاشتی». ئەم قۆناغە دەکرێت دانوستانی درێژخایەن، هەڕەشەی دوولایەنە و فشارە سیاسی و ئابوورییەکان لەخۆ بگرێت.

ئەمریکا لەوانەیە بەهۆی بەراوردکاری قازانج و تێچووەکانی، مەیلی لە دەسپێکردنەوەی خێرای شەڕ نییە و پێی باشە هەمان سیاسەتی «فشاری زۆرینە» بە شێوازی جۆراوجۆر درێژە پێبدات. ئەمە بەو مانایەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ژێر فشاری توندا دەمێنێتەوە و دەخرێتە بەردەم دووڕیانێکی مێژوویی:

**«ئەلف»-** پاشەکشە و گۆڕینی ئارایشی ناوخۆیی دەسەڵات: تەسلیمبوونی ڕێژەیی لە بەرامبەر فشارەکاندا، کە ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕینی دەموچاوەکانی ڕێبەری لە داهاتوودا بەمەبەستی پاراستنی کۆی سیستەمەکە بە تێچوویەکی کەمتر.

**«ب»-** هەنگاونان بەرەو مۆدێلی مانەوە لە ڕێگەی دابڕان و پەراوێزکەوتنەوە: تەسلیمنەبوون دەکرێت بە مانای هەڵبژاردنی ڕێگەی سەرکوت، ئابووریی داخراو و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بێت وەک گرەنتی کۆتایی بۆ مانەوە ( مۆدێلێکی هاوشێوەی کۆریای باکوور). بەڵام ئەم ڕێگەیە تەنها دواخستنی کارەساتە و ئەگەر ئەم بژاردەیە بگیرێتە بەر، دەستبەسەرکردنەوەی شەڕێکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل دەبێتە ئەگەرێکی زۆر جیدی.

لە هەردوو بارەتەکەدا، ئەنجامەکە ڕوونە: قەیرانی ڕژێم چارەسەر نابێت، بەڵکوو تەنها شێوازەکەی دەگۆڕێت.

### ٤. ئێرانی دوای شەڕ

کۆماری ئیسلامی بەبێ دەستڕاگەیشتن بە داهاتە نەوتییەکان، بەبێ هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ فرە لایەنەکان و بەبێ کرانەوەی بەڕووی سەرمایە و تەکنەلۆژیای دەرەکیدا، ناتوانێت ژێرخانە زیانلێکەوتووەکان بونیاد بنێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئابووریی ئێران پێش شەڕیش لە قەیرانێکی قووڵدا بوو. ئێستا سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دوای شەڕ، ئەم قەیرانە توندتر دەکاتەوە. لێکەوتە خێرا و دەستبەجێکانی بریتین لە: بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، گرانی و هەڵاوسانی لەرادەبەدەر، پەرەسەندنی هەژاری و نایەکسانی و فشاری بژێوی بۆ سەر چینی کرێکار و توێژە هەژارەکان. ئەمە بەو مانایەیە ئەو شەڕەی کە کۆماری ئیسلامی لێی ڕزگار بووە، وردە وردە دەبێتە زەمینەساز بۆ قەیرانی داهاتووی.

بەڵام لە هەمان کاتدا، کۆتایی هاتنی شەڕ یان کەمبوونەوەی نیگەرانییەکان لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی، بوار خۆش دەکات بۆ کۆمەڵگەیەکی کە لە ژێر سێبەری شەڕدا ویست و داواکارییەکانی هەڵپەساردبوو، بۆ ئەوەی هەناسەیەکی تازە هەڵبکێشێت و خۆی بۆ خولێکی نوێ لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئامادە بکات. لەم فەزایەدا، داواکارییەکانی وەک نان، کار، ئازادی، جارێکی تر دەبنەوە بە تەوەرەی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

دواین قۆناغی دوای شەڕ، قۆناغی پێناسە کردنەوەی ئیعتیباری سیاسی هێزەکانیشە. لەم ساتەوەختە مێژووییانەدا، کۆمەڵگە وردە وردە لە دروشمە گشتییەکان تێدەپەڕێت و دەگاتە دادوەرییەکی بابەتییانە لەسەر حیزب و هەڵسووڕاوە سیاسییەکان و ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە: کێ لە کاتی شەڕدا هەستی بە ئازاری خەڵک کرد و کێ بووە دیلی هاوکێشەکانی دەسەڵات و خۆشباوەڕی خۆی؟ ئەو لایەنانەی کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی لێکەوتە مرۆییەکان، پێشوازییان لە شەڕ کرد، تووشی لاوازی و داخورانی ئیعتیبار دەبنەوە. لە بەرامبەردا، ئەو هێزانەی کە توانییان هەم لەگەڵ شەڕ و هەم لەگەڵ ئەو سیستەمەی شەڕ بەرهەم دەهێنێت، سنووربەندی بکەن، دەرفەتی زیاتریان دەبێت بۆ دانانی کاریگەری و بەدەستهێنانی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا.

### بەشی دووەم: ئەولەوییەتەکان و ئەرکەکانی ئێمە

#### ١- ڕزگاربوون لە دوو وەهم و خۆشباوەڕی زیانبەخش:

**یەکەم:** وەهم و خۆشباوەڕی بە ڕزگاربوون لە دەرەوە، نە فشاری دەرەکی، نە هێرشی سەربازی و نە دەستێوەردانی هێزە جیهانییەکان، هیچکامیان ڕێگای ئازادیی جەماوەری خەڵکی ئێران خۆش ناکەن و تێچووی ئەم فشارانە تەنها خەڵک دەیدات.

**دووەم:** سەرکەوتن تەنها دەتوانێت بەرهەمی ئاوێتە بوونی سێ بابەت بێت کە ئەویش بریتییە لە: ئاگاهی، ڕێکخراوبوون و ڕێبەریی. لە نەبوونی ئەمانەدا، بانگەواز بۆ ڕژانە سەر شەقام، تەنها زیانگەیاندن و بردنەسەرەوەی تێچووی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگایە. قەیرانە ناوخۆییەکانی ڕێژیم و کەلێن و ناکۆکییەکان لە سەرەوەش، لە نەبوونی ئامادەیی بەو مانایەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، نابێتە هۆی ڕزگاری جەماوەر. مەودای نێوان لاوازبوونی حکومەتێک و ڕووخانی ئەو حکوومەتە، تەنها بە هێزی ڕێکخراوی جەماوەر پڕ دەبێتەوە.

#### ٢. پێویستی دارشتنی تاکتیکی ڕوون، لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژی گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

**«ئەلف»-** سەرکەوتنە بە ڕواڵەت بچووکەکان بە جددی وەربگرین. خەڵک لە هەر دەستکەوتێکی بچووک، وزە وەردەگرن بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونەکانی ٤٧ ساڵی ڕابردوو، بە دەرئەنجامێکی دیاریکراو دەگەین، ئەویش ئەوەیە کە هەموو پاشەکشەکانی ئەم ڕژێمە تەنانەت لەو بوارانەشدا کە بە ئاشکرا لەگەڵ سروشت و ئایدۆلۆژییەکەی ناتەبا بووە، تەنها بە هۆی گوشاری خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی جەماوەر بەسەریدا سەپێنراوە.

**«ب»- کردنی گوشاری کۆمەڵایەتی بە ڕێکخراوبوونی بەردەوام**

قۆناغی داهاتوو، بریتی دەبێت لە قۆناغی بەردەوامبوونی فشار بۆ سەر حکوومەت. بەڵام ئەگەر بڕیار وایە ئەم فشارانە ببنە هۆی باشتربوونی ڕاستەقینەی بارودۆخی ژیانی خەڵک و کرانەوەی سیاسی، مەرجێکی یەکلاکەرەوە لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لە هەناوی هەر خەباتێکی لۆکاڵی یان سەرتاسەریدا، بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر بێینە دەرەوە. ئەزموونی ساڵانی دوایی نیشانی داوە کە ڕێگای داهاتووی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێران، لە ڕاپەڕینە خۆڕسک و کتوپڕەکانەوە تێناپەڕێت، هەرچەند ئەو ڕاپەڕینانە قارەمانانە و بەربڵاویش بن، بەڵام بەبێ ڕێکخراو و ڕێبەرایەتییەکی بەردەوام، بە ئامانج ناگەن. ئەم ڕاپەڕینانە دەتوانن دیواری ترس بڕووخێنن، بەڵام بە تەنیا ناتوانن هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی بەردەوام بگۆڕن. هەر بۆیە، ئەرکی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە لە ژێر تیشکی ستراتیژییەکی ڕوونی حیزبیدا، تاکتیکی سیاسیی بەردەست، کردەیی و ڕێکخەر دیاری بکەین. تەوەرەی ئەم تاکتیکانە دەبێت بریتی بێت لە دروستکردن و بەهێزکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان. دەبێت لە ناو جەرگەی خەباتی ڕۆژانە لەپێناو نان، کار، ئازادی، یەکسانی و هیتردا... ئەم تۆڕە ڕێکخراوانە بونیاد بنرێن.

کۆتاییهاتنی شەڕ دەتوانێت و دەبێت ببێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بەربڵاو و وشیارانە بۆ بەدەستهێنانی مافی مانگرتن و مافی خۆڕێکخستن. تا ئەو کاتەی ئەم مافانە بە شێوەیەکی فەرمی و کردەیی بەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتدا نەسەپێندرێن، خەبات بۆ داواکارییە بژێوییەکان بە ناچاری بە پرشوبڵاوی، لێرەولەوێ و کەم کاریگەر دەمێنێتەوە. بەڵام بە سەپاندن و جێگیرکردنی ئەم مافانە، خەبات بۆ نان، شوێنی نیشتەجێبوون، تەندروستی و پەروەردە دەکەوێتە سەر ڕێڕەوێکی سەرتاسەری و کاریگەرتر و ڕێگا بۆ هەنگاوەکانی دواتر خۆشتر دەبێت.

ئەمڕۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان زیاتر لە هەر کاتێکی تر، پێویستییان بەوەیە کە لە تەنیایی و پرشوبڵاوی بێنە دەرەوە، ئەڵقەکانی هاوپشتی لە ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان دروست بکەن، لە پێکهێنانی سندووقێکی هاوپشتیی داراییەوە بگرە تا شێوازی بەرینتری خۆڕێکخستن. بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆ و ڕاستەقینەکان، دەبێت هەنگاوی بچووک بەڵام بەردەوام هەڵبگرن. قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان نیشانیان داوە کە تەنیا لە هەناوی یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوون و خەباتی بەکۆمەڵدایە کە دەتوانرێت لە بەرامبەر ئەم تۆفانەدا ڕاوەستین و ئاسۆی ژیانێکی شایستەتر بکەینەوە.

#### ٣. جێگە و پێگەی بەرجەستەی بزووتنەوەی کرێکاریی

لە نێوان هەموو بوارانەدا، بزووتنەوەی کرێکاری خاوەن جێگە و پێگەیەکی سەرەکییە. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری بتوانێت لە قۆناغی دوای شەڕدا دوو داواکاریی سەرەکی، واتە مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی مانگرتن بە مانا بەرفراوانەکەی بەسەر حکومەتدا بسەپێنێت، گرێکوێرەی زۆرێک لە بزووتنەوەکانی تریش دەکرێتەوە.

مافی مانگرتن تەنیا بە مانای دەستکێشانەوە لە کار نییە. مانگرتن ئەگەر بە فەرمی بناسرێت، لە هەناوی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک ماف و ئیمتیازاتی دیکەشە لەوانە: مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان، پارێزراوبوون لە دەرکردن و سزادان بەهۆی مانگرتنەوە، مافی گفتوگۆ و وتووێژی بەکۆمەڵ و واژۆکردنی گرێبەستی بەکۆمەڵ، مافی زانیاریگەیاندن بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی گشتی، مافی هاوپشتی و بانگەواز بۆ مانگرتنی پشتگیری، مافی ئەمنییەتی جەستەیی کرێکاران لە کاتی مانگرتندا، مافی ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە بەردەم ناوەندەکانی کار، مافی دەستڕاگەیشتن بە شوێنی کار و هەروەها مافی بەهرەمەندبوون لە پشتگیریی کۆمەڵایەتی و دارایی، لەوانە سندووقەکانی مانگرتن. بە واتایەکی تر، مانگرتن تەنیا ڕاگرتنی کار نییە، بەڵکوو گۆڕینی هێزی پرشوبڵاوی کرێکارانە بۆ فشارێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەر.

لە تەنیشت ئەوەدا، مافی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ هەیە، مافێکی کە لەسەر بنەمای ئەو، کرێکاران دەبێت بتوانن بە ئازادی سەندیکا، یەکێتی، ئەنجومەن یان هەر ناوەندێکی پیشەیی سەربەخۆی تر دروست بکەن، پێوەی پەیوەست بن، نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بەرگری لە مافە پیشەیی، مەعیشەتی و مرۆییەکانی خۆیان بکەن. مەرجی ئەم مافە، بریتییە لە قەدەغەکردنی دەرکردن، هەڕەشە، فشار، دۆسیە بۆ دروستکردن و هەر چەشنە ڕێگرییەک لە چالاکیی پیشەیی. ڕێکخراوی سەربەخۆ واتە کرێکار لە دۆخی تاکەکەسیی تەنیا و بێ پشتوپەنا بێتە دەرەوە و ببێتە بەشێک لە ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ.

بەبێ ئەم دوو مافە، چینی کرێکار بەردەوام بە پرشوبڵاوی، بێپەنایی و سەرکوتکراوی دەمێنێتەوە. بەڵام بە سەپاندنی ئەم دوو مافە، دەرفەتی پەیوەندی نێوان خەباتە پیشەیی و سیاسییەکان، نێوان داواکارییە ئابووریی و ئازادییە دیمۆکراتییەکان و هەروەها نێوان بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، دەڕەخسێت.

### بەشی سێیەم: ئەرکەکانی ئێمە لە کوردستان

#### ١- ئاراستەی تاکتیکی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکان

لە بارودۆخی ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەزموونی خەباتگێڕانەی ئەم کۆمەڵگەیە، پێویستە هەڵسووڕاوانی حیزبی هەرچی زیاتر بەرەو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتی و جەماوەریانە هەنگاو بنێن کە ڕیشەیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەیە. خەباتی سیاسی ئەگەر لە واقیعی کۆمەڵگە و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کرێکاران، ژنان، لاوان، مامۆستایان، کۆڵبەران و زەحمەتکێشانی شار و لادێ دوور بکەوێتەوە، لە ئاستی تەنیا دروشمێکی گشتی و زێهنی دا دەمێنێتەوە. هەر بۆیە ئاراستەی تاکتیکی لەم قۆناغەدا دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە چالاکیی سیاسی و حیزبی لەناو جەرگەی خەباتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەیی هەبێت و لە ڕێگەی ڕێکخستن و وشیارکردنەوەوە، ڕێگا بۆ ئامانجە ستراتێژییەکان خۆش بکات.

تاکتیکەکانی ئەمڕۆ نابێ وەک پرسێکی جیا لە ئامانجە کۆتاییەکان سەیر بکرێن. بەپێچەوانەوە، هەر هەنگاوێک بۆ ڕێکخستنی کرێکاران، هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان، هەر حەرەکەتێک لە پێناو ئازادییە دێموکراتییەکان، چالاکییە کولتووری، هونەری، ژینگەیی و داواکارییەکانی خوێندن بە زمانی دایکی، ئەگەر لە چوارچێوەی ئاسۆیەکی ڕوونی کۆمەڵایەتیدا بێت، دەبێتە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی خەبات بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی. سیاسەتی تاکتیکی، پردێکە لە نێوان پێداویستییە هەنووکەییەکانی جەماوەر و ئامانجە ستراتیژییەکانی داهاتوو. پردێکی کە لە لایەکەوە بارودۆخی ژیان تارادەیەک باشتر دەکات و لە لایەکی ترەوە جەماوەر لەگەڵ پێویستی ڕێکخستن و یەکگرتوویی و دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی خۆیاندا ئاشنا دەکات.

یەکێک لە بوارە گرنگەکانی ئەم ئاراستەیە، بریتییە لە ئامادەیی چالاکانەتر لە ئەنجومەنە پیشەییەکانی ئەو کرێکارانەی کە لە شارەکانی کوردستاندان. چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە بارودۆخێکدا دەژین کە هەڵاوسان، بێکاری، حەقدەستی کەم، نەبوونی بیمە و ئاسایشی پیشەیی، ژیانیانی بە توندی خستووەتە ژێر گوشارەوە. هەڵسووڕاوانی حیزبی دەبێ لە ناو جەرگەی خەباتی ئێستای کرێکاراندا حزووریان هەبێت، لە بەدواداچوونی داواکارییە بژێوییەکان، لە پشتگیریکردنی کرێکارانی بیناسازی، کرێکارانی خزمەتگوزاری، کرێکارانی وەرزی و کۆڵبەران و لە دروستکردنی سندووقەکانی هاوپشتی داراییدا ڕۆڵی کردەیی بگێڕن. چالاکییەکی لەو شێوەیە، ئەزموونی ڕێکخراوەیی، بڕیاردانی بەکۆمەڵ و پشتبەستن بە هێزی خۆیانیان فێر دەکات. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە خەباتی ڕۆژانە لەپێناو نان و کار، بە ئاسۆیەکی فراوانتری دەسەڵاتی جەماوەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێتەوە.

یەکێک لە بوارە گرنگەکانی تر، بریتییە لە ڕێکخستنی ژنان لە دەوری مافە بنەڕەتییەکان و لەسەر بنەمای «بەیاننامەی مافەکانی ژن». چەوسانەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وەک هەموو شوێنەکانی تری ئێران، بە پێکهاتە چینایەتی، پیاوسالاری، ئایینی و سیاسییەکانەوە گرێ دراوە. لە کوردستاندا، ژنان هاوکات ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی چەوسانەوە دەبنەوە، لەوانە هەڵاواردنی ڕەگەزی، گوشارە نەریتی و ئایینییەکان، نایەکسانی ئابووری، توندوتیژی بنەماڵەیی، کوشتنی ناموسی، سنووردارکردنی هەلی کار و بەشداری کۆمەڵایەتی و بێبەشبوون لە مافی یەکسان لە ئەندامانی بنەماڵە و کۆمەڵگە. لەمڕووەوە، دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆڕ و کۆبوونەوە ناوخۆییەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت لە گۆڕینی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی. خەبات بۆ مافی پۆشینی جلوبەرگی دڵخواز، مافی کارکردن، حەقدەستی یەکسان، مافی تەڵاق، مافی بەخێوکردنی منداڵ، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و بەرگری لە سەربەخۆیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژنان، بەشێکە لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاد لە داهاتوودا.

هەر هەنگاوێک کە ژنان لە گۆشەگیری بێنێتە دەرەوە و بیانکات بە هێزێکی ڕێکخراو و دەخالەتگەر لە کۆمەڵگەدا، لە ڕاستیدا هەنگاوێکە لە بە ئاراستەی گۆڕانکارییەکی قووڵتری کۆمەڵایەتی.

بەرگری لە ئازادییە دێموکراتیک و مەدەنییەکانیش یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم سیاسەتە. ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕێکخراوبوون، ئازادی نارەزایەتی، ئازادی ڕۆژنامەگەری، مافی کۆبوونەوە، مافی چالاکی حیزب و ئەنجومەنەکان و مافی دەخالەتی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا، لە زومرەی ئەو داواکارییە گشتی و گرنگانەن. لە کوردستان، ئەم داواکارییانە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئاوێتە بوون. خەڵکی کوردستان نەک تەنیا خوازیاری نەهێشتنی هەڵاواردنی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە کەشوهەوای ئەمنییەتین، بەڵکوو خوازیاری بەشداری ڕاستەوخۆن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی خۆیاندا. کەواتە چالاکی لە بواری ئازادییە دێموکراتیکەکاندا دەبێ لەسەر بنەمای «بەیاننامەی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان» و «بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری» بەرەو پێش بچێت. بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و چالاکانی کۆمەڵایەتی، نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سەرکوتکردنی کۆڵبەران، کرێکاران، ژنان و گەنجان، خواستی نەهێشتنی کەشوهەوای سەربازی و ئەمنییەتی لە شار و گوندەکان و پەرەپێدانی بیرۆکەی شوڕا و ناوەندە جەماوەرییەکان، هەموو ئەمانە دەتوانن ئازادی سیاسی لە دروشمێکی گشتییەوە بگۆڕن بۆ پێویستییەکی زیندوو و ڕۆژانەی خەڵک.

چالاکی فەرهەنگی، هونەری، ژینگەیی و بەرگری لە خوێندن بە زمانی دایکیش، دەبێ پێگەیەکی دیاری هەبێت لە کار و ئەرکی کۆمەڵایەتی هەڵسووڕاواندا. فەرهەنگ و هونەر لە زومرەی کاریگەرترین ئامرازەکانن بۆ پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری بەرینی خەڵک. شیعر، مۆسیقا، شانۆ، ئەدەبیات، سینەما، هونەری سەرشەقام و چالاکییە فەرهەنگییە ناوچەییەکان دەتوانن پەیامی ئازادی، یەکسانی و خۆڕاگریی بە زمانێکی بەرجەستە و شیاوی تێگەیشتن، بگەیەنن. لە تەنیشت ئەوەشدا، بەرگری لە زمانی کوردی و مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرگرییە لە مافی یەکسانی خەڵکی کوردستان. ئەم داواکارییە دەبێ بە خەبات بۆ خوێندنی بێبەرامبەر، یەکسان، دێموکراتیک و ڕزگارییەخشەوە گرێ بدرێت. هەروەها قەیرانی ژینگە، لەناوچوونی دارستانەکان، کەمئاوی، پیسبوونی ژینگە، تێکدانی لەوەڕگەکان و بێبایەخی بەرامبەر بە سەرچاوە سروشتییەکان، ڕاستەوخۆ هەڕەشەن بۆسەر ژیانی زەحمەتکێشان، گوندنشینان و نەوەکانی داهاتوو. چالاکییە ژینگەییەکان دەتوانن گەنجان، موعەلیمان، خوێندکاران، گوندنشینان و هەڵسووڕاوانی شار، لە مەیدانێکی هاوبەشدا کۆبکەنەوە و هەستی بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ بەرامبەر بە داهاتووی کۆمەڵگە بەهێز بکەن.

خاڵی یەکلاکەرەوە لە هەموو ئەم بوارانەدا، گرێدانی داواکارییە نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی و دیموکراتیکەکانە لە قاڵبێکی کۆمەڵایەتی و زیندوودا. هیچ کام لەم داواکارییانە نابێت بە جیا لە یەکتری ببینرێن. کۆڵبەر تەنیا قوربانیی هەژاری نییە، بەڵکوو هاوکات قوربانیی چەوسانەوەی نەتەوەیی، نادادی ئابووری، سەرکوتی ئەمنییەتی و نەبوونی هەلی یەکسانە. ژنی کرێکاری کورد تەنیا لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی بەرەوڕوو نابێتەوە، بەڵکوو هاوکات لە ژێر فشاری ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەییشدایە. موعەلیمێکی کە بۆ خوێندن بە زمانی دایک خەبات دەکات، تەنیا داواکارییەکی فەرهەنگی ناخاتە ڕوو، بەڵکوو بۆ دادپەروەری پەروەردەیی، دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیش تێدەکۆشێت. کەواتە ئەرکی هەڵسووڕاوان ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییانە لە کردەوەدا، لە دروشمەکاندا، لە ڕێکخراوەکاندا و لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا نیشان بدەن تا کرێکار، ژن، گەنج، خوێندکار، مامۆستا، کۆڵبەر و گوندنشین، خۆیان بە بەشێک لە خەباتێکی هاوبەش بزانن.

گرنگیی ئەم ئاراستانە لەوەدایە کە ئامانجە درێژخایەنەکان لە ئاستی دروشمەوە دەگۆڕێت بۆ ئەزموونی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئامانجی کۆتایی، کۆمەڵگەیەکی ئازاد، یەکسان، شوورایی، سۆسیالیستی و پشتبەستوو بە دەسەڵاتی جەماوەر، ئەم کۆمەڵگەیە دەبێت لە ئەمڕۆوە لە شێوازی بچووکتردا ڕاهێنان و ئەزموون بکرێت. کاتێک کرێکاران بۆ بەرگری لە مافەکانیان ئەنجومەن، کۆمیتە یان سندووقی هاوپشتی دروست دەکەن، لە ڕاستیدا ڕاهێنان لەسەر بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵ دەکەن. کاتێک ژنان ڕێکخراوی سەربەخۆ پێکدەهێنن، بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دادەڕێژن. کاتێک خەڵک بۆ زمانی دایک، ئازادی ڕێکخراوەیی، ژینگە و مافە دیموکراتیکەکان خەبات دەکەن، مافی دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی خۆیان دەهێننە مەیدان. ئەمانە پێکهاتە زیندووەکانی ڕێگای گەیشتن بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتین.

لەسەر ئەم بنەمایە، جێبەجێکردنی سیاسەتێکی لەو شێوەیە دوو ئەنجامی هاوکاتی هەیە. یەکەم، بارودۆخی ژیانی خەڵک تا ئەو شوێنەی دەکرێت و بە شێوەیەکی ڕێژەیی باشتر دەکات، چونکە خەبات بۆ حەقدەست، بیمە، ئاسایشی پیشەیی، مافەکانی ژنان، ئازادییە مەدەنییەکان، خوێندن بە زمانی دایک و پاراستنی ژینگە، وەڵامدانەوەیە بە پێویستییە ڕاستەقینە و دەستبەجێیەکانی کۆمەڵگە. دووەم، ئاسۆی شۆڕش و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕوونتر و بەرجەستەتر دەکاتەوە، چونکە خەڵک لە ڕەوتی ئەم خەباتانەدا فێر دەبن کە بەبێ ڕێکخراو، هاوپشتی و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خۆیان ناتوانن چارەنووسیان بگۆڕن. بەم شێوەیە، خەباتی جەماوەری و کۆمەڵایەتی نە پاشەکشەیە لە ئامانجە ستراتیژییەکان و نە جێگرەوەیانە، بەڵکوو ڕێگای ڕاستەقینەی لێ نزیکبوونەوەیانە.

لە کۆتاییدا، شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە فەرمان، دروشم یان چاوەڕوانییەکی بێدەنگ دروست نابێت. شۆڕش بەرهەمی کەڵەکەبوونی ئەزموون، ڕێکخستن، وشیاری، متمانە، هاوپشتی و ئامادەیی چالاکانەی جەماوەرە لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەدا. سیاسەتی دروست لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە هەڵسووڕاوانی حیزبی لە ناو جەرگەی کۆمەڵگە، لە تەنیشت خەڵک و لە ناو دڵی داواکارییە زیندووەکانیاندا بن، خەباتە پرشوبڵاوەکان پێکەوە گرێ بدەن، ئاسۆی ڕزگارییەخش و یەکسانیخوازانە لە کردەوەدا نیشان بدەن و هەنگاو بە هەنگاو مەرجە دەروونی و بابەتییە پێویستەکان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی فەراهەم بکەن. ئەمە هەمان ئەو ڕێگایەیە کە هەم ژیانی ئەمڕۆ ئینسانی تر دەکات و هەم ئاسۆی داهاتوویەکی ئازاد، یەکسان و پشتبەستوو بە ئیرادەی جەماوەر دەکات بە واقیعێکی بەردەست تر.

**دووەم:** ئەمنییەت و بەردەوامیی کار، مانگەکانی یەکەمی دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، لە زومرەی هەستیارترین ڕۆژەکانن. ڕژێم لەم قۆناغەدا پەلەیەتی، دەیەوێت پێش دروستبوونی هەر شەپۆلێکی نارەزایەتی، دەستبەکار بێت. ئەم مەترسییە بە تایبەتی ڕوو لە چالاکانی سیاسییە لە ئاستە جیاوازەکاندا. ئەم پرسە تەنیا پەیوەندی بە کوردستانیشەوە نییە. هەموو چالاکانی ناوەوەی وڵات دەبێ بەوپەڕی وشیارییەوە بجوڵێنەوە. ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێ بپارێزرێت. لەم قۆناغەدا دەبێ لەسەرخۆ بن. دەبێ وریابن. تا ئەو کاتەی حیزب لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانی خۆیەوە ئاراستەیەکی ڕوونتر ڕادەگەیەنێت، دەبێ لە هەر کارێکی کە بیانوو بداتە دەست هێزە سەرکوتگەرەکان، خۆبپارێزرێت. وشیاریی ئەمڕۆ، مەرجی بەردەوامیی خەباتی سبەینێیە.

### ٢- تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بەم بەشەی تەشکیلاتی کۆمەڵە، هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە قۆناغی دوای شەڕدا بارودۆخی کاری ئێمە لەم ناوچەیەدا دەگۆڕێت، شێواز و ڕەهەندەکانی ئەم گۆڕانکارییە هێشتا ناتوانرێت بە وردی دیاری بکرێت. ئەوەی مسۆگەرە، کۆماری ئیسلامی فشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چڕتر دەکاتەوە بەمەبەستی سنووردارکردنی هەرچی زیاتری چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن. ئێمە ڕادەیەکی دیاریکراو لەم فشارانەمان دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان ئێران و عێراق ئەزموون کردووە و خۆمان بۆ چۆنییەتی خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێدا، ڕاهێناوە. ئەم سیاسەتە پێشتر بە وردی دارێژراوە و هەندێکیشی جێبەجێ کراوە: دوو ئەسڵی بنەڕەتی چاودێری هەنگاوەکانمان دەکەن: یەکەم، بەردەوامیی بەشە سەرەکییەکانی کار و چالاکی کۆمەڵە نابێت پەکی بکەوێت. دووەم، ئاسایش و کاروباری ژیانی هاوڕێیانی ئەم بەشەی تەشکیلات نابێت بکەوێتە مەترسییەوە.

**بەشی سێیەم**

**سیاسەت و ئاراستەی ئێمە لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات**

ئەرکەکانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی پەسەندکراوی کۆنفرانسی چواردەهەم لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە دەبێت:

**١. بەهێزکردنی حیزبییەت:** بەهێزکردنی دیسیپلینی تەشکیلاتی، دروستکردنی پەیوەندی ڕێکوپێک لە نێوان ئۆرگانەکاندا، پابەندبوون بە ئەساسنامە یان پەیڕەوی ناوخۆ، بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری سیاسی ئەندامان و پاراستنی کرداری یەکگرتووانە سەرەڕای هەبوونی جیاوازی بیروڕا.

**٢. پشتگیریکردنی کۆمەڵە و بزووتنەوەی کوردستان:** ناساندنی کۆمەڵە بە ڕای گشتی جیهانی وەک تەنیا ڕەوتێکی چەپی بەرپرسیار لە ناوچەکە، هاوکاری لەگەڵ نوێنەرایەتی کۆمەڵە و دابینکردنی پێویستییە دارایی و کادرییەکان.

**٣. پەرەپێدانی ئەندامگیری:** ڕاکێشانی هێزی چەپ و ئازادیخوازی زیاتر بۆ ناو حیزب لە ڕێگەی بەرنامە و پلانی دیاریکراوەوە.

**٤. کاری هاوبەش لەگەڵ ڕەوتە چەپەکان، لەوانە:** بەڕێوەبردنی کەمپەین و سیمیناری هاوبەش و هاوکاری ڕەخنەگرانە لەگەڵ هێزە چەپەکانی تر.

**٥. بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری:** فشار خستنە سەر ڕژێم، بەدەستهێنانی پشتگیری ڕێکخراوە کرێکارییە نێودەوڵەتییەکان و بەهێزکردنی کۆمیتەکانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێران.

**٦. بەشداری لە بزووتنەوە دژە سەرمایەدارییەکان:** ئامادەیی چالاکانە لە بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتانی خانەخوێ.

**٧. بەرگری لە مافی پەنابەران:** یارمەتیدانی کۆچبەران لە پرۆسەی پەنابەریدا، ئاشناکردنیان بە یاساکان و پاراستنیان لە بەرامبەر دەستدرێژییەکان.

**٨. بەهێزکردنی خەباتی ژنان:** پشتگیریکردن لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بەهێزکردنی ئاراستەی سۆسیالیستی تێیدا.

**٩. بەهێزکردنی میدیاکان:** پشتگیری ماددی و مەعنەوی لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کۆمەڵە و حیزب.

١٠. حزووری ڕێکخراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا: بڵاوکردنەوەی بەردەوام و هەماهەنگی دیدوبۆچوونەکانی حیزب لەلایەن سەرجەم ئەندامانەوە.

**بەشی چوارەم**

**پێویستیی لێک نزیکبوونەوەی چەپ**

ئەم ڕاپۆرتە لە بواری سیاسەتی لێک نزیکبوونەوەی هێزە چەپەکان لەسەر ئاستی کوردستان و لەسەر ئاستی سەرانسەری، دوو پاشکۆی لەگەڵە کە تێیاندا سیاسەتی ئێمە لەم بارەیەوە ڕوون کراوەتەوە و دەبنە بنەمای سیاسەتمان لە قۆناغی داهاتوودا:

**١- ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە پێویستیی هاوپەیمانیی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان لە کوردستان.**

**https://ln.run/QtlP٧**

**٢- بانگەواز بۆ تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە لە کوردستان.**

**https://ln.run/QwOnL**

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٢ی ئایاری ٢٠٢٦**

********

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦

# سێدارە چەکێکی ژەنگاوی و کوردستان سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان



**ن : ئازاد**

مێژووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، مێژوویەکە پڕ لە خوێن و سێدارە، مێژوویەکە کە تێیدا «پەتی سێدارە» وەک تاقە وەڵامی ڕژێم بۆ داخوازییە مرۆییەکان بەکار هاتووە. نۆزدەی گوڵانی ١٣٨٩ی هەتاوی، تەنیا ساڵیادی لەدەستدانی پێنج مرۆڤی ئازادیخواز نییە، بەڵکوو ساڵیادی شکستی ستراتیژیی «ترس و تۆقاندن»ە لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵایینی جەماوەردا.

لەو بەرەبەیانەدا، کاتێک جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی پەتیان خستە گەردنی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان، وایان دەزانی دەتوانن دەنگی «قوتابخانەی ئەلفوبێی» ئازادی کپ بکەن و ئاسۆکانی ڕزگاریی کوردستان لێڵ بکەن. بەڵام ئەوەی ڕژێم لێی تێنەگەیشتبوو، ئەوە بوو کە ئەوان تەنیا ناو نین، بەڵکوو مانیفێست و مەشخەڵی هەمیشە داگیرساوی وەستانەوەن لە بەرامبەر سیستەمێکدا کە زمانی دیالۆگی تەنیا «پەت و سێدارەیە و فەرزاد و هاوڕێکانی پێش ئەوەی بگەنە سەر سەکۆی سێدارە، لەناو دڵ و ویژدانی زیندووی کۆمەڵگادا ببوونە ڕەمزی خۆڕاگریی. فەرزاد کەمانگەر تەنیا مامۆستایەکی پۆلەکانی خوێندن نەبوو، بەڵکوو مامۆستایەکی سیاسیش بوو کە دەیویست مافی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ فێری قوتابییەکانی بکات. ئەو لە نامەکانیدا دەگێڕێتەوە کە چۆن دەکرێت لە پشت دیوارە سارد و سڕەکانی زیندانیشەوە، دڵ بۆ ماسییە بچکۆلەکان لێ بدات و تۆوی هیوای گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕوون بچێنرێت. تاوانی فەرزاد و هاوڕێیانی، نە ترس بوو و نە توندوتیژی، بەڵکوو بڕوایان بوو بە دونیایەکی بەدوور لە ستەم و چەوسانەوە، دونیایەک کە تێیدا کرێکاران، ژنان و نەتەوە ستەملێکراوەکان، ببنە خاوەن ئیرادە و چارەنووسی خۆیان.

ئەگەر ١٩ی گوڵان ڕۆژی تاقی کردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی بوو، ٢٣ی گوڵانیش ڕۆژی نمایشکردنی هێزی ڕاستەقینەی جەماوەر بوو. مانگرتنی سەرتاسەریی کوردستان لەو ڕۆژەدا، تەنیا نارەزایەتییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو «ڕێفراندۆمێکی کردەیی» بوو دژ بە سیستەمی پەت و سێدارە. کوردستان لەو ڕۆژەدا بە شار و گوندەکانییەوە، بە کارگە و بازاڕ و قوتابخانەکانییەوە، یەکدەنگ بوو بە پەیامێکی ڕوون: «ئێوە دەتوانن گیانمان لێ بستێنن، بەڵام ناتوانن ئیرادەمان بشکێنن.» ئەم مانگرتنە شکۆدارە، کە بە بانگەوازی کۆمەڵە و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان و پشتیوانیی ئازادیخوازانی ئێران ئەنجام درا، پێناسەیەکی نوێی بۆ خەباتی مەدەنی و سیاسی هێنایە ئاراوە. سەلماندی کە کوردستان نەک تەنیا لە شاخەکانەوە، بەڵکوو لە ناو جەرگەی شارەکان و لە ڕێگەی یەکگرتوویی جەماوەرییەوە، دەتوانێت ئامێری سەرکوتی ڕژێم پەک بخات.

ئەو هێزەی کە لە ٢٣ی گوڵاندا مێژووی خوڵقاند، هەمان ئەو هێزەیە کە لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا ترسی مەرگی خستە گیانی دیکتاتۆریی ئیسلامییەوە. کوردستان نیشانی داوە کە «سێدارە» ناتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم بزووتنەوەیەکدا کە بە هەوێنی بیری یەکسانیخوازی، ئازادیخوازی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، شکڵی گرتووە.

ئەگەرچی تەرمی ئەو پێنج ئەستێرە گەشەی کوردستان تا ئێستاش لای داگیرکەران بە دیل گیراوە و شوێنی گۆڕەکانیان نادیارە، بەڵام ئەمڕۆ ناوی فەرزاد و شیرین و هاوڕێکانیان لە هەموو قوتابخانەیەک، لە هەموو ماڵێک و لە هەموو سەنگەرێکی خەباتدا دەزرینگێتەوە. ئەوان نەمردن، بەڵکوو بوونە هەوێنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکان و ئاخێزە بەردەوامەکانی دوای خۆیان. لە ساڵیادی ئەم تاوانە گەورەیەدا، جارێکی دیکە جەخت دەکەینەوە کە ڕەمزی ڕزگاربوون لە دەست سێدارە و ستەم، تەنیا و تەنیا بریتییە لە یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوون و خەباتی بەردەوامی جەماوەریی. کوردستان سەلماندوویەتی کە سەنگەرێکی لە شکان نەهاتووە و هەرگیز لە ئاست ستەم و سەرەڕۆیی ئەم ڕژێمە جینایەتکارەدا بێدەنگ نابێت.

********

# ڕۆژی جیهانیی مامۆستا، بیرهێنانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزی مامۆستایان لە ئێران




پێنجی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێک لەلایەن یونسکۆ و ڕێکخراوی جیهانیی کارەوە وەک ڕۆژی جیهانیی موعەلیم ناودێر کراوە، ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە جێگە و پێگەی موعەلیمان، لێکۆڵینەوە لە کێشە و گرفتەکانیان و بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆڵەی کە لە بنیادنانی دوارۆژی کۆمەڵگاکاندا دەیگێڕن. بەڵام لە ئێران، ئەم بۆنەیە بیرهێنەرەوەی خەبات و تێکۆشانی مێژوویی و بارودۆخی نالەباری ئەو موعەلیمانەیە کە سەرەڕای ڕۆڵی سەرەکی و بنیاتنەرانەیان لە کۆمەڵگادا، بە دەست هەژاری و نایەکسانییەوە دەناڵێنن.

لە ئێران، ڕۆژی ١٢ی گوڵان وەک ڕۆژی موعەلیم دەناسرێت، بەڵام ئەم ڕێکەوتە دوو گێڕانەوەی تەواو جیاوازی هەیە،

گێڕانەوەی یەکەم: دەگەڕێتەوە بۆ ئەبولحەسەن خانعەلی، موعەلیمی ٢٩ ساڵەی فەلسەفە و زمانی عەرەبی، کە لە ١٢ی گوڵانی ١٣٤٠دا لە کاتی کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیی هەزاران کەس لە موعەلیمان لەبەردەم مەجلیسی شووڕای میللی، بە فیشەکی بەرپرسی پۆلیسی بەهارستان گیانی لەدەستدا. موعەلیمان لەو ڕۆژەدا بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە لەخوارەوەبوونی حەقدەستەکانیان کۆببوونەوە. کوژرانی خانعەلی شەپۆلێک لە مانگرتن و خۆپیشاندانی لێکەوتەوە و سەرەنجام ڕژێمی شای ناچار کرد هەندێک ڕیفۆرم و چاکسازی لە حەقدەستی موعەلیماندا بکات. لەو کاتەوە، ١٢ی گوڵان بۆ موعەلیمانی خەباتکار، وەبیرهێنەرەوەی ئەم و خەبات و گیانبازییە مێژووییەیە. لەلایەکی ترەوە گێڕانەوەی فەرمی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕۆژە پەیوەست دەکاتەوە بە ڕووداوی کوژرانی مورتەزا موتەهەری، یەکێک بیردۆزانی حکوومەت، کە ڕۆژی ١١ی گوڵانی ١٣٥٨ لەلایەن گرووپی فورقانەوە تیرۆرکرا و دواتر بە ڕۆژێک دواخستن، ١٢ی گوڵانی وەک ڕۆژی موعەلیم ڕاگەیاندووە.

ڕەنگە تاڵترین و بەئازارترین ڕاستی لە بارەی موعەلیمانی ئێران، بریتی بێت لە باردۆخی ژیان و گوزەرانیان. بەپێی ئامارەکانی یونسکۆ، یەک لەسەر سێی موعەلیمانی جیهان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بەڵام لە ئێران ئەم ڕێژەیە زۆر لەوە بەرزترە. زیاتر لە سێ لەسەر چواری موعەلیمانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان و زۆربەیان ناچارن پەنا ببەنە بەر کار و پیشەی دووەم و سێیەم. موعەلیمانی خانەنشینکراویش لە دۆخێکی زۆر لەوە خراپتردان، ئەوانەی کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان بە حەقدەستێی کەم لەپێناو پەروەردەکردنی نەوەکاندا تەرخان کردووە، لە سەردەمی پیری و بەساڵاچووندا لەگەڵ دەستکورتی و هەژاری دەست و پەنجە نەرم دەکەن.

دۆخی موعەلیمان لە ساڵانی ڕابردوودا نەک هەر باشتر نەبووە، بەڵکوو ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر بووە. لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤دا شایەتی بە دەیان موعەلیم و خوێندکار گیانیان لەدەستدا و دەستبەسەرکران. شۆڕای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی موعەلیمانی ئێران باس لە سەرکوت و دەستگیرکردنی هەڵسووڕاوانی پیشەیی دەکات و جەخت دەکاتەوە کە سەرکوت و بەرەوڕووبونەوەی ئەمنییەتی لەگەڵ داواکارییە پیشەییەکان هەروا بەردەوامە. دوایین ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لانیکەم ١٢ موعەلیم لە شارە جیاجیاکان دەستگیر کراون و بەشێکیان تا ئێستاش لە گرتووخانەکاندا دەستبەسەرن.

ویست و داواکاریی موعەلیمانی ئێران ڕوون و عادڵانەن، لەوانە:

زیادکردنی حەقدەست بۆ سەرووی هێڵی هەژاری.

دابینکردنی بیمەیەکی کارا.

یەکسانکردنی مووچەی خانەنشینان لەگەڵ شاغڵان.

دابینکردنی بژێوی ژیان و شکۆمەندییەکی کە شایستەی جێگە و پێگەی ئینسانی ئەوان بێت.

خوێندنی بێبەرامبەر و بە کوالێتی بۆ هەموو منداڵان، بەتایبەت لە ناوچە بێبەشەکان و هەروەها دابینکردنی ستاندارد و سڵامەتیی قوتابخانەکان و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی بازرگانیکردن بە خوێندن و ئەمنییەتی کردنی چالاکی موعەلیمان.

سەرەڕای ویست و داواکارییە ماددییەکان، موعەلیمانی شەریف و خەباتکاری ئێران لە دەستتێوەردانی ئایین لە خوێندن و جێبەجێکردنی پڕۆژە گەلێکی کۆنەپەرستانەی وەک هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەرنامە ئایدیۆلۆژییەکان ئازار دەچێژن. ئەوان ناچار بوون پەروەردەیەک بەرەوپێش ببەن کە تا سەر ئێسقان ئاوێتەی خورافات و کۆنەپەرەستییە. کۆماری ئیسلامی لەبری وەڵامدانەوە بەم داواکارییانە، پەنای بردووەتە بەر زیندانی کردن، دەرکردن و دروستکردنی بەربەستی پیشەیی موعەلیمان. بەڵام ئەم فشارانە نەیانتوانیوە مامۆستایان چاوترسێن بکات و خەبات بۆ بەدیهێنانی ویست و داواکاریی و ئازادی هاوکارە زیندانی کراوەکانیان، بێ پسانەوە بەردەوامە.

ڕۆژی جیهانیی موعەلیم، ڕۆژی وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە یەکەم چەخماخەکانی بیرکردنەوە، لە قوتابخانەکانەوە دەست پێدەکات. جیهانی ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە موعەلیمانی پسپۆڕ، ئاسودەخاتر و خاوەن ڕۆحێکی مرۆڤانەی بەرز هەیە. بەڵام ئەمە بەدی نایەت مەگەر ئەوەی کە موعەلیمان لە کەمترین مەرجەکانی ژیانێکی شایستە بەهرەمەند بن و بتوانن بەبێ خەمی بژێوی ژیان و ترس لە ئەمنییەتی بوون، سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی پەروەردەیی خۆیان بن.

ڕۆژی موعەلیم لە ئێران، لە هەموو ئەو کەسانە پیرۆز بێت کە لە سەختترین بارودۆخدا چرای زانستیان بە گەشاوەیی هێشتۆتەوە. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە بزووتنەوەی کرێکاری و موعەلیمانی ئێران، لە ڕیزێکی یەکگرتووانەدا، هاوهەنگاو لەگەڵ سەرجەم زەحمەتکێشان و ستەمدیتووان، بەرەو دوارۆژێکی باشتر هەنگاو بنێن کە تێیدا موعەلیم و خوێندکار لە سایەی دادپەروەری و ئازادیدا هەناسە بکێشن.

********

# ئازادیی چاپەمەنی مافی سەرجەم کۆمەڵگەیە بۆ زانینی ڕاستی



سێی ئایار، بەرامبەر بە ١٣ی گوڵان، ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنییە، ئەو ڕۆژەی کە ساڵی ١٩٩٣ لە چل و هەشتەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناودێر کرا. لە بەیاننامەی ئەو کۆبوونەوەیەدا هاتبوو: بوونی ڕۆژنامەگەریی ئازاد، گشتگیر و سەربەخۆ، یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک. ئەم ڕستەیە، ئەگەرچی دەربڕی ڕاستییەکی ئاشکرایە، بەڵام ئەزموونی جیهان نیشانی دەدات کە هەر ئەم مافە سەرەتاییە، لە زۆر وڵاتدا ڕۆژانە لەلایەن دەوڵەتەکان، خاوەن دەسەڵات و سەرمایە و ناوەندە ئەمنییەکانەوە پێشێل دەکرێت.

ئازادیی چاپەمەنی تەنها مافی ڕۆژنامەنووسان نییە، بەڵکوو مافی سەرجەم کۆمەڵگەیە بۆ زانینی ڕاستی. کۆمەڵگەیەکی کە لە دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بە هەواڵ و شرۆڤە بێبەش بکرێت، لە دەرفەتی بڕیاردانی ئاگایانە، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیشی بێبەش دەبێت.

ئامارە جیهانییەکان نیشانی دەدەن کە ئازادیی چاپەمەنی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕووی مەترسییەکی جیدی بووەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور، ساڵی ٢٠٢٥ نزیکەی ٣٣٠ ڕۆژنامەنووس لە سەرانسەری جیهان لە زینداندا بوون و لانیکەم ١٢٩ ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی میدیایی کوژراون، ژمارەیەکی کە بەپێی ڕاپۆرتەکان، بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوە لە سەرەتای ئامارگیریی جیهانی، واتە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە.

لەو نێوەندەدا، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی، یەکێک لە ڕەشترین دۆسیەکانی هەیە لە بواری سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان، نووسەران و چالاکوانانی میدیایی. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکار لە ئازادیی چاپەمەنی، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە یەکێکە لە گەورەترین زیندانەکانی ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا ئەژمار دەکرێت. لە ئێران، دەستبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان زۆرجار ڕەوتێکی ئاڵۆز و جۆراوجۆرە: دەستبەسەرکردن، ئازادکردنی کاتیی، بانگکردن بۆ لێپێچینەوە، هەڕەشە، دروستکردنی دۆسیە، قەدەغەکردنی کار و هەندێکجاریش سەرلەنوێ دەستبەسەرکردنەوە. هەربۆیە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەوانەی لەژێر گوشاری ئەمنی و دادوەریدان، زۆر زیاترە لەو کەسانەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە زیندانن.

ئەو تۆمەتانەی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە ئێران دەخرێنە ڕوو، زۆربەیان گشتی، سیاسی و ئەمنین، لەوانە: پڕوپاگەندە دژی نیزام، هەوڵدان لەدژی ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکاری لەگەڵ میدیا بیانییەکان، شێواندنی بیروڕای گشتی یان سوکایەتی بە پیرۆزییەکان و ڕێبەریی. ئەم تۆمەتانە ئامرازێکن بۆ کپکردنی دەنگە سەربەخۆ و ڕەخنەگرەکان. لە ڕاستیدا ئەوەی بە تاوان دادەنرێت، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری، پرسیارکردن، ڕیسواکردن و لەقاودانی گەندەڵییەکانە. ئەو ڕۆژنامەنووسەی گەندەڵیی ئابووریی بەرپرسان ئاشکرا دەکات، ئەو پەیامنێرەی دەنگی بنەماڵە دادخوازەکان دەگەیەنێت، ئەو نووسەرەی باس لە هەژاری، بێکاری، ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، هەڵاواردنی ڕەگەزی یان سەرکوتی خۆپیشاندانەکان دەکات، ڕووبەڕووی دەزگای ئەمنی و دادوەری دەبێتەوە.

هەڵبەت مێژووی سانسۆر و سەرکوتی چاپەمەنی لە ئێران تەنها ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویشدا سانسۆر، داخستنی بڵاوکراوەکان و زیندانی کردنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان شتێکی باو بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر لە مانگەکانی یەکەمی دوای ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ەوە، سەرکوتکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و چاپەمەنیی کردە یەکێک لە پایەکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی. فەرمانی خومەینی بۆ «شکاندنی قەڵەمەکان» و هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەکان، بڵاوکراوەکان، زانکۆکان و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکان، سەرەتای پرۆسەیەک بوو کە وردە وردە ئێرانی کرد بە زیندانێکی گەورە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کۆمۆنیست، ئازادیخواز، سەربەخۆ و پێشکەوتنخواز. سەرکوتی چاپەمەنی لە پاڵ هێرش بۆ سەر زانکۆ، هێرش بۆ سەر کوردستانی شۆڕشگێڕ و سەرکوتی خەباتی کرێکاران، ژنان و نەتەوە ژێردەستەکان، بەشێک بوو لە پرۆژەیەکی بەربڵاوتری کۆماری ئیسلامی بۆ خامۆشکردنی شۆڕش و کۆتایی هێنان بە ئامانجە ئازادیخوازییەکانی خەڵک.

لە کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژنامەنووس نەک تەنها لەگەڵ سانسۆری فەرمی، بەڵکوو لەگەڵ «خۆسانسۆرییەکی سەپێندراویشدا بەرەوڕووە. ئەو دەزانێت کام وشەیە دەبێتە هۆی بانگکردن، کام ڕاپۆرت دەبێتە هۆی دەستبەسەرکردن و کام ئاشکرا کردن و لەقاودان دەبێتە هۆی زیندان و ئەشکەنجە. لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە بە ڕۆژنامەنووس دەوترێت چی بڵێت و چی نەڵێت، چی بنووسێت و چی نەنوسێت. تەنانەت ئەو میدیایانەی کە لە چوارچێوەی پاراستنی نیزامدا بەڵام بە ئاراستەیەکی جیاواز کار دەکەن، ئەگەر لە هێڵە سوورە ئەمنییەکان تێپەڕن، تەحەممول ناکرێن. ڕۆژنامەکان دادەخرێن، مۆڵەتی بڵاوکراوەکان هەڵدەوەشێندرێتەوە، ڕۆژنامەنووسان مافی نووسین و کارکردن و چوونە دەرەوەی وڵاتیان لێ زەوت دەکرێت.

بازنەی سەرکوت تەنها ناوخۆی وڵاتی نەگرتووەتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کۆماری ئیسلامی، بریتییە لە گوشار خستنە سەر ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی وڵات. هەڕەشە، پەروەندەسازی، گوشار بۆ سەر بنەماڵەکانیان لە ناوخۆی ئێران و هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسە دوورخراوەکان، نیشانی دەدات کە سەرکوتی میدیایی لە کۆماری ئیسلامیدا ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە. لە پاڵ ئەمانەشدا، پچڕان و کۆنترۆڵکردنی ئینتەرنێت بووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی سەرکوت. لە کاتە هەستیارەکان و کاتی نارەزایەتییەکاندا، سنووردارکردن یان بڕینی ئینتەرنێت نەک تەنها پەیوەندییەکانی خەڵک تێکدەدات، بەڵکوو ڕێگری دەکات لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکوت و کوشتار و دەرفەت دەداتە حکومەت کە لە تاریکیی هەواڵیدا پەنا بباتە بەر توندوتیژی.

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ئاشکراکردنی دزی و گەندەڵیی بەرپرسانی حکوومی تاوانە، بڵاوکردنەوەی وێنەی توندوتیژیی هێزە ئینتزامییەکان، سپای پاسداران و بەسیج تاوانە، ڕووماڵکردنی نارەزایەتییەکانی کرێکاران، خوێندکاران، ژنان و خانەنشینان تاوانە، نووسین لەسەر هەژاری، بێکاری و هەڵاواردن، بە «تێکدانی نەزمی گشتی» لەقەڵەم دەدرێت، قسەکردن لەسەر چەوسانەوەی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بە «جوداییخوازی» و تاوان دەژمێردرێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕاستییەکی گرنگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو سەرکوتەکان، نەیتوانیوە ڕەوتی گەیاندنی زانیاری بوەستێنێت. ئەمڕۆ بە یارمەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، میدیا سەربەخۆکان، ڕۆژنامەنووسانی دوورخراوە، شارۆمەند-پەیامنێرەکان، چالاکوانانی کرێکاری، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و خەڵکی ئاسایی، هەواڵی تاوانەکان، گەندەڵی، تاڵان و سەرکوت زیاتر لە هەر کاتێکی تر بڵاو دەبێتەوە. هەرچەندە حکوومەت هەوڵ دەدات بە زیندان، ئەشکەنجە، هەڕەشە و سانسۆر ڕاستییەکان بشارێتەوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕیسوا دەبێت.

ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی دەبێ وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییە بێت کە ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی ڕێکخراوبوون، ئازادیی حیزبەکان، ئازادیی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن، کۆبوونەوەی نارەزایەتی، پێکهێنانی سەندیکا و دەستڕاگەیشتنی ئازادانەی هەمووان بە ئینتەرنێت، میدیا گشتییەکان، ڕادیۆ، تەلەویزیۆن و بڵاوکراوەکان، مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکن. هەڵوەشاندنەوەی هەر چەشنە سانسۆرێک و کۆتاییهێنان بە سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام ئەم ئازادییانە بە تکاکردن لە دەسەڵات بەدەست نایەن. ئەزموونی ئێران و جیهان نیشانی داوە کە ئازادیی چاپەمەنی و مافی خەڵک بۆ زانین، تەنها لە ڕێگەی خەباتی بەردەوام، ڕێکخراو و کۆمەڵایەتییەوە مسۆگەر دەبێت. بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسی زیندانی، بەرگریکردنە لە کۆمەڵگەیەک کە دەیەوێت ڕاستییەکان بزانێت و چارەنووسی خۆی بە ئاگاییەوە دیاری بکات. ئازادیی قەڵەم، ئازادیی خەڵکە، و بەبێ ئەو، هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت ئازاد و یەکسان و ئینسانیی بێت.

********

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦

# پەرەسەندنی ئێعدامە سیاسییەکان لە ئێران، ٢٠ ئێعدام لە ٤٢ ڕۆژدا



لە کاتێکدا کە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە پێی ناوەتە نێو سێیەمین مانگی خۆی و سەرنجی جیهان لەسەر گۆڕانکارییە مەیدانی و دیپلۆماسییەکانە، کۆماری ئیسلامی لە پشت پەردەی ئەو شەڕەدا، یەکێک لە خوێناویترین قۆناغەکانی لەسێدارەدانی ناڕەزایانی سیاسی تێپەڕاندووە. تەنیا لە ٤٢ ڕۆژی ڕابردوودا، لانیکەم ٢٠ زیندانی سیاسی پەیوەندیدار بە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ لەسێدارە دراون و ٤٤ کەسی دیکەش لە ڕیزی لەسێدارەداندان.

لەسێدارەدانی ناڕەزایانی دەستبەسەرکراو لە ٢٨ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە دەستی پێکرد. لەم ڕۆژەدا، ساڵح محەمەدی، سەعید داودی و مەهدی قاسمی لە زیندانی ناوەندیی قوم لەسێدارە دران. ڕۆژی ١٠ای خاکەلێوەی ١٤٠٥، محەممەد تەقەوی سەنگدەهی و ئەکبەر دانشوەرکار ئێعدام کران. ڕۆژێک دواتر، بابەک عەلیپوور و پویا قوبادی بێستوونی لەسێدارە دران. ڕێکەوتی ١٣ای خاکەلێوە، ئەمیرحسێن حاتەمی لەسێدارە درا. سێ ڕۆژ دواتر، هاو دۆسیەکانی ئەو، واتە محەممەدئەمین بێگلەری و شاهین واحیدپەرەست، لە زیندانی قزڵحەسار لەسێدارە دران و عەلی فەهیم ڕۆژی ١٧ای خاکەلێوە لە هەمان زیندان لەسێدارە درا. وەحید بەنیعامریانیش لە ١٥ای خاکەلێوە ئێعدام کرا.

لە درێژەی ئەم شەپۆلەدا، ئەمیرعەلی میرجەعفەری ڕۆژی ١ای گوڵان و عیرفان کیانی ٥ی گوڵانی ١٤٠٥ لەسێدارە دران. دواتر، ساسان ئازادوەری تەمەن ٢١ ساڵ و پاڵەوانی کاراتەی کیۆکوشین، ڕێکەوتی ١٠ای گوڵان لە زیندانی ناوەندیی ئیسفەهان لەسێدارە درا. ئەو دەیەمین نارەزای بوو کە لە پەیوەند لەگەڵ نارەزایەتییەکانی بەفرانبار لەسێدارە درا. دوایین قوربانییەکان تا ئێستا بریتین لە یەعقوب کەریمپوور (٤٣ ساڵ) و ناسر بەکرزادە (٢٦ ساڵ) کە سەرلەبەیانی ١٢ی گوڵان لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەسێدارە دران. هەر دووکیان لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە دانپێدانان کرابوون.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کردووە کە لانیکەم ٤٤ نارەزای دیکە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە کە لە نێوانیاندا ٢ ژن و ٣ تازەلاو هەن کە لە کاتی دەستبەسەرکردنیاندا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵ بووە. ناوی هەندێک لەوان بریتین لە: مەنسوور جەعفەری(١٧ ساڵ)، شاهین سولەیمانی (٢٣ ساڵ)، حسێن قەڵعەبەیگی (٢٢ ساڵ)، ڕەزا موئەزەنی (٢٣ ساڵ)، یاسر موختاری، موسلیم حەیدەری، ڕەمەزان ئەسەدی، ئەبولفەزل هاشمیان، جەواد تاڵبپوور، دانیال هاروونی، مەهدی ئەسکەندەری، نەوید شیرانی، سەید ڕەزا حەسەنلو، داود ئەمینزادە، موبین سوڵتانی و پێژمان حەقیقیان کە سەرجەمیان لە زیندانی ناوەندیی ئیسفەهان ڕاگیراون.

میدیا حکومییەکان لە کردەوەیەکی دژە مرۆیی دا، «دانپێدانانە» زۆرەملێکانی محەممەد عەباسی (٥٥ ساڵ) و کچەکەی واتە فاتیمەیان بڵاوکردەوە. عەباسی لە لقی ١٥ای دادگای ئینقلابی تاران بە سەرۆکایەتی دادوەر سەڵەواتی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا. کچەکەی، فاتیمە عەباسی، سزای ٢٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە.

ئەبولفەزل ساڵحی سیاوەشانی (٥١ ساڵ)، شەهاب زوهدی (٣٨ ساڵ) و یاسر ڕەجائیفەریش لە دۆسیەیەکدا لەگەڵ ٧ تۆمەتباری دیکە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە. ٤ کەس لە تۆمەتبارانی ئەم دۆسیەیە لە کاتی شەڕی ئەمدواییەدا لەسێدارە دران.

سێ تازەلاوی دیکە، بە ناوەکانی ئێحسان حوسێنیپوور حەسارلو (١٩ ساڵ)، مەتین محەممەدی (١٧ ساڵ) و عیرفان ئەمیری (١٧ ساڵ) لەگەڵ مریەم هەداوەند، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە. پارێزەری ئێحسان، میلاد پناهیپوور، هۆشداری داوە کە ئەم دۆسیەیە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینەی لەسەر نییە و تەنیا لەسەر بنەمای دانپێدانانی زۆرەملێی کە لەژێر ئەشکەنجەدا وەرگیراو، دروستکراوە.

غوڵامحسێن موحسنی ئێژەیی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، بە ڕاشکاوی جەختی لەسەر جێبەجێکردنی خێرای سزاکانی لەسێدارەدان کردووەتەوە. مەحموود ئەمیری موقەدەم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لەم بارەیەوە دەڵێت: «کۆماری ئیسلامی توانای بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی وڵات و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵکی نییە، مەشروعییەتی خۆی لەدەستداوە و بۆ پاراستنی دەسەڵات پەنای بردووەتە بەر سەرکوت و دروستکردنی زاڵکردنی ترس و تۆقاندن. سزای لەسێدارەدان هێشتا بەهێزترین ئامرازی حکومەتە بۆ دروستکردنی ئەم ترسە.

ناوبراو هەروەها دەڵێت: «کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە یاسای نوێی سیخوڕی، ڕەوتی جێبەجێکردنی سزاکانی لەسێدارەدانی نارەزایانی خێراتر کردووە. ئەم ڕەوتە پرۆسەیەکی دادوەری نییە، بەڵکوو بەشێکە لە هەڵمەتێکی ڕێکخراوی توندوتیژی دەوڵەتی. سزاکانی لەسێدارەدان ئەنجامی دادگاییگەلێکی زۆر نادادپەروەرانەن کە تێیاندا لە بری بەڵگەی باوەڕپێکراو، دانپێدانانەکانی ژێر ئەشکەنجە بە هەند وەرگیراوە. ئێمە ئەم لەسێدارەدانە سیاسییانە بە توندی ئیدانە دەکەین. کۆماری ئیسلامی بە هەر یەک لەم ئێعدامانە، نە تەنیا ژیان لە مرۆڤێک زەوت دەکات، بەڵکوو لاپەڕەیەکی دیکە لە داماویی و سەرلێشێواوی خۆی لە وەڵامدانەوە بە داخوازییە ڕەواکانی خەڵک نیشان دەدات. هەڵواسینی تازەلاوانی وەک مەتین محەممەدی و عیرفان ئەمیری کە لە کاتی دەستبەسەرکردندا تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە و ژنانی وەک مریم هەداوەند و بێتا هیمەتی ئەولاتر لە هەر وەسفێکی دڕندانەیە.

دڵمان لەگەڵ ئەو بنەماڵە داغدارانەیە کە ئازیزەکانیان لەم شەپۆلە خوێناوییەدا لەدەست داوە: دایکی ساسان ئازادوەری کە بۆ دوا دیداری جگەرگۆشەکەی بانگ کرا، باوک و دایکی ساڵح محەمەدی، سەعید داودی و مەهدی قاسمی، بنەماڵەی ئەمیرعەلی میرجەعفەری و عیرفان کیانی، و سەرجەم ئەو بنەماڵانەی کە ئازیزانیان لە زیندانەکانی قوم، ئیسفەهان، قزڵحەسار و ورمێ لەسێدارە دران.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت لە بەرامبەر ئەم تاوانانەدا بێدەنگ بێت. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بە دروستی داوا دەکات کە «ڕاگرتنی سزای لەسێدارەدان ببێتە یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکان لە هەر جۆرە دانوستانێکدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی».

********

# مەرگی بەشێنەیی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا

لەو ڕۆژانەی کە کەشوهەوای سیاسیی ئێران و ناوچەکە کەوتووەتە ژێرسێبەری شەڕ، دانوستان، هەڕەشەی سەربازی، گەرووی هورمز و ململانێ نێودەوڵەتییەکان، مەترسییەکی گەورە لە حاڵی شکلگرتندایە: فەرامۆشبوونی بەندکراوانی سیاسی. کۆماری ئیسلامی بەردەوام ساتەوەختەکانی قەیران، شەڕ و گوشاری دەرەکی بۆ شاردنەوەی سەرکوتی ناوخۆیی بەکار هێناوە. لە دۆخێکی ئاوادا، بەندکراوانی سیاسی، ئەقیدەتی، مەدەنی، کرێکاری، خوێندکاری و ژنانی نارازی، زیاتر لە هەمیشە دەکەونە بەر مەترسیی بێدەنگکردن، بێدیفاعی و مەرگی خامۆش.

ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانە سەبارەت بە خراپیی باری تەندروستیی نێرگس محەمەدی، براوەی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی، دوای چەندین جار بێهۆشبوون و کێشەی دڵ، جارێکی تر زەنگی مەترسیی لێداوەتەوە. هاوکات هەواڵی نیگەرانکەر لەسەر دۆخی جەستەیی مەترسیداری فاتمە سپێهری لە زیندانی مەشهەد بڵاو بووەتەوە. ئەم دوو ناوە ناسراون، بەڵام لە پشت ئەم ناوانەوە، دەیان و سەدان بەندکراوی کەمتر ناسراو هەن کە ئازار، نەخۆشی، شەکەتبوون و بێبەشبوون لە دەوا و دەرمان، لە بێدەنگیدا تەحەممول دەکەن. بابەتەکە تەنیا کەمتەرخەمیی پزیشکی یان بێ نەزمیی ئیداری نییە. بێبەشکردنی بەندکراوان لە چارەسەری پزیشکی، لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووەتە سیاسەتێک، سیاسەتێکی کە دەکرێت ناوی بنرێت «ئێعدامی خامۆش».

لە دۆسیەکانی مەهوەش سابت، موتەلیب ئەحمەدیان، ئارش سادقی، محەمەدعەلی تاهیری و نەسرین جەوادیدا، مۆدێلێکی هاوبەش دەبینرێت: نەخۆشیی جیددی، هۆشداریی بنەماڵە و پارێزەران، بێباکی بەرپرسانی زیندان، دواخستنی ناردنیان بۆ نەخۆشخانە، دەستتێوەردانی دامەزراوە ئەمنییەکان و لە کۆتاییدا خراپتربوونی باری تەندروستیی بەندکراوەکە. ئەم مۆدێلە زۆر جار دووبارە بووەتەوە. قوربانییەکانی نە یەک یان دوو کەس، بەڵکوو دەیان بەندکراو بوون. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا، حکوومەت تا دوا سات ڕێگریی لە ناردنی بەندکراو کردووە بۆ نەخۆشخانە یان پێدانی مۆڵەتی دەرمانی و تەنیا کاتێک پاشەکشەی کردووە کە دۆخی نەخۆشەکە گەیشتووەتە قۆناغێکی مەترسیدار یان بێگەڕانەوە.

نموونەی بەکتاش ئابتین، شاعیر و فیلمسازی بەندکراو، یەکێکە لە ئاشکراترین نیشانەکانی ئەم تاوانە. ئەو دوای دەستاودەستکردن و کەمتەرخەمی لە پرۆسەی چارەسەرکردنیدا و هەروەها گواستنەوەی درەنگ وەختی بۆ نەخۆشخانە، گیانی لەدەست دا. مەرگی ناوبراو دەرەنجامی زنجیرەیەک لە نابەرپرسیارێتی، کەمتەرخەمی و دڵڕەقی بوو. خالید پیرزادە، پاڵەوانی لەشجوانی، لەناو زیندان چل کیلۆ کێشی دابەزی و دوای گوشارە جەستەیی و دەروونیی قورس و تاقەتپڕوکێن، مەحکووم بە کەوتنە سەر کورسیی کەمئەندامان واتە ویلچەر کرا. ڕاحیلە ڕاحەمیپوور، ژنێکی بەساڵاچووی حەفتا و سێ ساڵە بە وەرەمی مێشکەوە، بۆ ماوەی ساڵانێک لە پشت تێلبەندەکانی زیندانەدا مایەوە. زەینەب جەلالیان ساڵانێکە بەبێ تەنانەت یەک ڕۆژ مەرەخەسی بەندکراوە. سومەیە ڕەشیدی دوای چەندین مانگ بێبەشبوون لە چارەسەر لە زیندانی ئێڤین و قەرچەک گیانی لەدەست دا. ئەمانە تەنیا چەند ناوێکن لە لیستێکی دوور و درێژ.

زۆر ناوی تریش بوونیان هەیە: هودا سابیر، ساسان نیکنەفەس، وەحید سەیادی نەسیری، موحسین دوکمەچی، ئەکبەر محەمەدی و زۆر کەسی تر...، بەڵام مۆدێلەکە هەر یەکە: هۆشداریدان، حاشاکردن، کەمتەرخەمی، خراپبوون و مەرگ. هەر ئەم مۆدێلەشە کە چالاکوانانی مافی مرۆڤ بە «ئەشکەنجەی سپی» و «ئێعدامی خامۆش» ناوی دەبەن. ئەم ناونیشانە، ڕەنگە لە زۆرێک لە پێناسە یاساییەکان وردتر بێت، چونکە ڕاستییەکە بێپەردە وەسف دەکات.

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٣ - گوڵانی ١٤٠٥ - مەی ٢٠٢٦

لە هەندێک دۆسیەدا، تەنانەت گێڕانەوەی فەرمیی حکوومەت لەسەر هۆکاری مەرگیش، کەوتووەتە بەر گومانی جیددیی بنەماڵەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ. دۆسیەی بێهنام مەحجووبی، بێهنوود ڕەمەزانیفەر، شاهین ناسری و سینا قەنبەری لە زومرەی ئەو نموونانەن. سەبارەت بە بێهنام مەحجووبی، شایەتحاڵێکی عەینی وتبووی: «بێهنام بەکردەوە لەناو بەندیخانە گیانی دابوو، هێنایانە نەخۆشخانە و سێرۆمیان لە تەرمەکەی بەست تا بڵێن لەژێر چارەسەردایە.» ئەم ڕستە هەژێنەرە، وێنەیەکە لەو لۆژیکەی بەسەر بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زاڵە.

یەکێک لە مەترسیدارترین ئامرازەکانی ئەم سیستەمە، لێدانی تۆمەتی «خۆ لە نەخۆشیدانە. بەندکراوی نەخۆش بەرلەوەی وەک نەخۆش سەیر بکرێت، تۆمەتبار دەکرێت. دەبێت بیسەلمێنێت کە ئازارەکەی ڕاستەقینەیە، نەخۆشییەکەی دروستکراو نییە و مەبەستی خراپ بەکارهێنانی نییە. لەیلا حوسێنزادە، بەندکراوی سیاسیی پێشوو و هەڵسووڕاوی خوێندکاری، ئەم ئەزموونەی ئاوا وەسف کردووە: «نەخۆشبوون لەناو زیندان، نزیکترین ئەزموونە لە مەرگ، بەتایبەت لە بەندیخانەکانی شارستانەکاندا کە کەمتر لەژێر تیشک و سەرنجی میدیاکاندان.» بە وتەی ناوبراو، یەکەم کاردانەوەی بەشێک لە ستافی تەندروستی یان هێزەکانی زیندان لەبەرامبەر بەندکراوی نەخۆشدا، تۆمەتی ئەوەیان لێ دەدەن کە گۆیا ڕاست ناکەن و خۆیان لە نەخۆشیی دەدەن. بەندکراو دەبێت چەندین جار ئەوە بیسەلمێنێت کە بەڕاستی نەخۆشە و ئازاری هەیە. ئەم پرۆسەیە هێندە تاقەتپڕووکێنە کە هەندێک لە بەندکراوان پێیان باشترە ئازارەکە بچێژن بەڵام ئیتر نەچنە ناو پرۆسەی چارەسەرەوە.

پێکهاتەی چارەسەری پزیشکی لە زیندانەکانیشدا بە ئەنقەست بەشێوەیەکی ئاڵۆز و دانانی حەوتخانی ڕۆستەم و وابەستە بە بڕیاری دامەزراوە جیاوازەکان دیزاین کراوە. بۆ ناردنی بەندکراوێکی نەخۆش بۆ بنکەی تەندروستیی ناوەندی یان نەخۆشخانە، جاری وا هەیە تەنانەت ڕەزامەندیی زیندانبان، یاریدەدەری داواکاری گشتی، دام و دەزگای ئەمنی، دادسرا و بەرپرسانی بەندیخانەشی پێویستە. دژایەتیی هەر کامێکیان دەتوانێت پرسی گواستنەوەکە هەڵبوەشێنێتەوە. لە پێکهاتەیەکی ئاوادا، گیانی زیندانی نەک لە دەستی پزیشک، بەڵکوو لە دەستی مأموری ئەمنیدایە. لەیلا حوسێنزادە وتوویەتی کە لە بەشی ژنانی ئێڤین دا چەندین جار بینیویەتی کە دۆخی بەندکراو تەنیا بەهۆی ئەم دواخستن و کەمتەرخەمیانەوە هێندە خراپ بووە کە ناچار بوون بە ئەمبوڵانس بیگوازنەوە.

ڕەهەندێکی تری ئەم سەرکوتە، بریتییە لە بەکارهێنانی دەرمان وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن. لە هەندێک لە بەندیخان، دەرمانە دەروونی و ئارام بەخشەکان نەک بۆ چارەسەر، بەڵکوو بۆ هێورکردنەوەی زۆرەملێ، بێهەستکردن، لەخەوکردن یان کۆنترۆڵکردنی زیندانی بەکار دەهێنرێن. حوسێنزادە باس لە بەکارهێنانی زۆری دەرمانی دەروونی لە زیندانی عادڵ ئاباد دەکات کە بە بچووکترین گرژی، دەرخواردی بەندکراوان دەدرا. دەرمانگەلێک کە هەندێکیانی تووشی لەرزینی توندی دەست دەکرد و هەندێکی تریشیانی زیاتر لە شازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دەخەواند. ئەمە ئیتر چارەسەر نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە سەرکوتی شیمیایی.

ئەو هەروەها سەبارەت بە نێرگس محەممەدی وتوویەتی کە خۆی بە چاوی خۆی بینیویەتی کە ناردنی ئەو بۆ چارەسەر چەندین جار دواخراوە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم دواخستنانە بووەتە هۆی گیرانی دەماری دڵی. گرنگیی ئەم شایەتییە لەوەدایە کە نێرگس محەممەدی کەسایەتییەکی جیهانی و ناسراوە. ئەگەر لەگەڵ بەندکراوێکی ئاوادا، کە ناوەکەی لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا باسی لێوە دەکرێت و خەڵاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرتووە، بەم شێوازە ڕەفتار بکرێت، دەبێت مرۆڤ بیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە دۆخی بەندکراوە بێناونیشانەکان، زیندانیانی شارستانەکان و ئەوانەی کەمتر دەنگیان دەبیسترێت، چەندە خراپترە.

بەڵام قەیرانی زیندان هەمیشە بە ئازادبوون کۆتایی نایەت. زۆر جاری وا هەیە کە قەیرانەکە تازە دوای ئازادبوون دەست پێدەکات. کیانا کەسیری، پزیشک و یەکێک لە دامەزرێنەرانی تۆڕی چارەسەرکارانی مافی مرۆڤی ئێران، جەختی لەسەر ڕەهەندە شاراوەکەی ئەم قەیرانە کردووەتەوە: ئەو لێکەوتە دەروونی و جەستەییانەی کە دوای چوونە دەرەوە لە زیندان دەردەکەون. بە وتەی ناوبراو، لە هەندێک لە بەشە ئەمنییەکاندا بڕێکی ئێجگار زۆر دەرمانی هێورکەرەوە و دەروونی دەدرێت بە بەندکراو، دەرمانگەلێکی کە هەمیشە لەژێر چاودێریی پسپۆڕدا نین و زیاتر کارکردی کۆنترۆڵکردنیان هەیە نەک چارەسەری. کاتێک بەندکراو ئازاد دەبێت، لەناکاو لەم دەرمانانە بێبەش دەبێت، بەبێ ئەوەی پرۆسەیەکی چارەسەری یان چاودێریی دەروونی هەبێت. تێکەڵبوونی گوشاری ئەمنییەتی، بەکارهێنانی درێژخایەنی دەرمان و بڕینی لەناکاوی، دەتوانێت کەسەکە لەگەڵ قەیرانێکی توندی دەروونی بەرەوڕوو بکاتەوە، لە بێخەوییەوە تا تێکچوونی باری دەروونی و تەنانەت خۆکوشتن.

دۆخی بەندکراوانی سیاسی بابەتێکی مرۆیی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە. حکوومەت هەوڵ دەدات بەندکراو لە کۆمەڵگە داببڕێت، دەنگی کپ بکات، نەخۆشییەکەی حاشا لێبکات و مەرگەکەی بە سروشتی پێشان بدات. ئەمڕۆ پێویستە خەڵک زیاتر لە هەمیشە، بنەماکان، چالاکوانانی مەدەنی، سیاسی، کرێکاری، خوێندکاری، ژنان، مامۆستایان، پزیشکان، پارێزەران و ڕۆژنامەنووسان، نەهێڵن هەواڵی بەندکراوانی سیاسی بکەوێتە ژێر هەراوهوریا و دەنگوباسی شەڕ، دانوستان، گەرووی هورمز، هەڕەشە دەرەکییەکان و قەیرانەکانی ڕۆژانە. دەبێت ناوی بەندکراوە نەخۆشەکان بەردەوام دووبات بکرێتەوە، زانیاری لەسەر دۆخیان بڵاو بکرێتەوە، بەڵگە و شایەتحاڵەکان تۆمار و بەدۆکیۆمێنت بکرێن، ڕاپۆرتەکان بگەیەنرێنە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و گوشارێکی جیهانی دروست بکرێت. کۆبوونەوە لە بەردەم زیندانەکان، بەدواداچوون لە ڕێگەی بنەماڵەکانیانەوە، هێنانەئارای بەردەوامی داواکاریی ئازادی زیندانیانی سیاسی، داواکردنی مۆڵەتی چارەسەری پزیشکی و ئاشکراکردنی ئەو بەرپرسانەی کە دەستیان هەیە لە بێبەشکردنی زیندانیانی نەخۆش لە پرۆسەی چارەسەر، لە زومرەی ئەو هەنگاوانەن کە دەتوانن گیانی مرۆڤەکان ڕزگار بکەن.

********

## یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی جیهانیی کرێکاران و نوێکردنەوەی پەیمان بۆ نەبەردەکانی داهاتوو

یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکار بەڕێوەیە. گرنگیی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆژە بەر لە هەر شتێک لە جیهانیبوونی دایە. ئەم ڕۆژە، تەنیا هی کرێکارانی وڵاتێکی تایبەت، نەتەوەیەکی تایبەت یان ناوچەیەکی تایبەت نییە، بەڵکوو ڕۆژێکە کە کرێکارانی سەرانسەری جیهان، بە هەموو جیاوازییە زمانەوانی، کولتووری، نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە، خۆیان وەک بەشێک لە چینێکی جیهانی دەناسنەوە. چینێکی کە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، سەرەڕای جیاوازی لە ئاستی حەقدەست، شێوازی گرێبەستەکان یان جۆری حکوومەتەکان، لەگەڵ کێشەیەکی هاوبەشدا ڕووبەڕووە، لەوانە: چەوسانەوە، نائەمنی، ناسەقامگیری و بێبەشبوون لە پشکی ڕاستەقینەی خۆیان لەو سەروەتەی کە بە دەستی خۆیان بەرهەمی دەهێنن.

ئەم جیهانیبوونە، یەکی ئایاری لە زۆرێک لە بۆنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. لەم ڕۆژەدا، کرێکاری ئێرانی، کرێکاری تورکیا، فەلەستین، فەڕانسە، کرێکاری هیندستان و کرێکاری ئەمریکای لاتین، هەر کامەیان لە بارودۆخێکی جیاوازدا، بەڵام لە ئاسۆیەکی هاوبەشدا دەگەنە یەک. هەر ئەم تایبەتمەندییەشە کە ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەکاتە ڕۆژێک بۆ ڕاگەیاندنی هاوپشتی فرەنەتەوەیی. سەرمایەداری سیستەمێکی جیهانییە، زنجیرەکانی بەرهەمهێنان جیهانین و قازانج و سەرمایە سنوور ناناسن، کەواتە خەباتی کرێکارانیش ناتوانێت لە ناو چوارچێوەیەکی تەسکی نیشتمانیدا قەتیس بمێنێتەوە. یەکی ئایار وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییەیە کە چینی کرێکار، سەرەڕای هەموو ئەو ناکۆکی و پرشوبڵاوییەی لە سەرەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت، خاوەنی بەرژەوەندییەکی هاوبەش و مێژوویەکی هاوبەشە.

لەم کاتەدا، جیهانیبوونی یەکی ئایار بەو مانایە نییە کە ئەم ڕۆژە لە ڕاستییە دیار و ئاشکراکانی ژیانی کرێکاران لە هەر وڵاتێک جیا بێت. بەپێچەوانەوە، ئەم ڕۆژە ڕێک لە هەناوی هەمان ئازار و خەباتی ڕۆژانەوە مانا پەیدا دەکات. لە هەر شوێنێک کە کرێکارێک لەپێناو حەقدەستە دواکەوتووەکەی، ئەمنییەتی پیشەیی، بیمە، مافی ڕێکخراوبوون، مافی مانگرتن، یەکسانیی ژن و پیاودا خەبات دەکات، یەکی ئایار هی ئەوە. ئەم ڕۆژە هەم ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی مێژووی خەباتی چینی کرێکارە و هەم ڕۆژی گرێدانی داواکارییە هەنووکەییەکانە بە ئاسۆیەکی فراوانتری ڕزگاریی کۆمەڵایەتییەوە.

لە ئێراندا، بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی یەکی ئایار گرنگییەکی دوو هێندەی هەیە. چینی کرێکاری ئێران لە یەکێک لە سەختترین قۆناغە مێژووییەکانی خۆیدا دەژی: هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر، دابەزینی هێزی کڕین، بێکارکردن، گرێبەستە کاتییەکان، پەرەسەندنی پەیمانکاری، نائەمنیی ژینگەی کار، سەرکوتی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و بێبەشبوون لە سەرەتاییترین مافە پیشەیی و سیاسییەکان. لە ئاوا بارودۆخێکدا، یەکی ئایار ڕۆژێکە بۆ کەوتنەبەرچاو، بۆ هاتنە مەیدان و بۆ دەربڕینی سەربەخۆیانەی ویست و داواکارییەکانی کرێکاران.

بێگومان کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە ڕێوڕەسمە سەربەخۆ کرێکارییەکان سنووردار، کۆنترۆڵ یان سەرکوت بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم حکوومەتە بە فەرمی بوونی ئەم بۆنەیەی قبووڵ کردووە و هەر ئەمەش مەیدانی مانۆڕی حکوومەتی بۆ ڕێگریکردنی بەتەواوەتی لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سەربەخۆی کرێکاری سنووردار دەکات. بە واتایەکی دیکە، حکوومەت ناتوانێت ئەسڵی بۆنەکە ئینکار بکات، ئەگەرچی هەوڵ دەدات ناوەرۆکەکەی بەتاڵ بکاتەوە و بێبایەخی بکات تا ئاستی ڕێوڕەسمێکی فەرمی و حکوومەتی. بەڵام ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سەربەخۆی یەکی ئایار لە ئێراندا مومکینە. لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات، کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، هەڵسووڕاوانی ژن و چالاکانی کۆمەڵایەتی، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم ڕۆژەیان بەڕێوە بردووە: لە کۆڕ و گردبوونەوە بچووکەکانەوە بگرە تا بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، سازکردنی کۆبوونەوە، بەرنامەی کولتووری، ئامادەبوونی بە کۆمەڵ لە شوێنە گشتییەکان و چەندین شێوازی دیکە. هەر ئەم ئەزموونانە نیشانی دەدەن کە دەکرێت و دەبێت سوود لەم دەرفەتە وەربگیرێت.

ئەمساڵ گرنگیی یەکی ئایار بۆ کرێکارانی ئێران لە ڕوویەکی دیکەشەوە بە چەند قات زیاتر بووە. شەڕی ئەم دواییە هەزینەیەکی زۆر قورسی بەسەر چینی کرێکاری ئێراندا سەپاندووە. زۆرێک لە ژێرخان و ئەو ناوەندانەی کە کرێکاران تێیاندا کاریان دەکرد، وێران بوون. ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران گیانیان لەدەست داوە. بەڵام کارەساتەکە لێرەدا کۆتایی نایەت. لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی شەڕ، مەودایەکی زۆر فراوانتری هەیە. بەپێی خەمڵاندنەکان، زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە ئاکامی ئەم شەڕەدا بە ڕیزی لەشکری بێکاران لە ئێران زیاد بوون. ئەمە واتە ملیۆنان سفرەی بچووکتر، ملیۆنان بنەماڵەی نائەمنتر و داهاتوویەکی تاریکتر بۆ بەشێکی گەورە لە هێزی کار.

لە ئاوا بارودۆخێکدا، کۆبوونەوەی کرێکاران لە یەکی ئایاردا مانایەکی تایبەت پەیدا دەکات. ئەم کۆبوونەوەیە، تەنانەت ئەگەر بە شێوازێکی سنووردار و لە ئاستی گەڕەکەکاندا بەڕێوە بچێت، نیشاندانی هاوپشتییە لە جەرگەی بارودۆخە سەختەکاندا. کرێکاران بە کۆبوونەوە لە تەنیشت یەکتر، بە خۆیان و بە کۆمەڵگە ڕادەگەیەنن کە بە تەنیا نین و ئازارەکانیان تاکەکەسی و پرشوبڵاو نییە و وەڵامی ئەم دۆخەش تەنیا دەتوانێت بە هێزی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوبوون بێت. لە سەردەمێکدا کە شەڕ، هەژاری، بێکاری و سەرکوت هەوڵ دەدەن چینی کرێکار پرشوبڵاو، بێدەنگ و گۆشەگیر بکەن، خودی کۆبوونەوە و شانبەشانی یەکتر ڕاوەستان، هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی متمانە، ئیرادە و هاوپشتی چینایەتی.

یەکی ئایار هەروەها ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمانە بۆ نەبەردەکانی داهاتوو. کرێکاران لەم ڕۆژەدا خۆیان بۆ داهاتووش ئامادە دەکەن. داهاتوویەکی کە تێیدا دەبێت لەپێناو مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ، مافی مانگرتن، حەقدەستی گونجاو لەگەڵ تێچووی ژیان، ئەمنییەتی پیشەیی، بیمەی بێکاری، بنیاتنانەوەی ناوەندە وێرانبووەکان و بەرگری لە گیان و بژێویی کرێکاران، خەبات و تێکۆشان بکرێت. یەکی ئایار ڕۆژێکە کە ئەم داواکارییانە دەتوانن بە دەنگێکی بەرزتر، بەکۆمەڵتر و ڕوونتر بخرێنە ڕوو.

لەمڕووەوە، دیفاع لە بەڕێوەبردنی سەربەخۆ و بەربڵاوی یەکی ئایار لە ئێران، دیفاعە لە پێداویستییەکی بەپەلە و زیندووی چینی کرێکار. هەر ڕێوڕەسمێک، هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک، هەر بەیاننامەیەک و هەر حەرەکەتێکی داهێنەرانە لەم ڕۆژەدا، دەتوانێت هەنگاوێک بێت بەرەو بەهێزکردنی ڕێکخستن، زیادکردنی متمانە بە هێزی بەکۆمەڵ و ئامادەبوون بۆ هەوڵ و خەباتی گەورەتر. یەکی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکارە، چونکە کرێکارانی جیهان تێیدا دەگەنە یەک و لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ئەم ڕۆژە دەبێت لە هەموو کاتێک زیاتر ببێتە ڕۆژی یەکگرتوویی، هاوپشتی و نیشاندانی ئیرادە بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان.

********



# پەیوەندی ئێران بە ڕڕوسیا و چینەوە



عوسمانی حاجی مارف

بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی روسیا و چین و سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران، پێش هەموشتێ پێویستە لەوە تێبگەین کە روسیا و چین، وەک بەشێک لە ململانێیەکی گەورەتر لەسەر دارشتنی نەزمی جیهانی سەیری شەڕەکە دەکەن. لە ئێستادا جیهان لەڕێڕەوی ئاراستەی گواستنەوە و کۆتاییهێنانە بە سیستەمێکی یەک جەمسەری، کە ئەمریکا لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە بەرجەستەی کردووە، ئەو ئاراستەیە بۆ سیستەمێکی نێودەوڵەتی فرە جەمسەری، کە لەلایەن ململانێی زلهێزە سەرهەڵداوەکانەوە خەریکە دەچەسپێنرێت.

لەئەنجامدا تێوەگلانی هەر قەیرانێک، کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەو ڕوی دەبێتەوە، دەرفەتی ستراتیژی بۆ روسیاو چین دەڕەخسێنێت. سەرەڕای ئەوەش، شەڕی بەردەوام نیگەرانی ڕوسیا و چین دەوروژێنێت، سەبارەت بەوەی کە ئەو قەیرانانە دەتوانێت، شەپۆلی ناسەقامگیری لە سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرچێت و بەجیهاندا بڵاو بێتەوە، وەک داخستنی گەرووی هورمز.لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان چین و روسیا لە گەڵ ئێران، لەسەر بەرژەوەندی بازرگانی و ئابووری و هاوسەنگکردنی نفوزی ئەمریکا، لە ناوچەکەدا بنیات نراوە.هەروەها هەرکام لە روسیا و چین، ئەولەویەتی تریان هەیە کە ئێران ناگرێتەوە. چین گرنگی بە پرسی تر لەبەرامبەر ئەمریکادا ئەدا، دیارترینیان دەریای باشووری چین و تایوانە، کە وەک هەڕەشە لەبەرامبەر ئەمریکادا مامەڵەی دەکات، لەلایەکی ترەوە ڕوسیا بە پلەی یەکەم، سەرنجی لەسەر ئۆکرانیایە کە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایە و زاڵبوونە بەسەر دەریای ڕەشدا.

بەشداریکردنی ئەمریکا لە ململانێیەکی درێژخایەندا بەرامبەر زلهێزەکان، لە ئەنجامدا نوێنەرایەتی پێگەیەکی بەرەو پاشەکشە دەکات، لە دابەزینی ڕۆڵی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا، کە لەو حاڵەتەدا پەکین دەتوانێت خۆی وەک هێزێکی هاوسەنگی ئابووری و پیشەسازی، کۆنترۆڵی بازاڕی جیهان پیشان بدات، لەژێر ڕۆشنایی ئەگەری شکستی ئابووری ئەمریکا لە شەڕەکە و لە قەیرانەکاندا. بەڵام ئەوەش نابێت لە بیر بکەین، لەهەمانکاتدا درێژەی شەڕەکەو داخستنی هورمز هەڕەشە لە ئاسایشی وزەی چین و پڕۆژە ئابووریە زەبەڵاحەکانی دەکات لە ناوچەکەدا، کە پەیوەندیان بە دەستپێشخەری پڕۆژەی گەشەپێدان و ڕێگاوبانەوە هەیە، بەوپێیەی ڕێڕەوی دەریایی لە کەنداو نوێنەرایەتی خوێنبەرە سەرەکییەکانی بازرگانی جیهانی دەکات، کە بە خێرایی ڕەنگدانەوەی لەسەر ئابووری چین دەبێت.

سەبارەت بە ڕوسیا، لە کاتێکدا سەرقاڵبونی ئەمریکا بە شەڕ، پێگەی مۆسکۆ لە قەیرانی ئۆکرانیا و ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێناوە بەهێزتر دەکات. لە کاتێکدا ئەمریکا سەرقاڵی شەڕە لە بەرامبەر ئێراندا، پێگەی مۆسکۆ لە قەیرانی ئۆکرانیادا بەهێز دەبێت، بەجیا لەوەی پەیوەندی ناتۆ و ئەمریکا لاواز دەبێت، لە هەمانکاتدا شەڕی ئەمریکاو ئێران و کاردانەوەکانی سەبارەت بە پەکخستنی بازاڕەکانی وزەی جیهانی دەبێتە هۆی دەستکەوتی ئابووری بەرچاو بۆ ڕوسیا. ئاشکرایە کە شەڕەکە بەرژەوەندیەکان لە ناوچەکەدا تێکدەدات، لە هەمانکاتدا ڕەنگە پاڵ بە ئابووریە گەورەکانەوە بنێ بۆ خێراترکردنی گواستنەوەیان لە سەرچاوە تەقلیدیەکانی وزە، ئەمەش لە درێژخایەندا زیان بە بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا دەگەیەنێت.

قەیرانی درێژخایەنی ئەمریکا، ڕۆڵی چین و ڕوسیا گرنگتر دەکات، چونکە شەڕە درێژخایەنەکان فرسەت و پێویستیەکی زیاتر بۆ لایەنەکانی دەرەوەی شەڕەکە دەڕخسێنێت کە توانای دابینکردنی گەرەنتی سیاسی و ئابووریان هەبێت.

هەڵبەتە ڕژێمی ئێران بە باشی ئاگاداری سنووری دەستتێوەردانی چین و ڕوسیایە، سەرەڕای ئەو هەڵسەنگاندنە باوەی کە هەردوو وڵات هاوپەیمانی ئێرانن، بەڵام ناکرێ تاران بە تەواوی پشت بە پشتیوانی چین و ڕوسیا ببەستێت. ئێران لەم شەڕەدا حساب بۆ ئەوە دەکات کە پشت بە درێژکردنەوەی شەڕەکە دەبەستێت بۆ پاڵنانی ڕای گشتی ئەمریکا و فشارخستنە سەر ئیدارەی ترەمپ تا بەو شێوەیە کۆتایی بە شەڕەکە بێت، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی زیانە گیانیەکانی سەربازانی ئەمریکی و بەرزبونەوەی خەرجیەکانی. بە هەمان شێوە لەناو خودی ئیسرائیلدا، خەڵکەکەی تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەرفراوان و زیانێکی قورس بونەتەوە، کە بووە هۆی زیادبونی کۆچکردن، ئەمەش دەتوانێت فشارێکی بەرچاوی گشتی و ئۆپۆزسیۆن لەسەر نەتانیاهۆ دروست بکات بۆ وەستاندنی شەڕەکە.

هەروەها شەڕێکی درێژخایەن دەتوانێت هاوسۆزی گشتی بۆ ئێران لە ناوچەکەدا دروست بکات، ئەو حکومەتانەی کە لە ململانێکاندا بێلایەن ماونەتەوە، بخاتە دۆخێکی چاوەڕوانی و سەختەوە، ئەمەش پاڵیان پێوەدەنێت بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی دیپلۆماسی بەرامبەر بە ئەمریکا و ئیسرائیل، وەک هەوڵەکانی ئیسلامئاباد بۆ دانوسەکان.

کاتێک شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران کەوتە بەر گرژیەکانی داخستنی گەروی هورمز، چیتر وەک ڕوبەڕوبونەوەیەکی دوولایەنە نەمایەوە، ئەوەی ئاشکرا کرد کە یاریزانی دیکەش لە نێو مەیدانکەدا هەن و پشتیوانی و پشتگیری پێشکەش دەکەن، بەڵام لە هەماکاتدا خۆیان لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن، لەبەر ئەگەری ئەوەی نەک ببێتە هۆی جەنگی جیهانی سێیەم.

ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی ڕۆژئاوا بە ئاشکرا باس لە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی چین و روسیا بۆ ئێران لە کاتی ململانێ و شەڕەکان لەگەڵ واشنتۆن دەکەن، کەلە ڕێگەی کەناڵی تەکنیکی و تەکنۆلۆژی و ئابووریەوە بە ئامانجی درێژخایەنی جەنگ وماندوکردنی ئەمریکایە. هەڵبەتە پەکین و مۆسکۆ باش دەزانن کە بەرژەوەندیەکانیان لە زیندوو ڕاگرتنی ململانێکاندایە، بەڵام لە چوارچێوەی سنوورێکدا کە ڕێگری لە ڕوبەڕوبونەوەی ئاشکراو ڕاستەوخۆ لەگەڵ واشنتۆن دەکات. هیچ هێزێکی چینی و روسی لە تەنیشت سوپای پاسدارانی ئێران شەڕیان نەکردووە، تا ئێستا هیچ هێرشێکی مووشەکی لە پەکین و مۆسکۆوە ئەنجام نەدراوە کە بنکەکانی ئەمریکا لە کەنداو بکاتە ئامانج.

بەڵام بۆچی چین و روسیا ئەم پشتیوانیە دەکەن؟ بۆ مۆسکۆ هاوکێشەکە سادەیە، تا واشنتۆن زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گیر بخوات، فشارێکی کەمتر لەسەر روسیا لە ئۆکرانیاوە دەخرێتە سەری. ئێران لای پوتین هاوپەیمان نییە بە مانای ئایدیۆلۆژی، بەڵکو ئامرازێکی بەنرخە بۆ سەرقاڵکردنی بەرامبەرەکەی.

بەڵام چین حیساباتی جیاوازی هەیە، پەکین نەک هەر دەیەوێت ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنبەست بکات، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەیەوێت نیشانی بدات کە لە بەرامبەر ئەمریکادا هێزێکی گەورەیە و توانای تەحەدای نەزمی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی واشنتۆنی هەیە، پشتیوانی چین بۆ ئێران بەشێکە لە ستراتیژییەکی فراوانتر بۆ تێکدانی هەژموونی ئەمریکا. چین بۆ بەشێکی بەرچاو لە پێداویستیە نەوتیەکانی پشت بە کەنداو دەبەستێت، هەر شەڕێکی ناوچەیی بەرفراوان دەتوانێت دابینکردنی وزە تێکبدات و گەشەی ئابووری چین بخاتە مەترسیەوە. بۆیە پەکین بە وریاییەوە مامەڵەی دۆخەکە و ململانێی لە گەڵ ئەمریکا دەکات. پێشکەشکەری پشتیوانی تەکنیکی و ئابووریە، بەڵام بەدەر لە دەرکەوتن لە هەر هەنگاوێک کە دەتوانرێت وەک پەیوەستبوون بە شەڕەوە لێکبدرێتەوە. لە هەمان کاتدا، کەناڵە کراوەکانی پەیوەندی لەگەڵ واشنتۆن دەپارێزێت، ڕەنگدانەوەی جیهانبینی چینی کە هەوڵدەدات دەسەڵاتی نێودەوڵەتی دابەش بکاتەوە، بەبێ ئەوەی مەترسی ڕوبەڕوبونەوەی کارەساتبار بکات.

لە واشنتۆنیش دۆخەکە ئاڵۆزە، ترەمپ کە تورەیی خۆی لە دەور و پاڵپشتی چین و رووسیا بۆ ئێران ناشارێتەوە، بەیاننامەیەکی پڕ هەڕەشەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند چین و روسیا باجێکی قورس ئەدەن!، بەڵام گومانی تیانیە کەجێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئەم هەڕەشانە، لەبەرامبەر روسیا و چیندا مانایەکی عەمەلی لێناکەوێتەوە.

هەڵبەتە واشنتۆنیش بەتوندی خۆپارێزی لە پەرەسەندنی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەکین و مۆسکۆدا دەکات، چونکە دەتوانێت سیناریۆیەک بەدوای خۆیدا بهێنێت کە کەس نایەوێت، ئەویش جەنگی جیهانی سێیەمە، بۆیە زلهێزەکان لە ناچاریا بە وریاییەوە، سەما لەسەر لێواری چەقۆیەک دەکەن، کە هەر لایەک دەیەوێت بەهێز دەربکەوێت بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی دارمانی کۆی زەوی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعانە لەئێستادا زۆرترین ئەگەر ئەوەیە پشتیوانی چینی و روسیا سنووردارە و ناڕاستەوخۆ دەمێنێتەوە، ململانێ و بارگرژی لە ناوچەکە بەردەوامە و لە سنوردارکردنی واشنتۆن و تاراندا دەمێنێتەوە، ناوچەکەش لە دۆخێکی خراپ بونی هەمیشەیدا دەبێت. لەلایەکی تریشەوە ئەگەری ئەوە هەیە پشتیوانیەکانی روسیا و چین بۆ ئاستێکی بەرزتر هەنگاو بنێت، چین یان روسیا چەکی پێشکەوتوو، وەک سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئاڵۆز، یان موشەکی دوور مەودا، بۆ ئێران دابین دەکەن، ئەمەش هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت و وەڵامێکی یەکلاکەرەوەتر لە واشنتۆنی لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەری هەیە لێدانی ناڕاستەوخۆ لەناو خاکی روسیا یان چیندا لەخۆبگرێت!.

پاڵپشتی چین و روسیا بۆ ئێران پیلانێک نیە بۆ گردانی شەڕێکی جیهانی، بەڵکو بەشێکە لە گەمەیەکی ستراتیژی گەورەتر کە ئامانجی سەرلێشێواندن و ماندووکردنی واشنتۆنە، نەک لەناوبردنی سیستەمی نێودەوڵەتی. هەڵبەتە ئاراستەکە بەرەو ئەوە دەڕوات کە سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا دێت لە ئەنجامی ململانێ و گۆڕانی هاوسەنگی جەمسەرەکان و شەڕی بەردەوامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە هەندێک لە ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان، لەوانەش روسیا و چین، هەوڵدەدەن ڕۆڵێکی سیاسی ئاڵۆز بگێڕن کە پاراستنی هاوسەنگی ستراتیژی خۆیان لە ناوچەکەدا، تێکەڵ بکەن لەگەڵ سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە قەیرانەکان هیناویەتە پێشەوە، بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

چین و روسیا، دەیانەوێت ئەمریکا بە سەرقاڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بمێنێتەوە و سەرنجی خۆی لە سەر ئەوروپا و ئاسیا لاببات، بەم شێوەیە سەرچاوە و تواناکانی تەواو بکات. بەڵام شەڕێکی تەواویان ناوێت کە بتوانێت بیانکێشێتە ناو تاڵاوێکەوە، هیچ ڕێگایەکی دەربازبونیان نەبێت. بۆیە پێدەچێت ئەو ململانێیە لە چوارچێوەی شەڕی بە وەکالەت و ڕوبەڕوبونەوەی ناڕاستەوخۆدا بمێنێتەوە، هەڵبەتە ململانێی وڵاتانی سەرمایەداری، لەوپەڕی قوڵبونەوەی قەیرانەکانیدا، هیچ گەرەنتیەک ناناسن، کە ژیانی مرۆڤایەتی تەواو دەشێوێنێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەتوانین بڵێین کە ئێران ئەوەندە ئامانج نییە، ڕاستە ئێستا گەمەکە ئێرانی کردۆتە مەیدانی ململانێی زلهێزەکان، دواتر لەم گەمەیەدا ئەگەری ئەوە هەیە کوبا و کۆریا و گەرشوێنێک پێویستیان بێت ئەم گەمەیەی تیا گەرم دەکەن. کۆتایی ئەم گەمانەش تەنها لە پرۆسەی ئەو جەنگە جیهانیەدایە کە پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لێکدادەبڕێ و بەتاڵی دەکاتەوە.

********

Workers of all countries, unite!

# PESHRAW

No: 473- MAY 2026

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## ڕووداوی شوێنی کار  تاوانی خاوەنکارە



ئامـاری گیانبەخـت کـردوان و یـان لـەکار کەوتویـی کرێـکاران لـە ئاکامـی ڕووداوی شـوێنی کار، ئامـاری پەرەسـەندنی نەخۆشـیەکانی سـەرچاوە گرتـوو لـە نـا ئەمـن بـوون و نـا بێهداشـتی بوونـی شـوێنی کارەوە، لـە ئاسـتی دنیـادا بـەردەوام ڕوو لـە زیـاد بوونـە. مەرگـی بە شـێنەیی و بێدەنگـی کرێـکاران لـە ئاکامـی ناسـالم بـوون و نـا بێهداشـتی بوونـی شـوێنی کار لـە هیـچ جێگایـەک تۆمـار ناکرێـن. زۆرتریـن ڕووداوی شـوێنی کار لـە کارگا پڕشـوبڵاوەکانی بیناسـازیدا کـە کرێکارانـی شاغڵ تێیـدا بـە شـێوەی ڕۆژ مـوزد خەریکـی کارن و لەژێـر چەتـری بیمـە یـان باقـی خزمەتگوزاریـە حیمایەتیەکانـدا نیـن، ڕەنـگ دانـەوە و دەنـگ دانەوەیـان نابـێ. ڕووداوێـک کـە تێیـدا کرێکارانـی ئەفغانسـتانی و منداڵانـی کاری تێـدا دەمـرن، لـە هیـچ ڕاپـۆرت و هەواڵێکـی هەواڵنێریـە ڕەسـمیەکانی ئێرانـدا بـاس ناکرێـن.
بـەڵام لەگـەڵ گشـت ئەمانـەدا ئامـارە ڕەسـمیەکان بـاس لـە بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی مـەرگ و میـری سـەرچاوەگرتو لـە ڕووداوی کارەوە دەکـەن لـە مـەودای ١٠ سـاڵی ڕابـردودا. لەپـاڵ هـەر ڕووداوێـکدا کـە بوبێتـە هـۆی مـردن ڕۆژانـە، ژمارەیەکـی زۆر ڕووداو ڕوویانـداوە لـە شـوێنەکانی کار کـە بوونەتـە هـۆی لەکارکەوتویـی و کـەم ئەنـدام بـوون لـە ئێـران. بـەڵام کێشـە و گرفتـی کرێـکاران لـە شـوێنەکانی کار تەنیـا تایبـەت بـە کۆمەڵێـک ڕووداو نییـە. ئـەو کرێکارانـەی کـە بـە بێ هەبوونـی جلوبـەرگ و وەسـایلی ئیمنی پێویسـت بـە مـادەی شـیمیایی، ڕادیـۆ ئەکتیـو، ئـەو گازانـەی لـە دوکەڵکێشـەکانەوە دەردەچـن، و باقـی پیسـکەرەکان و مـادە مەترسـیدارەکانی تـر کار دەکـەن، گیـرۆدەی گەلێـک نەخۆشـی دەبـن و بـە ڕەنـج و مەرارەتێکـی زۆرەوە بـەرەو مەرگـی بـە شـێنەیی دەچـن.
لەسـەر ئەساسـی ڕاپۆتەکانـی سـازمانی جیهانـی کار، لـە گەلێـک لـە وەڵاتانـی وەک ئێرانـی ژێـر حاکمیەتـی کۆمـاری ئیسـلامی زۆربـەی ڕووداوەکانـی کار هـەر ڕاناگەیەندرێـن. وەزارەتـی کار و ئیدارەکانـی سـەر بـەو وەزارەتـە، کـە بەرپرسـیاری ڕیعایـەت کردنـی ماسـایلی ئەمنیەتیـن لـە شـوێنەکانی کار، خۆیـان بەشـێکن لـە دەسـەڵات کـە ٩٠ لەسـەدی ئابـووری وڵاتیـان لەژێـر دەسـت دایـە. ئـەوان بـەردەوام کارەسـات و جەنایەتەکانـی سـەرمایەداران دادەپۆشـن. بەرپرسـانی دەوڵەتـی و خاوەنـکاران بـەردەوام هـەوڵ ئـەدەن هۆکاری ڕووداوی سـەرچاوە گرتـوو لە کارەوە بگێڕنـەوە بـۆ کەمتەرخەمـی کرێـکاران تـا لـە لایەکـەوە لـە لایـەن هیـج کـەس و هیـچ ناوەندێکـەوە نەکەونـە ژێـر پرسـیارەوە و دەوڵـەت و خاوەنکارانیـش لـە بەرانبـەر کرێکارانـی سـەدەمە دیتـودا هیـچ بەرپرسـیاریەتیەکیان نەکەوێتـە ئەسـتۆ و ناچـار نەبـن قەرەبـوو بدەنـەوە. ڕێـژەی مـەرگ و میـر و یـان کـەم ئەنـدام بوونـی سـەرچاوەگرتوو لـە کارەوە لەنێـو وڵاتانـی پێشـکەوتوو و لـە حاڵـی گەشـەدا جیـاوازە. منـداڵان و کرێکارانـی تـازەکار و ئامـوزش نـەدراو و کۆچبـەران، وەک ئەفغانسـتانیەکان لـە ئێـران، زیاتـر لـە وانـی تـر لەژێـر مەترسـی ڕووداوەکانـدان. لـە وڵاتانـی گەشـەکردوودا کرێـکاران بـە هـۆی چەندیـن دەیـە خەبـات خۆیـان ڕێکخسـتوە و خاوەنکارانیـان وادار کـردوە ئیسـتانداردەکانی ئیمنـی تـا ڕادەیـەک ڕەچـاو بکـەن. بـەڵام لـە هەمانحاڵـدا لـە جەریانـی قەیرانـی ئێسـتای سـەرمایەداریدا، سـەرمایەداران و دەوڵەتەکانیـان بێجگـە لـە داشـکاندنی حەقدەسـتەکان و بیمـە کۆمەڵایەتیـەکان لـە هەزینـەی دابیـن کردنـی ئیمنـی و ژینگەشـیان کـەم کردۆتـەوە.
خاوەنـکاران لـە ڕووی قازانـج پەرسـتی و تەمـاع و زێـدە خوازیانـەوە، نـە مایـل بـە باشـتر کردنـی ئەمنیەتـی شـوێنی کارن و نـە نیگەرانـی لـە دەسـتانی کرێکارانـن لـە ئاکامـی ڕووداوەکانـی شـوێنی نـا ئەمنـی کاردا. ئەمانـە تەنانـەت نیگەرانـی ئـەوەش نیـن، کـە کرێـکاران لـە ترسـی گیانیـان کارەکەیـان بەجێبێڵـن. چـون دەزانـن هـەر کاتێـک بیانـەوێ دەتوانـن لەنێـو خێڵـی ملیۆنـی ئەرتەشـی زەخیـرەی کاردا، کرێکارانـی دیکـە بێننـەوە سـەرکار و لـە هەمـان شـوێنی نائیسـتاندارد و نائەمنـی کاردا، هەمـوو کارێکـی تاقـەت پروکێـن و دژواریـان پێبکـەن. کەوایـە تـا کاتێـک کە خرۆشـی شۆڕشـی کرێـکاران و خەڵکـی زەحمەتکێـش بەسـاتی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی و نیزامـی سـەرمایەداری تێکـەوە نەپێچـاوە، ئـەوە خـودی کریکارانـن کـە دەبـێ لەبیـری خۆیانـدا بـن و بـە پشـت بەسـتن بـە خەباتـی ڕێکخـراوی خۆیـان دەوڵـەت وادار بە دابیـن کردنـی ئەمنیەتـی شـوێنی کاریـان بەکـەن. کوشـتاری کرێـکاران لـە شـوێنەکانی کاردا دەبـێ وەک کوشـتنی بـە ئانقەسـت بـە حێسـاب بێـت. ئـەوان چ لـە ڕووی مانـدو بوونـی کرێـکارەوە ڕوویاندابێـت و چ ئاکامـی ڕەچـاو نەکرانـی ئیسـتانداردەکانی ئیمنـی بـن، دەبـێ بەنـاوی خاوەنکارانـەوە تۆمـار بکرێـن. بـەڵام ئیمنـی شـوێنی کاریـش وەک هـەر داواکاریەکـی دیکـە تەنیـا بـە زەبـری خەبـات و هاوپشـتی چینایەتـی کرێـکاران بەسـەر سـەرمایەداران و دەوڵەتـدا دەسـەپێندرێت.

********

دواستون

## "با گوڵە بێتەو لە کانی"

نووسین: سەلام قادری

جـاران دەیانگـوت « زانسـت باشـترە یـان سـامان؟» ئێسـتا لـە ئێـران پرسـیارەکە گـۆڕاوە: « ئینتەرنێـت باشـترە یـان ئـەوەی کـە ناسـیاوت هەبـێ لـە نـاو ڕژێمـدا؟» چونکـە دیـارە بـۆ دەستپێڕاگەیشـتن بـە ئینتەرنێتـی کارا، تەنهـا مۆدێـم و سـیمکارت بـەس نییـە؛ دەبێـت یـان پەیوەنـدی و واسـیتەت  هەبێـت، یـان شـەش ملیـۆن تمـەن پـارەی ناقابیـل بـۆ کڕینـی شـتێک بـە نـاوی «ئینتەرنێـت پـرۆ»؛ بەرهەمێـک کـە لـە گۆشـت لوکسـترە و لـە خانووبـەرە دورەدەسـتر.
حکومـەت دەڵێـت ئـەم دۆخـە «کاتییـە». بێگومـان خەڵـک لـەوەش تێگەیشـتوون کـە لـە «سـەردەمی عەدلـی عەلیـدا» واتـە ئێرانـی ئیمـڕۆدا، هـەر شـتێک پێـی دەوترێـت کاتـی لـە چیمەنتـۆ هەمیشـەییتر و داکوتراوتـرە. فلتەرکردنـی کاتـی، سـنووردارکردنی کاتـی، پچڕانـی کاتـی... لـە ڕاسـتیدا ئـەوە تەنیـا مافـی خەڵکـە کـە بـۆ هەمیشـە کاتییـە.
وتەبێـژی حکومـەت بـە پێکەنینـەوە بـاس لـە «دەستڕاگەیشـتنێکی دادپەروەرانـە» دەکات؛ هـەر ئـەو سـاتەی کـە هەندێـک کـەس بـەدوای پەیامێکـی سـادەدا دەگەڕێـن بـۆ ئـەوەی بـە ئینتەرنێتێکـی کیسـەڵیەوە بیکەنـەوە و، گروپێکـی دیکـەش ڕاسـتەوخۆ و بەهێڵێکـی سـپی بـە ئینتەرنێتـی جیهانییـەوە گرێـدراون. بـە کـوردی و کورمانجـی  ئینتەرنێتیـش خزاوەتـە نـاو سیسـتەمێکی پۆلێنبەنـدی و جیـاکاری چینایەتیـەوە؛ چینـی خـوارەوە بـە فلتـەر شـکێن، چینـی ناوەڕاسـت بـە هێڵـی وێڵـی تـاوێ بـاش و تـاوێ خراپـەوە
کـورد گوتەنـی؛ «بەختیـان تاو تـاوە» و، چینـی خواپێداویش بەهرەمەنـد لـە نێعمەتـی تایبەتـی ئینترنتـی وی پی ئێن.
ئـەوەی زۆر سەرنجڕاکێشـە ئەوەیـە کـە دەسـەڵاتی بـە نـاو دادوەری لەنـاکاو بیـری کەوتوەتـەوە کـە ڕەنگـە عیداڵەتـی عەلـی خەوشـێکی تێکەوتبێ بـە ناوی «جیـاکاری دیجیتاڵ».
ئێسـتا دەسـەڵاتداران کۆبوونەتـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەوەی کـە ئایـا فرۆشـتنی ئینتەرنێتـی بێبەرامبـەر بـە چەنـد ملیـۆن تمەنـی نەگۆمـەو نەگبـەت، پێشـێلکارییە یـان تەنهـا جۆرێکـی نوێـی کارگێـری شۆڕشـگێڕانەیە؟
دەڵاڵەکانیـش لـە بـازاڕدا چـاڵاک بـوون، پێشـتر خانـوو و ئۆتۆمبێلیـان دەکـڕی و دەفرۆشـت، ئێسـتا بازرگانـی بـە ئینتەرنێتـی بـێ فلتـەرەوە دەکـەن.

بـەڵام خەڵـک زۆر بـاش لەوە تێگەیشـتوون کە مەسـەلەکە تەنهـا خێرایـی ئینتەرنێـت نییـە. کێشـەکە لەوەدایـە کـە مافێکـی گشـتی بـە شـێنەیی بـووە بـە ئیمتیازێکـی تایبـەت، وەکـوو هـەوای پـاک، خانووبـەرە، و هیـوا.
وە بـەم شـێوەیە لـە کۆمـاری ئیسـلامیدا هەندێکیـان هاووڵاتـی ئۆنلایـن و هەندێکیـان تەنهـا چـاو دەبڕنـە لاپـەڕەی لاودینـگ و کـەی دەکرێتـەوە؟
کورد گوتەنی دەبێ بە بزەیەکی تاڵەوە بڵێین:
«با گوڵە بێتەو لە کانی».

********

ماڵپەڕە حیزبیەکان:

**پەیام سایتی سیاسی هەواڵنێری**

www.payaam.net

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

www.cpiran.org

**کۆمەڵە:**

www.komalah.org

**تشکیلات خارج کشور**

www.k-kh.org